AUIS

American University of Iraq, Sulaimani
Dhia Jafar Center
for Energy & Natural Resources

# ئاسۆی وزەی عێراق



ئابی 2026 - بڵاوکراوەی ژمارە دوو

بڵاوکراوەیەکی وەرزییە

بڵاوکراوەیەکی ناوەندی ضیاء جعفرە بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان
لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS).

# دەربارەی بڵاوکراوەکە

ئاسۆی وزەی عێراق گۆڤارێکی وەرزییە و شیکاری سەربەخۆ و تایبەت بە سیاسەتی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات. توێژینەوەکانی لە بواری نەوت و غاز و کارەبا و وزەی نوێبووەوە بڵاودەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و پیشەسازییانەی کە کاریگەرییان لەسەر کۆی ڕەوتی گەشەپێدانی عێراق هەیە.
ئامانجی گۆڤارەکە ئەوەیە پرسە ئاڵۆزەکانی بواری وزە بە شێوەیەکی ڕوون و سادە بۆ هەمووان بخاتەڕوو، وەک پشتگیرییەک بۆ ئەو گفتوگۆیانەی لە بوارەکەدا ئەنجام دەدرێن لە لایەن بڕیاربەدەستانی سیاسەت و کەرتی وزە، توێژەران و هەموو ئەوانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن.

تیمی گۆڤارەکە

سەرنووسەر:
محەمەد حسێن

بەڕێوەبەری گشتی:
گوڵستان ئەمین

وەرگێڕان و پێداچوونەوە و داڕشتنەوە:
کوردی: چیا کەریم
ئینگلیزی: وینترۆپ ڕۆدجێرز
عەرەبی: خولود العامری

بەرپرسی بەڕێوەبردن - چاپی کوردی:
کەڤی عوسمان علی

دیزاین و بەرهەمهێنانی دیجیتاڵی:
سورکێو حەمەکریم عەزیز

لایەنی بڵاوکەرەوە:
ناوەندی ضیاء جعفر بۆ  وزە و سامانە سروشتییەکان

دەربارەی بڵاوکەرەوە:
ناوەندی ضیاء جعفر بۆ  وزە و سامانە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS) تایبەتە بە پێشخستنی توێژینەوە و گفتوگۆی سیاسی دەربارەی کەرتی وزەی عێراق و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکەدا.

# ناوەڕۆک

**لەم ژمارەیەدا** 5
**کەرتی کارەبای عێراق لە گێژاودا (هاری ئیستبانیان)** 6
بەرهەمهێنانی کارەبا لە بەردەم دووڕیانێکدا 7
کەرتی کارەبایەکی زۆر گران 8
زیانە تەکنیکی و ناتەکنیکییەکان 9
بەرزبوونەوەی خواست لەسەر کارەبا فشارەکانی سەر سیستەمەکە زیاتر دەکات 10
وابەستەیی بە غاز و ناسەقامگیری دابینکردنی سووتەمەنی 11
هاوردەکردنی غازی شلی سروشتی 14
دواکەوتنی پەیوەندیی کارەبا لەگەڵ تۆڕی GCCIA 15
پەیوەندییەکانی کارەبای عێراق و تورکیا ڕاگیرا 16
ئایا ئاو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت؟ 16
دەرئەنجام 17

**هەمەچەشنکردنی ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی عێراق: وانە ستراتیژییەکانی قەیرانی گەرووی هورمز 2026 (شوان جەمال عەزیز)** 18
شیکاری قەیرانێکی بونیادیی لە گەروویەکی ستراتیژدا 19
ڕێڕەوی باکوور: سەروەری، پەیماننامەکان و دوا وادەی مانگی 7ی 2026 21
جێگرەوەکانی بۆری ڕۆژئاوا: هەڵسەنگاندنەوە و گرژییە جیۆپۆڵەتیکییەکان 23
سیناریۆ ستراتیژییەکان بۆ جوگرافیای وزەی عێراق 25
پێشنیارە سیاسییەکان بۆ حکومەتەکەی زەیدی 26

**کات-کڕینەوە: چۆن بەغدا قەیرانە نەوتی و داراییەکەی عێراقی بەڕێوە بردووە ؟ (محمد حسين)** 28
هێشتا دوورین لە بووژاندنەوەی دوای قەیرانەکە 29
شۆکە داراییەکە: کاتێک کە داهاتە نەوتییەکانی عێراق داڕووخا 29
ستراتیجی داراییی بەغدا: کڕینی کات، نەک چارەسەرکردنی قەیران 31

**پەیوەندیی وزەی چین و عێراق: وەرچەرخانی ستراتیژیی عێراق بەرەو ڕۆژهەڵات (سەردار عزیز)** 33
پەیوەندی چین وعێراق: مێژوویەکی کورت 34
بەهێزکردنی پەیوەندییەکان 36
چۆن چین عێراق بەڕێوەدەبات 37
ئاسایشی وزەی چین بەرامبەر نائارامی عێراق (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) 39

**وزە بە زمانی ژمارە: تێچووی پاڵپشتییەکانی حکومەت بۆ وزە و بەرهەمە نەوتییەکان لە عێراق** 41
**پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا** 48
عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەهێزتر دەکات 48
هەڵمەتی دژ بە گەندەڵی گەیشتە کەرتی نەوتی عێراق 50
بەرنامەی نوێی کابینەی عێراق ئاماژە بە ئاراستەیەکی نوێی چاکسازیی لە کەرتی وزەدا دەدات 52
لە دوای گەرووی هورمز: هەوڵی عێراق بۆ پاراستنی داهاتە نەوتییەکانی 54

# لەم ژمارەیەدا

**دەستەی نووسەران**

کاتێک یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئاسۆی وزەی عێراق بڵاوکرایەوە، قەیرانی نەوت و دارایی عێراق چووبووە مانگی سێهەمیەوە، بەڵام هێشتا هیوایەکی کەم هەبوو بەوەی کە ئاگربەستی نێوان ئێران و ئەمریکا بەردەوام بێت و هاتووچۆی کەشتیە بازرگانییەکان لە گەرووی هورمزدا بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. ئێستا کە ژمارەی دووەم بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەیە (دوای سێ مانگ)، ئەو هیوایە زۆر بەکەمی هاتۆتەدی. چەندین جار گرژییەکانی ناوچەکە سەریانهەڵدایەوە و دامرکانەوە، هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی پچڕپچڕ دەستپێکردەوە، بەڵام هێشتا عێراق لە ژێر کاریگەریە ئابوورییەکانی ئەو شەڕەدایە و هیچ توانایەکیشی نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی.

هەربۆیە ئەم ژمارەیە دووبارە مامەڵە لەگەڵ زۆرێک لەو پرسانەدا دەکات کە لە ژمارەی پێشوودا خرابوونەڕوو، بەڵام ئەمجارە بە دیدگایەکی ڕوونترەوە. بە گشتی بابەتەکان ئەوە نیشان دەدەن کە چۆن گرژی و شەڕە هەرێمایەتییەکان و گرفتە بازرگانیە دەریاییەکان کاریگەریان لەسەر کەرتی نەوت، دارایی گشتی، کارەبا و دیپلۆماسیی وزەی عێراق هەبووە. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر ڕوونە ئەوەیە کە ئابووریەک کە پشت بە یەک کاڵا و یەک ڕێڕەوی هەناردەکردن دەبەستێت، تا چەند لە بەرامبەر شۆک و ئاڵۆزیە دەرەکییەکاندا لاوازە و ئاسانە بۆ پێکان.

لە بابەتی "کەرتی کارەبای عێراق لە گێژاودا"، هاری ئیستبانیان باس لەو فشارانە دەکات کە بەیەکەوە لە ئێستادا کاریگەری لەسەر سیستەمی کارەبای عێراق دادەنێن، لە کاتێکدا ئەم کەرتە خۆی پێشتر لە ژێر فشارێکی قورسدا بووە. کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی غازی هاوەڵ، لە هەمان کاتدا هەناردەکردنی غاز لە ئێران و پەیوەندیە هەرێمییەکان ناسەقامگیرتر بوون. هەموو ئەمانە لەگەڵ گرفتەکانی تری وەک کۆنی ژێرخانی کارەباکە، زیانە زۆرەکانی تۆڕەکانی دابەشکردن، لاوازیی سیستەمی کۆکردنەوەی پارەی کارەبا و ئینجا بەردەوامبی زیادبوونی خواست بۆ کارەبا پێکەوە فشارەکانیان لەسەر کەرتەکە قورستر کردووە. ئیستبانیان پێی وایە چارەسەری ئەم قەیرانە تەنیا لە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی کارەبادا نییە بەڵکو پێویستە کارایی سیستەم زیاد بکرێت، دڵنیایی دابینکردنی سووتەمەنی بەهێز بکرێت، زیانەکانی تۆڕ کەم بکرێنەوە و چاکسازیی بنەڕەتی لە شێوازی بەڕێوەبردنی کەرتەکەدا ئەنجام بدرێت.

شوان جەمال عەزیز، بابۆ بەهمەن جەمال و موستەفا ئەحمەد یوسف لە بابەتی "هەمەچەشنکردنی ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق"دا، جۆراوجۆری ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی تورکیا، ئوردن، سووریا و سعودیە هەڵدەسەنگێنن. ئەوان بەڵگە دەهێننەوە کە هەمەچەشنکردنی ڕێڕەوەکانی هەناردەکردن لە دۆخی ئێستادا تەنیا بژاردەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو بۆتە بەشێک لە ستراتیژیی ئاسایشی نیشتیمانی. لە هەمان کاتدا، بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدەن کە تەنیا دروستکردنی بۆریی نەوت ناتوانێت خۆڕاگریی بۆ سیستەمی هەناردەکردن دروست بکات. بەڵکو پێویستی بە ئاسایشی بەردەوام، دابینکردنی دارایی، ڕێککەوتنی سیاسیی و دامەزراوەی کارا هەیە کە بتوانێت ئەم هەوڵانە بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ بەڕێوە ببات.

محەمەد حسێن لە بابەتی "کرینی کات"دا سەیری ئەوە دەکات کە چۆن بەغدا، سەرەڕای دارمانی داهاتی نەوت، توانیویەتی بەردەوام بێت لە دابینکردنی مووچە و خانەنشینی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان. قەرزی ناوخۆیی، بەکارهێنانی بۆندی گەنجینە، دواخستنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، دووبارە دابەشکردنەوەی خەرجییەکان و دواخستنی هەندێک پارەدان، هەموویان ڕۆڵیان بینیوە لە کەمکردنەوەی فشارە داراییەکان و ڕێگریکردن لە قەیرانێک لە ئێستادا. بەڵام ئەم ئامرازانە چارەسەری کاتیین، نەک بنەڕەتی - حکومەت تەنیا هەندێک کاتی بۆ خۆی کڕیوە، بەبێ ئەوەی کێشە بنەڕەتییەکان چارەسەر بکات.

لە بابەتی "پەیوەندیی وزەی چین و عێراق"، سەردار عەزیز فراوانبوونی ڕۆڵی چین لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت، خزمەتگوزارییەکانی کێڵگە نەوتییەکان، کارەبا، ژێرخان و بازرگانی دەخاتەڕوو. ئەم پەیوەندییە یەک لایەنە هەلی وەبەرهێنان، تەکنەلۆژیا و شارەزایی تەکنیکی بۆ عێراق دابین دەکات. لە لایەکی دیکەوە، دەتوانێت جۆرێک لە وابەستەیی نایەکسان دروست بکات، بە شێوەیەک کە لە داهاتوودا عێراق زیاتر پێویستی بە چین بێت وەک لەوەی چین پێویستی بە عێراق بێت.

بەشی "وزە بە زمانی ژمارە" تیشک دەخاتە سەر تێچوونە دارایی و ژینگەییەکانی پاڵپشتییەکانی نرخی وزە و بەرهەمە نەوتییەکان لە عێراق. هێڵکاری و داتاکانی ئەم بەشە نیشانی دەدات کە نرخە نزم و پشتگیریکراوەکانی حکومەت بۆ وزە بارێکی قورس لەسەر دارایی گشتی دروست دەکەن؛ لە هەمان کاتدا، بەکارهێنانی ناکارای وزەی پاڵپشتیکراو دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و بەفیڕۆدانی سامانەکانیی وڵات.

لە کۆتایی ئەم ژمارەیەدا، بەشی "پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا" چوار بابەتی سەرەکی دەخاتە ڕوو لەوانە سەرلەنوێ گەڕانەوەی وەبەرهێنانی ئەمریکی بۆ کەرتی وزەی عێراق، فراوانبوونی هەڵمەتی دژ بە گەندەڵی کە بەرپرسانی پلەبەرزی کەرتی نەوتی کردۆتە ئامانج، کارە لە پێشینەییەکانی بەرنامەی حکومەتی نوێی فیدراڵی عێراق لە بواری وزە ئینجا هەوڵەکانی عێراق بۆ هەمەچەشنکردنی ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی تورکیا و سووریاوە.

# کەرتی کارەبای عێراق لە گێژاودا



**هاری ئیستپانیان**
دامەزرێنەری سەنتەری گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق (+IC3) و شارەزایەکی سەربەخۆیە لە سیاسەتەکانی وزە و ئاو.

قەیرانی کەرتی کارەبای عێراق هەموو هاوینێک سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام لەوانەیە هاوینی 2026 لە هەموو ساڵەکانی دیکە قورستر بێت. پێشبینی دەکرێت لوتکەی خواست لەسەر کارەبا لە 55 گێگاوات تێپەڕێت، لەکاتێکدا ئەو بڕەی خراوەتە ڕوو هەر لە خوار 20 گێگاوات دەمێنێتەوە. ئەمە کەمترە لە نیوەی بڕی پێویست، کەواتە لایەنی کەم 35 گێگاوات کورتهێنانمان دەبێت.[1]

چەندین ئاڵنگاریی جیاواز لە یەک کاتدا سەریانهەڵداوە کە دەبنە هۆی دروستکردنی قەیرانێکی سەختتر بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو. هەڵکشانی زۆری خواست، کەمبوونەوەی دابینکردنی غاز لە لایەن ئێرانەوە، دواکەوتنی پرۆژە ژێرخانییەکان، کەمبوونەوەی بڕی بەردەستی غازی سروشتی و لاوازییە بونیادییە بەردەوامەکانی کەرتەکە پێکەوە دۆخێکی زۆر ناجێگیریان دروست کردووە بۆ کەرتی کارەبای عێراق.

حکومەتی فیدراڵی دەیویست تا ساڵی 2026 ، لە ڕێگەی پلانی «ستراتیژی»ەوە، کێشەکانی دابینکردنی کارەبا چارەسەر بکات.[2] ئەوەش لە ڕێگەی فراوانکردنی ژێرخانی هاوردەکردنی غازی شلی سروشتی (LNG)، تەواوکردنی پەیوەندی تۆڕەکانی کارەبا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و هەروەها دابینکردنی سووتەمەنی بە شێوازێکی بەردەوام و جێگیر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. بەڵام زۆرێک لەو چارەسەرانە دواکەوتوون یان پەکیان کەوتووە وعێراقیش هێشتا وابەستەی هاوردەی غازی ئێرانە. قەیرانی کارەبای عێراق لە ساڵی 2026دا چیتر تەنها کێشەی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو قەیرانی ئاسایشی سووتەمەنی و کارایی سیستەمەکان و حوکمڕانییە.



کارەباچییەکی عێراقی کە لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای حکومەت لە بەغدا کاردەکات.
سەرچاوەی وێنە: بەشی ڕاگەیاندن، وەزارەتی کارەبای عێراق.

# بەرهەمهێنانی کارەبا لە بەردەم دووڕیانێکدا

لە دوای ساڵی 2003ەوە، توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. وەزارەتی کارەبا لە ئێستادا نزیکەی251 تۆربایینی غاز و تێکەڵ (gas and combined cycle turbines) بەڕێوەدەبات کە توانای بەرهەمهێنانیان نزیکەی 21 گێگاواتە. بەڵام، تەنها نزیکەی 45٪ ی ئەم یەکانە بە غازی سروشتی کار دەکەن، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە پشتدەبەستن بە نەوتی خاو، نەوتە ڕەشە، یان غاز.

توانای کارکردنی یەکەکانی کارەبا هێشتا سنووردارە، بە جۆرێک، وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەی پێدەکرێت، نزیکەی 30٪ کۆی یەکەکان بەهۆی کێشەی تەکنیکی، کەمی پێداویستییەکانی چاککردنەوە، یان کەمی سووتەمەنی، لە کار کەوتوون. بەپێی هەندێک خەمڵاندنی پسپۆڕانی تەکنیکی وەک ئەوەی لە خشتەی یەکەمدا دەردەکەوێت، بەرزترین ئاستی بەرهەمی تۆمارکراو لە تۆربایینەکاندا بۆ نزیکەی 17 گێگاوات سنووردار کراوە، کە ئەمەش تەنها نزیکەی ٪80ی توانای بەرهەمهێنانیانە.

## ناتەبایی پێکهاتەیی نێوان توانای دامەزراوی بەرهەمهێنانی کارەبای عێراق و بەردەستبوونی سووتەمەنی گونجاو هێشتا یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگەکانی وزە کە ڕووبەڕووی وڵاتەکە دەبێتەوە.

ئەگەر هەموو یەکە غازی و تێکەڵاوەکان لە عێراق بە غازی سروشتی کار بکەن، هێشتا پێویستیان بە نزیکەی137 ملیۆن مەتر سێجا غاز دەبێت لە ڕۆژێکدا،کە هاوتای نزیکەی 48 مليار مەتر سێجایە لە ساڵێکدا. بەڵام بڕی غازی دابینکراوی ئێستا زۆر کەمترە لەو بڕە.

بەپێی ئامارەکانی کەرتی وزە، دابینکردنی غاز لە ناوخۆدا بۆ وێستگەکانی کارەبا تەنیا نزیکەی 31.5 ملیۆن مەتر سێجایە لە ڕۆژێکدا. لەم بڕە، لە ساڵی 2025، نزیکەی 24 ملیۆن مەتر سێجای لە ڕۆژێکدا لە ئێرانەوە هاوردە کراوە، کە نزیکەی 2.8 مليار دۆلار تێچووی ساڵانەیەتی. تەنیا 7.5 ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا لە ناوخۆی عێراق بەرهەم دێت.

ئەم سەرچاوانە پێکەوە نزیکەی 11.5 مليار مەتر سێجا غاز لە ساڵێکدا دابین دەکەن، لە کاتێکدا پێویستی خەمڵێنراو بۆ کارپێکردنی تەواوی وێستگە غازییەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا نزیکەی 48 مليار مەتر سێجایە. ئەمەش واتای کورتهێنانی دابینکردنی غازە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە ڕێژەی%75، هاوکات تیشک دەخاتە سەر ئەو کەلێنە گەورە بونیادییەی کە هەیە لە نێوان توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق و بڕی بەردەستی سووتەمەنی گونجاو.

خشتەی 1: توانای بەرهەمهێنانی کارەبا و بڕی بەرهەمهاتوو لە عێراق بەپێی جۆری سووتەمەنی، چارەکی سێیەمی 2025

| جۆری سووتەمەنی | توانای پلان بۆدانراو (مێگاوات) | توانای بەردەست (مێگاوات) | بەرهەمی ئێستا (مێگاوات) | ڕێژەی بەرهەمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| غازی سروشتی | 14,306 | 11,479 | 8,239 | 48% |
| گاز | 3,080 | 2,315 | 2,020 | 12% |
| نەوتە ڕەشە | 2,442 | 1,700 | 1,538 | 9% |
| نەوتی خاو | 3,210 | 2,230 | 2,078 | 12% |
| یەکە تێکەڵەکان | 4,025 | 3,650 | 3,223 | 19% |
| کۆی گشتی | 27,063 | 21,374 | 17,098 | 100% |

سەرچاوە: لەلایەن نووسەرەوە ئامادەکراوە، بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەت، بڵاوکراوەی فەرمی کۆمپانیاکان، و ڕاپۆرتە پیشەسازییە بەردەستەکان.

# کەرتی کارەبایەکی زۆر گران

بڕی بودجەی ساڵانەی وەزارەتی کارەبای عێراق لە نێوان ساڵانی2023-2025 نزیکەی 15.5 تریلیۆن دیناری عێراقی بوو.[3] لەو بڕە 11.6 تریلیۆن دینار بۆ خەرجییە کارگێڕییەکان و 3.9 تریلیۆن دینار بۆ وەبەرهێنان و پرۆژەکان تەرخان کرا[4]. لە ساڵی 2024دا، نرخی کارەبای فرۆشراو لەلایەن حکومەتی عێراق نزیکەی 3 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام تەنیا 2.3 تریلیۆن دینار کۆکراوەتەوە. هاوکات قەرزی کەڵەکەبووی کارەبا بە نزیکەی 9.9 تریلیۆن دینار خەملێنراوە.

لە ئەنجامدا، کەرتی کارەبا لە ساڵی 2024’دا بە نزیکەی 13.2 تریلیۆن دینار زەرەری کردووە. ،بەپێی نرخەکانی بازاڕی جیهانی، زیانەکە (بەدەر لە تێچووی سووتەمەنی و سوودی قەرزە وەرگیراوەکان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بانکەکانی وەبەرهێنان)، بە نزیکەی 16-18 تریلیۆن دینار مەزەندە دەکرێت، وەک لە خشتەی 2 نیشاندراوە.

خشتەی 2: بڕی بەکارهێنانی سووتەمەنی، نرخەکانی بازاڕ و بەهای خەملێنراوی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ساڵی 2024

| جۆری سووتەمەنی | بڕی بەکارهێنان لە 2024 (م$^{3}$) | نرخی نزیکەی بازاڕ (دۆلار/م سێجا)[5] | بەهای خەملێنراو (ملیۆن دۆلار) |
|---|---|---|---|
| نەوتی خاو | 10,801,364 | 503 | 5,430 |
| نەوتە ڕەشە | 3,908,787 | 377 | 1,470 |
| گاز | 1,174,000 | 754 | 900 |
| گازۆیل | 267,360 | 691 | 185 |
| غازی سروشتی | 19,507,353,020 | 0.177 | 3,450 |
| سووتەمەنی تێکەڵ (خاو + ڕەش) | 2,302,054 | 440 | 1,010 |
| **کۆی گشتی** | | | **12,445** |

سەرچاوە: لەلایەن نووسەرەوە ئامادەکراوە، بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەت، بڵاوکراوەی فەرمی کۆمپانیاکان، و ڕاپۆرتە پیشەسازییە گشتییە بەردەستەکان

هۆکارەکانی وەک کەمی کارامەیی و توانای بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زۆری سووتەمەنی لە وێستگە کۆنەکاندا، دەبنە هۆی زیادکردنی بڕی تێچووەکان. لە ساڵی 2024’دا، کۆی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراقدا ڕێژەی گەرمی (Heat Rate) نزیکەی 10,000 کیلۆجوڵ بۆ هەر کیلۆوات\کاتژمێرێک تۆمار کردووە، کە هاوتایە لەگەڵ کارامەیی نزیکەی%36 ئەمە نیشانەی بەردەوامبوونی پشتبەستنە بە وێستگە کۆنەکان و تۆربانیە غازییەکان و وێستگەکانی غاز و هەروەها کواڵێتییە سنووردارەکانی سووتەمەنی و خراپی بارودۆخی کارکردنی یەکەکان.

بۆیە، بەربەستی سەرەکی کەرتی کارەبا تەنیا زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان نییە، بە تایبەت ئەگەر زیادکردنی توانای نوێ ببێتە هۆی زیادبوونی داواکاری بۆ سووتەمەنی. وەک لە خشتەی 3دا دیارە، کۆی کارامەیی سیستەمی کارەبا لە عێراق لە خوار پێوانە و ئاستە نێودەوڵەتییەکانەوەیە. لەبەر ئەوە، پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی سیستەمەکە و کەمکردنەوەی ڕێژەی گەرمی و باشتر بەکارهێنانی کەرسەتە بەردەستەکانی ئێستا.

خشتەی 3: هەڵسەنگاندنی کارامەیی یەکەکانی کارەبای عێراق بەپێی تەکنەلۆژیا، 2024

| تەکنەلۆژیا | ڕێژەی گەرمی | کارامەیی (%) | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|
| یەکەی هەڵم | 10,374 | 35% | ئاستی مامناوەند بۆ لاواز؛ یەکە کۆنەکانی هەڵم هێشتا سووتەمەنییەکی زۆر بەکاردەهێنن. |
| یەکەی گاز | 10,250 | 35% | کاراییەکی کەم و تێچوویەکی زۆر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای زۆر. |
| یەکەی غاز | 9,946 | 36% | کەمێک باشترە، بەڵام هێشتا بەراورد بە یەکە تێکەڵاوە نوێیەکان کارامەییەکی نزمی هەیە. |
| سیستەمەکە بە گشتی | 10,048 | 36% | کارامەییەکەی بە گشتی لە ئاستە نێودەوڵەتییەکان کەمترە. |

سەرچاوە: لەلایەن نووسەرەوە ئامادەکراوە، بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەت، بڵاوکراوەی فەرمیی کۆمپانیاکان، و ڕاپۆرتە پیشەسازییە گشتییە بەردەستەکان.

# زیانە تەکنیکی و ناتەکنیکییەکان

زیانە تەکنیکی و ناتەکنیکییەکان لە تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبادا گەورەترین ئاڵنگارییە بونیادییەکانی ئەم کەرتەن.[6] لە هەر هەنگاو و هەوڵێکدا بۆ چاکسازی، پێویستە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە وەک یەکێک لە ئەرکە لە پێشینە و سەرەکییەکانی چاکسازی سەیر بکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێکارەی گرتۆتەبەر لە ڕێگەی پرۆژەی ڕووناکی، کە تیایدا چاکسازی کراوە لە دابەشکردنی تۆڕەکان و بەکارهێنانی پێوەری زیرەک و چارەسەرکردنی کێشەی کۆکردنەوەی داهات و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە مۆلیدە تایبەتەکانی ناو گەڕەکەکان. پرۆژەی ڕووناکی، بەهۆی ئەم ڕێکارانەوە، توانیویەتی تا ئێستا کارەبای 24 کاتژمێری بۆ ئەو ناوچانە دابین بکات کە بەشێکن لە تۆڕی پرۆژەکە.

لە ساڵی 2024’دا، کۆی گشتی کارەبای بەرهەمهێنراو نزیکەی 166 تێراوات بوو بۆکاتژمێرێک. دوای هەژمارکردنی زیانەکانی بەرهەمهێنان کە نزیکەی 4 تێراوات بوو بۆ کاتژمێرێک و زیانەکانی گواستنەوە کە 12 تێراوات بوو بۆ کاتژمێرێک، ئەو بڕە کارەبایەی گەیشتووەتە سیستەمی دابەشکردن کەم بووەتەوە بۆ نزیکەی 149 تێراوات بۆ کاتژمێرێک. لەم بڕە، تەنیا نزیکەی 67 تێراوات بۆ کاتژمێرێک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنەوە بە بەکارهێنەران فرۆشراوە، لە کاتێکدا نزیکەی 82 تێراوات بۆ کاتژمێرێک لە ئاستی دابەشکردندا لەدەست چووە.

وەرگێڕانی ناو هێڵکارییەکە (لە ڕاستەوە بۆ چەپ): کۆتا بڕی وزەی فرۆشراو بە بەکارهێنەران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنەوە (ئەوەی ناو بۆکسەکە: زیانە تەکنیکی و ناتەکنیکییەکان)، بڕی لەدەستچوو بەهۆی دابەشکردنەوە، بڕی لەدەستچوو بەهۆی گواستنەوەوە، بڕی لەدەستچوو بەهۆی بەرهەمهێنانەوە، کۆی وزەی بەرهەمهاتوو). لە دەستە چەپ: تێراوات لە کاتژمێرێکدا

ئامارەکانی هێڵکاری 1 پیشانی دەدەن کە زیانەکانی تۆڕی دابەشکردن بە تەنها نزیکەی نیوەی کۆی کارەبای بەرهەمهاتوو و زیاتر لە 55%ی کارەبای نێردراو بۆ تۆڕی دابەشکردن پێکدێنێت. بۆیە، چارەسەرکردنی ئەم زیانانە بە ئەندازەی زیادکردنی توانای نوێی بەرهەمهێنانی کارەبا گرنگن.

**نزیکەی نیوەی ئەو کارەبای لە عێراقدا بەرهەم دەهێنرێت لە پرۆسەی دابەشکردندا بە فیڕۆ دەڕوات**

هێڵکاری 1: زیانەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا لە عێراق، ساڵی 2024




سەرچاوە: هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن لەلایەن نووسەری بابەت

# بەرزبوونەوەی خواست لەسەر کارەبا فشارەکانی سەر سیستەمەکە زیاتر دەکات

پێشبینی دەکرێت خواست لەسەر کارەبا لە عێراق بە خێرایی و بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بێت، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و شارنشینی و و فراوانبوونی چالاکییە ئابوورییەکان.[7] بەگوێرەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە (IEA)، عێراق تا ساڵی 2030 پێویستی بە توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی 68 گێگاوات کارەبا دەبێت، ئەمەش بەندە بە ڕێڕەوی گەشەی ئابووری و چاکسازییەکانی ئەم کەرتە.[8]
لە هەمان کاتدا، خودی چاکسازییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر گەشەی داهاتووی خواست لەسەر کارەبا هەبێت. دانانی سیستەمی باشتر بۆ پسوڵە و کۆکردنەوەی پارەی کارەبا، چاکسازیی لە باج، بەڕێوەبردنی داواکاری و کەمکردنەوەی دزینی کارەبا دەتوانن کارامەیی زیاد بکەن و بەکارهێنانی کارەبا لە داهاتوودا کەمتر بکەنەوە.

هەروەها، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر کارەبا بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرە ساردکەرەوەکان، وەک لە هێڵکاری 3 نیشان دراوە. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خواست لەسەر بەکارهێنانی ئامێر و سیستەمە ساردکەرەوەکان زیاد دەکات لەلایەن ماڵان و یەکە بازرگانییەکان و دامەزراوە گشتییەکان، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەکارهێنانی ئاستی بنەڕەتی کارەبا و بەرزبوونەوەیەکی زیاتری خواست لە وەرزی هاویندا. هەروەها، پێشبینی دەکرێت گۆڕانی کەشوهەوا ببێتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەپۆلی گەرمای درێژخایەن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە هاویندا.[9]

هێڵکاری 2: خەمڵاندنی لوتکەی خواست لەسەر کارەبا لە عێراق، 2010-2040




سەرچاوە: هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن لەلایەن نووسەری بابەت

هێڵکاری 3: تێکرای پلەی گەرمای هەوای سەر زەوی بەپێی بارودۆخی بنەڕەتی (پێش ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی کەش وهەوا).




سەرچاوە: هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن لەلایەن نووسەری بابەت

# وابەستەیی بە غاز و ناسەقامگیری دابینکردنی سووتەمەنی

خواست لەسەر غازی سروشتی، کە بەشی زۆری بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردێت، لە 6.8 ملیار مەتر سێجا لە ساڵی 2015ەوە بۆ 23 ملیار مەتر سێجا لە ساڵی 2025دا بەرزبووەتەوە. غازی هاوردەکراو لە ئێران هێشتا یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دابینکردنی ئەم خواستە و زیاتر لە 40%ی سووتەمەنی بەکارهاتوو لە کەرتی بەرهەمهێنانی کارەبای عێراق دابین دەکات. بەڵام، متمانەی ئەم سەرچاوەیەش لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە. دوای ئەوەی هاوردەی غازی ئێران لە ساڵی 2023 گەیشتە نزیکەی 10 ملیار مەتر سێجا، لە ساڵی 2025دا بڕی ئەم دابینکردنە دابەزی، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە زیادبوونی خواستی ناوخۆیی لە ئێران، دووبارە وەستانی دابینکردن و سنووردارابوونی شێوازەکانی پارەدان بەهۆی سزاکانی ئەمریکا لەسەر مامەڵە داراییەکانی ئێران.[10]

لە مانگی 3ی 2026دا، هاوردەکردنی غازی ئێران بۆ عێراق بە تەواوی وەستا، کە بووە هۆی لەدەستدانی زیاتر لە 3,000 مێگاوات لە توانای بەرهەمهێنانی کارەبا. هەرچەندە دوای ماوەیەکی کورت دابینکردنی غاز بە شێوەیەکی سنووردار دەستی پێکردەوە، بەڵام ئاستی دابینکردن هێشتا تەنها نزیکەی 5 ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا بوو، لە بەرامبەر ئاستی پێشووی نزیکەی 35 ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا.[11]

لە مانگی 4 ی 2026، وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند کە دابینکردنی غازی ئێرانی بۆ پارێزگاکانی باشوور بە تەواوی وەستێنراوە، لە کاتێکدا گواستنەوەی غاز بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستیش بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بۆوە. ئەم کێشانە وەزارەتی کارەبای ناچار کرد پشت بە سووتەمەنی جێگرەوە ببەستێت، بۆ ئەوەی هەندێک لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای پشتبەستوو بە غاز بەردەوام بن.[12]

هێشتا ڕوون نییە کە چاکسازی و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئێران دوای جەنگ چ کاریگەرییەکی لەسەر دابینکردنی غاز دەبێت. هاوکات، ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی دەدات کە دۆخی بازاڕی ناوخۆیی ئێران هەمیشە کاریگەریی لەسەر دابینکردنی غاز و کارەبای هەناردەکراو بۆ عێراق هەبووە.

**تا ئێستاش گازی ئێران وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دابینکردنی خواستی وزەی عێراق ماوەتەوە و زیاتر لە ٤٠٪ی ئەو سووتەمەنییە کە لە بەرهەمهێنانی کارەبای وڵاتدا بەکاردەهێنرێت.**

*لەسەر ئەو گریمانەیە داندراوە کە بەرزبوونەوەی ئاستی دانیشتوان و گەشەی ئابووری و دەردانی غازە زیانبەخشەکان بە ئاستێکی مامناوەند دەبێت و تەریب دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بە ئاستێکی مامناوەند.

هێڵکاری 4 : هەناردەی غازی ئێران بۆ عێراق2017-2025




سەرچاوە: هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن لەلایەن نووسەری بابەت

هەروەها چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنانی غاز لە ناوخۆی عێراق کەم ببێتەوە، بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم، بەردەوامبوونی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان، و دووەم، ئەگەری داخستنی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز. لە مانگی 3ی 2026، سنووردارکردنی هاتووچۆی کەشتی لەو گەرووە، هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراقی سنووردار کرد و فشارێکی گەورەی خستە سەر توانای عەمبارکردنی نەوت[13]. لە وەڵامی ئەم دۆخەدا، عێراق هەڵوەشاندنەوەی پابەندییەکانی گرێبەستی بۆ کێڵگە نەوتییە بیانییەکان ڕاگەیاند و بەرهەمهێنانی نەوتی لە باشووری وڵات کەم کردەوە. لە هەمان کاتدا، ئەو بڕەی بەردەست بوو، تا ئەو شوێنەی توانرا، ئاراستەی پاڵاوگە ناوخۆییەکان کرایەوە. لەبەر ئەوەی بەشێکی گەورەی غازی عێراق لە کێڵگە نەوتییەکانەوە وەک غازی هاوەڵ بەرهەم دەهێنرێت، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت هەروەها بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەردەستبوونی غازی ناوخۆیی.

هەر لە مانگی 4ی 2026، وەزارەتی کارەبای فیدراڵی ڕایگەیاند کە بەرهەمهێنانی غازی ناوخۆیی بە ڕێژەی زیاتر لە 50% دابەزیوە[14].

ئەمەش دوو کاریگەریی سەرەکی هەیە: یەکەم، کەمبوونەوەی داهاتی هەناردەکردنی نەوت؛ دووەم، کەمبوونەوەی سەرچاوەی غاز بۆ دامەزراوەکانی گرتنەوەی غازی هاوەڵ و پرۆسێسکردن و بەرهەمهێنانی کارەبا، هەروەها کەمبوونەوە و سنووردداربوونی ئەو سووتەمەنییەی بۆ کەرتی کارەبا بەردەست بوو.[15]

## کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بە واتای کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی غاز و سوتەمەنی بەردەستەبۆ بەرهەم هێنانی کارەبا.

سەرەڕای چەندین ڕێککەوتن و پرۆژە بۆ کۆکردنەوە و پرۆسێسکردنی غازی هاوەڵ[16]، عێراق هێشتا یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی جیهان بۆ غازی هاوەڵ. لە ئێستادا چەندین دەستپێشخەری و پرۆژە لە ئارادایە بۆ کەمکردنەوەی غازی هاوەڵ و زیادکردنی بەدەستهێنانی غازی ناوخۆیی، لەوانە پرۆژەکانی کۆمپانیای غازی بەسرە (BGC)، پرۆژەی گەشەپێدانی یەکگرتووی غاز (Gas Growth Integrated Project - GGIP) ی TotalEnergies، پرۆژەکانی پەیوەندیدار بە بەیکەر هیوس (Baker Hughes) بۆ کۆکردنەوە و بەکارهێنانەوەی غازی هاوەڵ ، هەروەها پرۆژە تایبەتەکانی کێڵگەکانی حەلفایا، نەهر بن عومەر، غەراف، ناصریە و فەیحاء.[17]

بەڵام، ئامانجی کۆتاییهێنان بە غازی هاوەڵ تا ساڵی2028 ئاڵۆز و قورس دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەبەر زۆری ئەو بڕە غازی هاوەڵەی لە ئێستادا هەیە، بەردەوامبوونی ڕەوتی ئەم دیاردەیە، و هەروەها کێشەکانی ژێرخان، دابینکردنی دارایی و توانای جێبەجێکردن کە کەرتی وزەی عێراق ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

خشتەی 4: پرۆژە سەرەکییەکانی کۆکردنەوە و بەکارهێنانەوەی غاز و کەمکردنەوەی غازی هاوەڵ لە عێراق

| پرۆژە / ڕێککەوتننامە | لایەنەکان | ئاست / توانا |
| --- | --- | --- |
| کۆمپانیای غازی بەسرە (BGC) | کۆمپانیای غازی باشوور، shell، Mitsubishi | غازی هاوەڵ لە کێڵگە نەوتییەکانی باشوورەوە وەردەگرێت و پرۆسێسی دەکات، ئامرازێکی سەرەکی و درێژخایەنە بۆ کەمکردنەوەی غازی هاوەڵ. |
| دارایی دابینکراو لەلایەن IFC بۆ BGC | (IFC) / کۆمپانیای غازی بەسرە | قەرزی 360 ملیۆن دۆلاری لە ساڵی 2021 و ڕێککەوتننامەی وەبەرهێنانی 500 ملیۆن دۆلاری لە ساڵی 2025 بۆ فراوانکردنی پرۆسێسکردنی غازی هاوەڵ و کەمکردنەوەی.[18] |
| پرۆژەی گەشەپێدانی یەکگرتووی غاز (GGIP) | عێراق، TotalEnergies، QatarEnergy، کۆمپانیای نەوتی بەسرە | وێستگەیەکی پرۆسێسکردنی غاز بە بڕی 17 ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا لەخۆدەگرێت بۆ وەرگرتنەوەی غازی سووتاو لە کێڵگەکانی باشوور، لەوانە ڕەتاوی/عەرتاوی، مەجنوون و قورنەی ڕۆژئاوا 2. [19] |
| پرۆژەی سەرەتایی غازی ArtawiGas25 / Ratawi | TotalEnergies / عێراق | یەکەیەکی مۆدیولاری بۆ پرۆسێسکردنی 1.42 ملیۆن مەتر سێجا غازی هاوەڵ  لە ڕۆژێکدا لە ڕەتاوی/ئەرتاوی کە پێشتر دەسووتێنرا. |
| ڕێککەوتننامەی Siemens Energy بۆ غازی هاوەڵ | عێراق / Siemens Energy | ڕێککەوتننامە بۆ گۆڕینی غازی سووتێنراو بۆ سووتەمەنی بەرهەمهێنانی کارەبا؛ ئامانجی ڕاپۆرتکراو 3.4 ملیۆن مەتر سێجایە لە ڕۆژێکدا بۆ ماوەی شەش مانگدا، بەگشتی لەگەڵ 3.4ملیۆن مەتر سێجای دیکە لە ماوەی ساڵێکدا. |
| یاداشتی ڕێککەوتنی نێوان Siemens Energy و SLB | عێراق، Siemens Energy، SLB | یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بۆ وەبەرهێنان لە وەستاندنی غازی هاوەڵ و گۆڕینی غاز بۆ سووتەمەنی کەرتی کارەبا. |
| پرۆژەی   حەلفایە | کۆمپانیای غازی حەلفایا / Baker Hughes و هاوبەشەکان | پرۆژەی کەمکردنەوەی غازی هاوەڵ لە شاری میسان؛ توانای ڕاگەیەندراو نزیکەی 8.5 ملیۆن مەتر سێجایە لە ڕۆژێکدا. بەیکەر هیوز لە ساڵی 2024 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و لە ساڵی 2025 ڕێککەوتنێکی دیکەی واژۆ کرد. |
| پرۆژەی غازی نەهری بن عومەر | عێراق / جێبەجێکارانی پەیوەندیدار بە PetroChina / پەیوەندی لەگەڵ BGC | پرۆژەی وەرگرتنی غازی هاوەڵ لە نەهر بن عومەر؛ توانای راگەیەندراو نزیکەی 8.5 ملیۆن مەتر سێجایە لە ڕۆژێکدا. بۆرییەکی خێرا لە ساڵی 2026 غاز دەنێرێت بۆ کۆمەڵگەی BNGL ی BGC. |
| پرۆژەی غازی غەراف و ناسریە | عێراق / Baker Hughes | پرۆژەی بەکارهێنانی غازی هاوەڵ بە نزیکەی 5.6 ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا. |
| پرۆژەی غازی کێڵگەی فەیحا | عێراق / بەڕێوەبەرانی مەیدانیی | توانای پرۆژەی غازی ڕاگەیندراو نزیکەی 3.7 ملیۆن مەتر سێجایە لە ڕۆژێکدا. |

سەرچاوە: لەلایەن نووسەرەوە ئامادەکراوە، بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەت، بڵاوکراوەی فەرمیی کۆمپانیاکان، و ڕاپۆرتە پیشەسازییە گشتییە بەردەستەکان.

کێڵگەی کۆرمور، لەگەڵ ئەو غازەی کە لە کێڵگەکانی خورمەڵە و سەر قەڵا دەرهێنراوە، ساڵانە نزیکەی 7.2 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی بەرهەم دەهێنێت. لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەم بڕە غازە بەسە بۆ سووتەمەنی نزیکەی 5 گێگاوات توانای بەرهەمهێنانی کارەبا بە سیستەمی خولی تێکەڵاو (Com-bined-Cycle)، کە بە شێوەی بەردەوام کار بکات، یان نزیکەی 2-2.5 گێگاوات توانای دامەزراوەیی کارەبا لە ژێر مەرجە ئاساییەکانی کارکردنی سیستەمی کارەبای عێراق.[20] چاوەڕوان دەکرێت تا ساڵی 2030، بەرهەمهێنانی ناوخۆی غازی عێراق بگاتە نزیکەی 24 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا. بەڵام، تەنانەت ئەگەر هەموو پرۆژە پلاندانراوەکانی غاز بە تەواوی جێبەجێ بکرێن، بەرهەمهێنانی ناوخۆیی هێشتا تەنیا نزیکەی نیوەی پێداویستییە خەملێنراوەکانی سووتەمەنی بۆ کەرتی کارەبا دابین دەکات. ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە لە عێراقدا کەلێنێکی بەردەوام هەیە لەنێوان گەشەی توانای بەرهەمهێنانی کارەبای پشتبەستوو بە غاز و بڕی غازی بەردەست لە ناوخۆدا.

هێڵکاری 5: خواست لەسەر غازی سروشتی عێراق و ڕەوتی غازی هاوەڵ، 2015-2025




سەرچاوە: هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن لەلایەن نووسەری بابەت

# هاوردەکردنی غازی شلی سروشتی

جێبەجێکردنی پلانەکانی هاوردەی غازی شلی سروشتی دواکەوتووە. ئەم پلانە بریتی بوو لە بەکارهێنانی یەکەیەکی عەمبارکردنی بەرز بۆ گۆڕینی غازەکە لە دۆخی شلەوە بۆ دۆخی غازی، لە ڕێگەی یەکەی سەر ئاوی گۆڕینی غازی شلی سروشتی (Floating Storage and Regasification Unit - FSRU) لە یەکەکانی خور زوبەیر. دواکەوتنی ئەم پرۆژەیە توانای عێراقی زیاتر سنووردار کردووە بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی سووتەمەنی، لە کاتێکدا وڵاتەکە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لوتکەی خواستی کارەبا لە هاوینی 2026 ئامادە دەکات.

ئەم پرۆژەیە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 2022 ڕاگەیەنرا و دواتر گرێبەستی جێبەجێکردنی لەگەڵ کۆمپانیای Excelerate Energy واژۆ کرا، پێشبینی دەکرا ڕۆژانە نزیکەی 14 ملیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هاوردە بکات. ئەم بڕە غازە دەیتوانی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی نزیکەی 3,000 تا 3,500 مێگاوات کارەبا دابین بکات.[21]

بەڵام، جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە تا ساڵی 2027 دواخراوە. کۆمپانیای Excelerate Energy پشتڕاستی کردووەتەوە کە یەکەی FSRU ـی Acadia، کە لە سەرەتاوە بۆ عێراق دیزاین کرابوو، بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئوردن گواستراوەتەوە؛ لەوێ لە ناوچەی عەقەبە بەپێی ڕێککەوتنێکی نۆ مانگی لەگەڵ کۆمپانیای نیشتیمانی کارەبای ئوردن (NEPCO) بەکاردێت.[22]

هەروەها، پێشبینی دەکرێت نرخی غازی شلی سروشتی هاوردەکراو بەرزبێتەوە. بەپێی هەڵسەنگاندنەکان، نرخی غازی ئێران نزیکەی 9.20 تا 9.50 دۆلار بۆ هەر یەک ملیۆن یەکەی گەرمی بەریتانی(MMBtu) BTU ـە؛ ئەم نرخە پەیوەستە بە نرخی نەوتی برێنت و هەروەها تێچووی گواستنەوەی غاز لە ڕێگەی بۆرییەکان لەخۆدەگرێت، بەپێی نرخەکانی مانگی 2ی 2026.

بە بەراورد بە نرخی هەمان بڕی غاز کە لە ڕێگەی یەکەی FSRU ـی غازی شلی سروشتی لە بەسرە دابین دەکرێت، لە هەمان مانگدا و لەسەر بنەمایەکی گریمانەیی، دەکرێت بگاتە نزیکەی 22 دۆلار بۆ هەر MMBtu؛ واتە زیاتر لە دوو هێندەی نرخی غازی ئێرانی گرانتر دەبێت.

## چەند شۆکێکی دیکە

قەیرانی کارەبا لە کاتی لوتکەی خواستدا، زیاتر قورس و ئاڵۆز دەبێت بەهۆی چەندین فشار و ڕووداوی دیکە.

# دواکەوتنی پەیوەندیی کارەبا لەگەڵ تۆڕی GCCIA

دەسەڵاتی یەکخستنی ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداو (Gulf Cooperation Council Interconnection Authority - GCCIA)، کە تۆڕە کارەباییەکانی ناوچەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئاگاداری عێراقی کردووەتەوە کە پەیوەندیی کارەبایی لە ڕێگەی کوێتەوە لە سەرەتای ساڵی 2026 دەستی پێ نەکردووە وەک پێشتر پلانی بۆ دانرابوو. قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژەیە، کە چاوەڕوان دەکرا 500 مێگاوات کارەبا دابین بکات، لەوانەیە تا کۆتایی ساڵی 2026 یان هەتا ساڵی 2027 دوا بکەوێت.[23]

هەرچەندە پێشبینی نەدەکرا ئەم پەیوەندییە بە تەنیا چارەسەری قەیرانی کارەبای عێراق بکات، بەڵام لە وەرزی هاوین و لە کاتی لوتکەی خواستدا پاڵپشتییەکی گرنگی تۆڕی کارەبای باشووری دەکرد، بەتایبەتی لە بەسرە کە پێشبینی دەکرێت پلەکانی گەرما لە 50 پلەی سەدی زیاتر بن. دواکەوتنی ئەم پرۆژەیە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ گرژییە سیاسیی و ئاسایشییەکانی ناوچەکە، کە کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە عێراق و کوێت هەیە. هەروەها، هەندێک ڕاپۆرت ئاماژە بە کێشە داراییەکانی عێراق دەدەن، کە پێویستە پێش دەستپێکردنی دابینکردنی کارەبا، تێچووی پەیوەندیدار بە پرۆژەکان یەکلابکاتەوە.[24]

هێڵکاری 6: پەیوەندی نێوان ئەلفاو (عێراق) - ئەلعەبدالی (کوێت) GCC




سەرچاوە: Open Infrastructure Map

# پەیوەندییەکانی کارەبای عێراق و تورکیا ڕاگیرا

پەیوەندیی کارەبایی نێوان عێراق و تورکیا، کە لە مانگی 7ی 2024 بە توانای سەرەتایی 300 مێگاوات دەستی پێکرد، پێشبینی دەکرا لە قۆناغی دووەمدا بۆ 600 مێگاوات بەرزبکرێتەوە. بەڵام، ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە مانگی 9ی 2025ەوە پەیوەندیی نێوانیان ڕاگیراوە، بەهۆی کەڵەکەبوونی قەرز.[25] لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ ڕاگەیاندنێکی فەرمی و گشتی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بڵاونەکراوەتەوە. هاوکات، هەندێک هەواڵی پشتڕاستنەکراو ئاماژە بەوە دەدەن کە عێراق پێشنیاری کردووە بەشێک لە قەرزی کەڵەکەبووی خۆی لەبەر کارەبای هاوردەکراو لە تورکیا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نەوت بە غاز (یان نەوت بە نەوت) چارەسەر بکات.

لە مانگی 8ی 2025، وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای سەر کەشتی تورکی کارادێنیز بە ناوی ئۆرهان عەلی خان گەیشتە بەندەری ئوم قەسر لە بەسرە، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی کورتخایەن لەگەڵ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای سەر کەشتی کار (Kar)بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ تۆڕی کارەبای عێراق لە کاتی بارودۆخی نائاساییدا. ڕاپۆرتە فەرمییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە گرێبەستی کەشتییەکە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبایە و توانای دابینکردنی تا 590 مێگاواتی لە ڕێگەی دوو کەشتییەوە هەیە. هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن کە دواتر ئۆرهان عەلی خان نزیکەی 300 مێگاواتی بۆ تۆڕەکە زیاد کردووە.[26]

بەڵام، وا دەردەکەوێت سەرچاوەی ئەو تێچووانەی کە لەبارەی ئەم ڕێککەوتنەوە باس کراون، پشت بە زانیاریيە پشتڕاستنەکراوەکان یان هەڵسەنگاندنەکانی کەرتی وزە ببەستن، نەک بە بەڵگەنامەی گشتی و بڵاوکراوەی گرێبەستەکە. ئەم زانیارییانە بریتین لە نرخی نزیکەی 0.15 دۆلار بۆ هەر کیلۆوات کاتژمێرێک (USD/kWh)، لەگەڵ خەمڵاندنی تێچووی نزیکەی 1 ملیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا بۆ توانای نزیکەی 315 مێگاوات و ئەو بانگەشەیەی کە کەشتییەکان ڕۆژانە نزیکەی 1,400 تەن نەوتە ڕەشە بەکاردەهێنن. بۆیە پێویستە ئەم ژمارانە وەک خەمڵاندن و هەڵسەنگاندن بخرێنەڕوو، نەک وەک مەرجی گرێبەستی پشتڕاستکراوە.

# ئایا ئاو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت؟

وزەی ئاو دەتوانێت پشتگیرییەکی گرنگی وەرزیی بۆ سیستەمی کارەبای عێراق دابین بکات، بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و لە ماوەی لوتکەی خواستدا. دوای ساڵانێک لە وشکەساڵی و کەمبوونەوەی هاتنی ئاو لە تورکیاوە، ئێستا ئاستی ئاو لە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات باشتر بووە و توانای وێستگە گەورەکان و بەنداوەکانی ئاویان زیاد کردووە. سەرچاوە سەرەکییەکانی توانای ئاوی عێراق بریتین لە بەنداوی موسڵ، حەدیسە، دوکان، دەربەندیخان و چەند بەنداوێکی دیکەی بچوک، کە بەگشتی توانای دامەزراوەیی زیاتر لە 2,200 مێگاواتیان هەیە. هەرچەندە ئەم توانایە بە تەنیا چارەسەری کەموکوڕییەکانی کارەبای عێراق ناکات، بەڵام دەتوانێت فشار لەسەر بەرهەمهێنانی کارەبای پشتبەستوو بە غاز و سووتەمەنی کەم بکاتەوە، بە مەرجێک سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی وورد و هاوئاهەنگ لەگەڵ دابینکردنی ئاو بۆ کەرتی کشتوکاڵ، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ئاسایشی ئاوی گشتی بەڕێوەببرێن.

خشتەی 5: وێستگە کارەبا ئاوییەکانی عێراق

| وێستگە | شوێن / پارێزگا | توانا (مێگاوات) | تێبینی |
|---|---|---|---|
| مووسڵ سەرەکی | نەینەوا | 750 | وێستگەی کارەبای ئاویی بەنداوی سەرەکی موسڵ |
| ڕێکخەری مووسڵ | نەینەوا | 60 | وێستگەی کارەبای ئاویی بۆ ڕێکخستنی بەشی خوارەوەی ڕووبار |
| حەدیسە | ئەنبار | 660 | تواناکە بەپێی سەرچاوە دەگۆڕێت؛ زۆرجار بە توانای دامەزراوی 660 مێگاوات ئاماژەی پێدەکرێت. |
| دووکان | سلێمانی | 400 | وێستگەی کارەبای ئاویی گەورەی هەرێمی کوردستان |
| دەربەندیخان | سلێمانی | 249 | وێستگەی کارەبای ئاویی گەورەی هەرێمی کوردستان |
| سامەڕا | سەلاحەدین | 84 | وێستگەی کارەبای ئاوتی ڕووباری بەردەوام (Run-of-River) لە ناوچەی سامەڕا |
| حەمرین | دیالە | 50 | وێستگەی کارەبای ئاویی لەسەر ڕووباری دیالە |
| هیندیە | کەربەلا / بابل | 15 | وێستگەی بچوکی کارەبای ئاویی |
| کوفە | نەجەف | 2.5 | وێستگەی بچوکی کارەبای ئاویی |
| **کۆی گشتی** | | **2,271** | |

سەرچاوە: لەلایەن نووسەرەوە ئامادەکراوە، بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەت، بڵاوکراوەی فەرمیی کۆمپانیاکان، و ڕاپۆرتە پیشەسازییە گشتییە بەردەستەکان.

# دەرئەنجام

بە کورتی، قەیرانی کارەبای عێراق چیتر تەنیا پرسی زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لاوازییەکی قوڵترە لە بونیادی ئاسایشی سووتەمەنی و کارایی سیستەم و زیانەکانی تۆڕ و پلاندانانی وەبەرهێنان و حوکمڕانی دامەزراوەیی.ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە مەترسییەکانی پشتبەستن بە غازی هاوردەکراو و دواکەوتنی پرۆژە ژێرخانییە گرنگەکانی زیاتر نیشان داوە.

بۆ دروستکردنی کەرتێکی کارەبای خۆڕاگر، فراوانکردنی بەرهەمهێنانی غازی ناوخۆیی و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان بەس نییە، بەڵکو پێویستە ئاستی کارایی بەرزبکرێتەوە و زیانەکان کەمبکرێنەوە و سەرچاوەکانی سووتەمەنی هەمەچەشن بکرێن و چاکسازییە بونیادییەکانی بازاڕ و حوکمڕانیش خێراتر بکرێن. بەبێ ئەم چاکسازییانە، قەیرانی کارەبای عێراق لە هەموو هاوینێکدا دووبارە سەرهەڵدەداتەوە.

# سەرچاوەکان:


1. Iraqi News, “Iraq Plans to Generate 30,000 Megawatts of Electricity in Summer,” April 23, 2026, https://www.iraqinews.com/iraq/iraq-plans-to-generate-30000-megawatts-of-electricity-in-summer.
2. Iraqi News Agency (INA) (October 2, 2025). وزير الكهرباء: خطة استراتيجية لحل مشكلة الطاقة بشكل جذري. Available at: Iraqi News Agency. https://ina.iq/ar/economie/227726--.html
3. The annual operational and investment budgets of the Ministry of Electricity during 2023–2025 accounted for 7.8% of the total federal budget, excluding fuel costs.
4. The annual operational and investment budgets of the Ministry of Electricity during 2023–2025 accounted for 7.8% of the total federal budget, excluding fuel costs.
5. Using approximate 2024 international market prices for power-generation fuels.
6. Technical and non-technical losses mean illegal connections, weak metering, billing gaps, and low collection rates, and are broadly equivalent to the net electricity sold to consumers.
7. Iraq’s nominal GDP rose from about 50 billion USD in 2005 to approximately 280 billion USD in 2024, and could exceed 430 billion USD by 2040 under baseline growth assumptions.
8. International Energy Agency. (2026). Iraq: Electricity. IEA. https://www.iea.org/countries/iraq/electricity
9. Iraq’s annual mean surface air temperature increased from 22.16°C in 1923 to 23.85°C in 2023. Based on projections under the SSP2-4.5 scenario, the average temperature is projected to reach 24.55°C by 2040, indicating a continued warming trend with implications for cooling loads.
10. Organization of the Petroleum Exporting Countries. OPEC Annual Statistical Bulletin 2026, 61st edition. Vienna: OPEC, 2026.
11. Kurdistan24. “Iranian Gas Exports to Southern Iraq Halted, Sparking Energy Supply Concerns.” 4 April 2026. Available at: Kurdistan24 (accessed 27 May 2026).
12. In March 2024, Iraq and Iran signed a five-year gas supply agreement to extend Iranian gas exports to Iraq for use in power generation. Under the agreement, Iran is to supply Iraq with up to 50 million cubic meters of natural gas per day, depending on the requirements of Iraqi power stations, for a period extending to 2029. If mports fell from the contracted/required level of around 50 million cubic meters per day to 5 million cubic meters per day, the lost gas volume would be 45 million cubic meters per day, implying a generation loss of roughly 8–10 GW (Source: Reuters. “Iranian Gas to Iraq Resumes After South Pars Attack, Iraqi State News Agency Says.” 21 March 2026. Available at: Reuters).
13. Reuters. “Iraq Declares Force Majeure on Foreign-Operated Oilfields Over Hormuz Disruption.” 20 March 2026. Available at: Reuters (accessed 27 May 2026).
14. Kurdistan24. “Blackouts Loom for Iraq This Summer as Domestic Gas Collapses and Iranian Supply Falls Short.” 27 May 2026. Available at: https://www.kurdistan24.net/en/story/909898/blackouts-loom-for-iraq-this-summer-as-domestic-gas-collapses-and-iranian-supply-falls-short (accessed 27 May 2026).
15. Iraq used roughly 10–11 bcm/year of treated domestic gas for power generation before the Iran-war disruption, equivalent to about 28–31 million cubic meters per day. In energy terms, this could support approximately 5–6 GW of gas-fired generation continuously, depending on plant efficiency and availability.
16. The World Bank ranks Iraq among the leading global flaring countries, while the United States Energy Information Administration estimated that Iraq flared around 625 Bcf, or 17.7 bcm, of natural gas in 2023, making it the third-largest flaring country globally (Source: U.S. Energy Information Administration. Country Analysis Brief: Iraq. Washington, DC: U.S. Energy Information Administration (EIA), last updated 14 July 2025).
17. Iraq Business News. “Iraq Expands Gas Projects to Curb Flaring.” 9 June 2025. Accessed 27 May 2026. https://www.iraq-businessnews.com/2025/06/09/iraq-expands-gas-projects-to-curb-flaring/
18. Reuters. “IFC Signs $500 Million Contract with Iraq’s Basrah Gas for Associated Gas, Development of Major Port.” Reuters, 13 September 2025.
19. Bernstein, A., Davis, M., Mitro, T., Perrine, T. (2025). Flaring Case Study: Iraq. New York: Columbia Center on Sustainable Investment (CCSI) and Capterio, June.
20. Currently, approximately 630 million standard cubic feet of gas per day (MMscf/d) is produced and utilised at Khurmala, equivalent to about 6.5 bcm annually. In addition, around 50 MMscf/d is flared at Khurmala, while a further 18 MMscf/d is flared from other sources. Including the flared volumes, total gas production amounts to approximately 698 MMscf/d, or about 7.2 bcm annually. However, only around 6.5 bcm per year is currently available for productive use, while approximately 0.7 bcm is lost through flaring.
21. The vessel has a technical regasification capacity of approximately 30 million cubic meters per day, although Iraq’s contracted import volumes are lower.
22. GIIGNL (2026). Excelerate to deploy newbuild FSRU in Jordan. Available at: GIIGNL – Excelerate to deploy newbuild FSRU in Jordan
23. Salem, A. (2026, May 12). Iraq’s electrical interconnection with the Gulf States has been postponed. Iraqi News. https://www.iraqinews.com/iraq/iraqs-electrical-interconnection-with-gulf-states-postponed
24. Arabic21. “حرب إيران وتعثُّر الربط الخليجي يشعلان صيف العراق ويفاقمان العجز الكهربائي” [“Iran War and Delays to the Gulf Interconnection Inflame Iraq’s Summer and Worsen the Electricity Deficit”]. 23 May 2026.
25. Reports indicate that Türkiye halted electricity exports to Iraq over unpaid dues, with one Al-Monitor report putting the outstanding bill at more than 70 million USD. However, the figure has not been publicly confirmed by Iraqi or Turkish authorities (Source: Al-Monitor. (2025, April). Türkiye stops electricity sales to Iraq after Baghdad fails to settle $70M+ bill, Al-Monitor. https://www.al-monitor.com/originals/2025/04/turkey-stops-electricity-sales-iraq-after-baghdad-fails-settle-70m-bill)
26. Reuters. (2025, August 21). Turkey’s Karpowership to supply Iraq with up to 590 MW electricity. TradingView. https://www.tradingview.com/news/reuters.com%2C2025%3Anewsml_L8N3UC020%3A0-turkey-s-karpowership-to-supply-iraq-with-up-to-590-mw-electricity/

# هەمەچەشنکردنی ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی عێراق: وانە ستراتیژییەکانی قەیرانی گەرووی هورمز 2026



**شوان جەمال عەزیز**
مامۆستای خوێندنە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی هەروەها توێژەرە لە ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان؛
بابۆ بەهمەن جەمال و موستەفا ئەحمەد یوسف باشنا خوێندکاری خوێندنە نێودەوڵەتییەکانن لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی

داخستنی واقعی گەرووی هورمز لە 2026/3/4، لاوازییەکی بنەڕەتی و بونیادیی ئابووری عێراقی ئاشکرا کرد. لەدۆخی ئاساییدا نزیکەی 93% هەناردەی نەوتی خاوی وڵاتەکە لە ڕێگەی کەنداوی فارسەوە دەگوازرێتەوە[1]. بەڵام دوای ڕاگرتنی کاتیی چالاکییەکانی بەندەرەکانی بەسرە بە هۆکاری ئەو داخستنە، فرۆشتنی نەوتی خاو لە سەرتاسەری وڵاتدا بە ڕێژەی زیاتر لە 90% دابەزی. بە جۆرێک هەناردەکردن لە 3.567 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ تێکڕای 329 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە مانگی 5، کەمبۆوە[2]. لەگەڵ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت لە دەریاوە، مانەوەی سەروەریی عێراق وابەستەبوو بە تاکە کەناڵێکی بۆریی باکوور بەرەو تورکیا، هاوکات ئەم ڕێڕەوەش لە ژێر کاریگەریی ناکۆکی سیاسیی دایە.

ئەم ڕاپۆرتە کاریگەرییە تەکنیکی و دارایی و جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەو دارمانە لە هەناردەکردنی نەوتدا هەڵدەسەنگێنێت. هەروەها شیکاری کێشە و کۆسپەکانی بەرێوەبردنی هێڵی بۆری باکووری عێراق–تورکیا دەکات، لە پێش بەسەرچوونی پەیماننامەکە لە مانگی 7ی 2026، هاوکات ئەلتەرناتیڤەکانی هەمەچەشنکردن بۆ هەناردەکردن لە ڕۆژئاوا و باشووری عێراق هەڵدەسەنگێنێت، لەوانە بۆرییەکانی بەسرە-حەدیسە، بەسرە-عەقەبە، کەرکوک-بانیاس و سعودیە. لە کۆتاییدا ئەم ڕاپۆرتە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بژاردە ستراتیژییانە دەکات کە لەبەردەستی عێراقدایە لە ژێر ڕۆشنایی ناکۆکییە بەردەوامەکانی دەوروبەری هورمز و هەروەها پێشنیاری ڕاسپاردەی سیاسی دەکات بە ئامانجی کەمکردنەوەی پشتبەستنی درێژخایەنی وڵات بە یەک ڕێڕەوی هەناردەکردن.

لە دوای نووسینی ئەم ڕاپۆرتە، بە هۆی ئاگربەستی نێوان ئێران و ئەمریکا گەرووی هورمز چەند جارێک کرایەوە بۆ کەشتیە بارهەڵگرەکان و دووبارە داخرایەوە و دۆخەکە نائاسایی بۆیەوە. ئەم پێشهاتانە هەستیاری و لاوازیی بەردەوامی سیستەمی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەخەنەڕوو. ئەوە نیشان دەدەن کە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن بۆ ئاستی پێشوو، وابەستەیی بونیادیی وڵاتەکەیە بە تەنیا یەک ڕێڕەوی دەریاییەوە. دووبارەبوونەوەی ئەم قەیرانە پێویستی بە هەمەچەشنکردنی ژێرخانی هەناردەکردنی عێراق و بەهێزکردنی ئاسایشی وزەی درێژخایەنە.

**93%**
هەناردەی نەوتی خاوی عێراق بەزۆری بە کەنداوی عەرەبیدا تێدەپەڕێت.

**98.3%**
هەناردەی نەوتی عێراق لە نێوان ساڵانی 2021 - 2025 بە کەنداوی عەرەبیدا تێپەڕیوە

**90%–**
هەناردەی نەوتی خاوی وڵاتەکە بە ڕادەی 90٪ دابەزی، لە 3.56 ملیۆن بەرمیلەوە بۆ 329 هەزار لە ڕۆژێکدا.

**20%**
هەموو نەوتی جیهان بە گەرووی هورمز دا تێدەپەڕێت

# شیکاری قەیرانێکی بونیادیی لە گەروویەکی ستراتیژدا

بەرزبوونەوەی خێرای نرخی نەوتی خاوی برێنت لە سەرەتای مانگی 3ی 2026، کە نرخەکان لە 120 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک تێپەڕی، ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی شۆکێکی بونیادیی بوو لە خستنەڕووی نەوت لە کەنداوی فارسەوە[3]. دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران لە کۆتایی مانگی 2ی ئەمساڵدا، سنووردارکردنی چالاکییە دەریاییەکانی ئێران و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر گەشتکردنی لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە ڕاگرت. ئەو گەرووە ڕێڕەوی گواستنەوەی-ئاویی سەرەکییە بۆ نزیکەی 20%ی نەوتی جیهان[4]. هەربۆیە، تا کۆتایی مانگی 4، بازاڕەکانی وزەی جیهانی ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی پێشبینیکراوی تا 1 ملیار بەرمیل لە کۆی بەرهەمهێنانی نەوت بوونەوە[5].

بۆ عێراق، داخستنی ئەم دواییەی ڕێگای گواستنەوەی دەریایی، یەکێک بوو لە قورسترین ئاڵنگارییەکانی هەناردەکردن لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتدا. ئەم قەیرانە ئاشکرای کرد کە سەقامگیریی دارایی عێراق چەند خێرا دەکەوێتە ژێر کاریگەری روداوەکان و لاواز دەبێت، ئەگەر لە کەنداوی فارس داببڕدرێت.

بە پێچەوانەی وڵاتانی هاوشێوەی ناوچەکە، هەرگیز عێراق بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی هەمەچەشن نەکردووە. شایەنی ئاماژە پێدانە کە لە نێوان ساڵانی 2021 بۆ 2025، نزیکەی 98.3%ی بڕی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بە کەنداوی فارسدا تێپەڕیووە[6]. بەڵام کاتێک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکەکانی ئێران لە 12/3 تانکەرە بازرگانییەکانی بارکردنیان لە تێرمیناڵەکانی باشووری عێراق کردە ئامانج، حکومەتی فیدراڵی چالاکییەکانی بەندەری باشووری ڕاگرت، بەمەش سەرچاوەی سەرەکی داهاتی وڵاتی وەستاند، کە دەوڵەت بۆ زیاتر لە 90%ی بودجەی ساڵانەی خۆی پشتی پێدەبەستێت[9].

هێڵکاری 1: نەخشەی تۆڕی بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوتی عێراق و ناوچەکە، کە لەلایەن تیمی ناوەندی ضیاء جعفر ئامادەکراوە. هێڵە سەوزەکان ئەو بۆرییانەن کە لە ئێستادا کاران؛ هێڵە سوورەکان ئەو بۆرییانەن کە لە ئێستادا ناکاران؛ هێڵە پچراوە زەردەکەش ئەو بۆرییە نیشان دەدات کە پێشنیار کراوە بەڵام هێشتا دروستنەکراوە




سەرچاوە: نەخشەی ژێرخانی کراوە.

شارەزایانی وزەی عێراق لە مێژە تێبینیان کردووە، "جوگرافیا بڕیاردەرە". سنوورداربوونی لە ڕادەبەدەری عێراق بۆ دەستڕاگەیشتن بە ڕێڕەوی ئاویی، هۆکارە بۆ ئەوەی تەواوی مۆدێلی ئابووریی وڵاتەکە لە ڕووی بونیادییەوە بکەوێتە ژێر کاریگەریی شەڕێکی ناوچەیی وەک ئەوەی کە لە نێوان ئێران وئەمریکا ڕوویدا[8]. هاوکات لێکەوتە تەکنیکی و داراییەکانی ئەم پشتبەستنە تاک لایەنەش دەستبەجێ دەرکەوتن:

97 ملیار دۆلار

یەدەکی دراوە بیانییەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە کۆتایی مانگی 4

17.5 ملیار

کورتهێنانی کەڵەکەبووی کارگێڕی سێ مانگ

6.8%

بچووکبوونەوەی ئابووری دەوڵەت پێشبینی کراوە لەلایەن سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی 2026

### 1. داڕمانی دارایی کارەساتبار:

فرۆشی نەوت لە سەرانسەری وڵاتدا بە تێکرایی و پێش قەیرانەکان لە مانگی 2'دا 3.567 ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، پاشان بۆ تێکرای 329 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە مانگەکانی 4 و 5 دا دابەزی[9]. داهاتی گشتی نەوت لە مانگی 2'دا لە 6.81 ملیار دۆلارەوە بۆ نزیکەی 1 ملیار دۆلار لە مانگێکدا لە مانگەکانی 4 و 5 دا، دابەزیوە. ئەگەر بڕی وەرگرتنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان (17% بۆ 25%) بۆ کۆمپانیا نەوتیە نێودەوڵەتییەکانی لێ دەربهێندرێت، تەنها نزیکەی 750 – 830 ملیۆن دۆلار وەک داهات بۆ دەوڵەت دەمێنێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایا کە بڕی پێویست بۆ بەڕێوەبردی کاروبارەکانی دەوڵەت دەگاتە نزیکەی 7.2 ملیار دۆلار بۆ هەر مانگێک (مانگانە 3.88 ملیار دۆلار بۆ مووچە و 1.22 ملیار دۆلار بۆ تێچووی خانەنشینی دابین دەکرێت)[10].

### 2. دارایی و قەیرانی سەروەری:

لە هەوڵێکدا بۆ تێپەڕاندنی قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی، حکومەت لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی ساڵی 2026 دا 8 ملیار دۆلاری لە ناوخۆدا قەرزکرد، ئەمە بووە هۆی دابەزینی خێرای یەدەگی دراوی بیانی بۆ نزیکەی 97 ملیار دۆلار لە کۆتایی مانگی 4ی 2026 بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی کەڵەکەبووی خەرجییەکانی بەڕێوەبردن لە ماوەی سێ مانگدا، کە نزیکەی 17.5ملیار دۆلار بوو[11]. لەکاتێکدا فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند کە حکومەت تواناى دارایی خۆی فراوان کردووە بە چاپکردنی 25 ترلیۆن دیناری عێراقی (واتە نزیکەی 19 ملیار دۆلار) بۆ دابینکردنی مووچەی کەرتی گشتی. لە دوای مانگی 7ی 2026، بانکی ناوەندی عێراق ڕوونی کردووە کە ئەمە لەڕێگەی فرۆشتنی بۆندەکانی گەنجینەوە بەدەست هاتووە، نەک چاپکردنی دراو بە بەبێ پشتیوانی. بەڵام بەکارهێنانی بانکە بازرگانییەکان وەک ناوەندێک بۆ دابینکردنی قەرزە داراییەکانی حکومەت بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی یەدەکی دراوە بیانییەکانی بانکی ناوەندی عێراق. لە دەرئەنجامدا کۆمپانیای (S&P) ، کە کۆمپانییەیەکی هەڵسانگاندنی دۆخی دارایی وڵاتانە، دۆخی دارایی عێراقی خستە ژێر چاودێرییەکی توندەوە، لە کاتێکدا سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکات ئابووریی نیشتیمانی عێراق لە ساڵی 2026 دا بە ڕێژەی 6.8% توشی داکشان ببێت[12].

### 3. گرفتی هەڵگرتن لە قۆناغی دەرهێنانی نەوتدا:

بەهۆی نەبوونی تواناى هەڵگرتنی نەوت و سنوورداری پێویستی ناوخۆ، عەمبارەکانی هەڵگرتنی نەوت لە بەسرە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا و دوای ڕاگرتنی درێژخایەنی گواستنەوەی دەریایی بە تەواوی پڕبوون و ئەمەش بەڕێوەبرانی ناچار کرد لە دۆخێکی فریاگوزاریدا بیرەکان دابخەن[13]. ڕاگرتنی درێژخایەنی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییە سەرەکییەکانی باشوور، لەوانە ڕومەیلە، قورنەی ڕۆژئاوا1-، قورنەی ڕۆژئاوا2-، زوبەیر، حەلفایە و میسان، دەکرێت گرفت دروست بکات بۆ بەڕێوەبردنی دیوی ناوەوەی بیر و چاڵە نەوتەکان کە بەپێی بارودۆخی جیۆلۆجی و شێواز و مەرجەکانی بەڕێوەبردنی هەر کێڵگەیەک، گرفتەکان جیاواز دەبن. لەو بیرەنەوتانەی کە بە پاڵپشتی ئاو کار دەکەن، داخستنی درێژخایەن دەتوانێت مەترسی دزەکردنی ئاو زیاد بکات، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە کارایی بەرهەمهێنان و بەرهەمی گشتی کەم دەکاتەوە[14]. هەروەها درێژبوونەوەی ماوەی ڕاگرتنی بەرهەمهێنان دەتوانێت مەترسییەکانی ژەنگاوی بوون پەیوەست بەگیراوەی دروستبوونی خوێ و سولفایدی هایدرۆجین لە بیرەکاندا زیاد بکات، ئەمەش دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان ئاڵۆز دەکات و ئەگەری هەیە پێویستی بە تێچووی زۆر هەبێت بۆ چاککردنەوەی بیرەکە. [15]

# ڕێڕەوی باکوور: سەروەری، پەیماننامەکان و دوا وادەی مانگی 7ی 2026

قەیرانی کەنداو و ڕێڕەوی هورمز، ڕێگای هەناردەکردنی باکووری لە هێڵی بۆری نەوتی عێراق-تورکیای گۆڕی بۆ سەرەکیترین بژاردە و جێگرەوە بۆ بەغدا، هەرچەندە ئەم ڕێڕەوە توانای سنووردارە و کۆمەڵێک ئاستەنگی کارگێڕی و تەکنیکی هەیە[16]. بەکارهێنانی ئەم ڕێڕەوە پێویستی بە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک ناکۆکی و ئاڵۆزیی یاسایی، دارایی و پەیوەندیدار بە سەروەری هەیە. بەکارهێنانی هێڵی بۆری عێراق-تورکیا لەمێژە خاڵی سەرەکی ململانێی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی نیمچە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان بووە.

بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە مێژوودا نەوت و غاز وەک ئامرازێکی سەرەکی کاریگەریی سیاسی و دارایی بوون، بەڵام قەیرانە یاسایی و ئەمنییە بەردەوامەکان، سەربەخۆیی ئەم حکومەتەی بە توندی بەرتەسک کردۆتەوە و کەرتی وزەی هەرێمی گۆڕیوە بۆ پێگەیەک کە بەردەوام لە ژێر فشاردا بووە[17]. لە ساڵی 2013 و دوابەدوای دەستپێکردنی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی خاو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەغدا ڕێوشوێنی دادگای ناوبژیوانی لە ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس دەستپێکرد[18]. لە مانگی 3'ی ساڵی 2023 دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی بەغدا بڕیاریدا کە پێویستە تورکیا 1.47 ملیار دۆلار وەک قەرەبوو بدات بە عێراق لە بەرامبەر هەناردەکردنی نەوتی خاوی کوردستان بەبێ مۆڵەت لە نێوان ساڵانی 2014 بۆ 2018، ئەمەش هۆکاربوو ئەنقەرە کارەکانی سەرجەم بۆرییەکە ڕابگرێت[19]. ڕێککەوتنێکی کاتی بە نێوەندگیری ئەمریکا لە مانگی 9ی 2025 ڕێگەی بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان دا، کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیای نیشتیمانی بەبازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ) ی حکومەتی فیدراڵ و بەبڕی سەرەتایی هەناردەکردن لە نێوان 180 بۆ 230 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەستپێبکات.[20] بەڵام، شەڕی دواتری نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل بووە هۆی ڕاگرتنی ئەم هەناردەیە، چونکە کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان دوای هێرشەکان بۆ سەر ناوچەکە کارەکانیان ڕاگرت. دەستبەجێ و دوای کەمبوونەوەی پشێوییە ئەمنییەکان، لە سەرەتای مانگی 3ی 2026 دا ناکۆکییەکی سیاسیی نوێ سەری هەڵدا، کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتی کردەوە ئاسانکاری بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی کەرکوک لە ڕێگەی هێڵی بۆری کوردستانەوە بکات. ئەم بڕیارە بەهۆی ناکۆکی لەسەر داهاتی باج و گومرگ و جێبەجێکردنی سیستەمی ئۆتۆماتیکی بۆ داتاکانی گومرگ (ناسراو بە ئەسیکۆدا) هاتەکایەوە. هاوکات ناکۆکی داراییش فراوانتر بوو، کە پەیوەندی بە دەستراگەیشتنی بازرگانانی کوردستانەوە هەیە بە نەختینەی دۆلاری ئەمریکیی لە ڕێگەی بانکی ناوەندی عێراقەوە.

لە ژێر فشاری نوێی دیپلۆماسیی ئەمریکا، بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 17/3 گەیشتنە ڕێککەوتنێکی کاتی، کە ڕێگەیدا بە دەستپێکردنەوە و تێپەڕبوونی نزیکەی 170 بۆ 183 هەزار بەرمیل لە نەوتی خاوی کەرکوک لە ڕۆژێکدا و لە ڕێگەی ژێرخانی هەناردەکردن کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە. ئەم بووژانەوەیە لە سەرەتای مانگی 6ی 2026'دا خێراتر بوو، کاتێک کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بە هێواشی دەستیان بە بەرهەمهێنان کردەوە و بەو هۆیەوە نزیکەی 150 هەزار بەرمیل لە ڕۆژداێکدا بۆ بڕی هەناردەکردنی باکوور زیاد کرا[22].

## 1.6 ملیۆن بەرمیل
لە ڕۆژێکدا توانای کۆکراوەی دیزاینکراوی هێڵە 40 ئینچی و 46 ئینچییەکە

## 1.5 ملیۆن بەرمیل
لە ڕۆژێکدا ئەو بڕەی ناو پەیماننامەکە کە عێراق نەیتوانی پابەندی بێت

## 1.25 دۆلار
بۆ هەر بەرمیل نەوتێک - کرێی گواستنەوە بە بۆری لە ئێستادا

## 183,000 - 170,000 بەرمیل نەوت
لە ڕۆژێکدا لە کەرکوکەوە دەستیکردەوە بە هەناردەکردن لە 17ی مانگی 3، هەروەها نزیکەی 150,000 بەرمیک نەوتی دیکە لە ڕۆژێکدا لە مانگی 6 ی 202

چوارچێوەی یاسایی هێڵی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا، کە یەکەمجار لە ساڵی 1973 واژۆ کرا و لە ساڵی 2010 هەموار کرایەوە، لە 2026/7/27 بەسەر دەچێت. تورکیا بە فەرمی عێراقی ئاگادار کردۆتەوە کە بەهەمان مەرجەکانی پێشوو ڕێککەوتنامەکە نوێ ناکاتەوە، چونکە عێراق پابەند نەبووە بە دابینکردنی کەمترین بڕی دیاریکراو کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە ئەویش بڕی 1.5 ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

لە ئێستادا تورکیا داوای کرێی گواستنەوە دەکات زۆر زیاتر لە نرخی بنەڕەتیی ئێستای (1.25 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک)، هەروەها بڕێک پارەیش بۆ بۆتاش، کە کارپێکەری حکومی بۆرییە تورکییەکانە بۆ تێچووی چاککردنەوەی بۆرییەکان، لەگەڵ یەکلاکردنەوەی قەرزە نەدراوەکانی تورکیا بەپێی بڕیارەکەی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی 2023 دەرچوو.[23]

جگە لەوەش، دەرکەوتووە کە کارپێکەرەکانی بۆرییەکانی تورکیا یەکێک لە دوو هێڵی هاوتەریبی هێڵی بۆری نەوتی عێراق-تورکیایان بۆ مەبەستی گواستنەوەی نەوتی خاوی ناوخۆیی بەرهەمهاتوو لە چیای گاباری تورکیا بۆ جەیهان بەکارهێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی عێراق وەربگرن. ئەم دوو هێڵە پێکهاتوون لە هێڵێکی 46 ئینچ و هێڵێکی 40 ئینچ، کە بە کۆی گشتی توانای گواستنەوەی دیاریکراوی 1.6 ملیۆن بەرمیلی لە ڕۆژێکدا هەیە.[24]

بۆ ئەوەی هەناردەکردنی نەوتی باکوور ڕانەگیرێت، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە 27/5/2026 دا بڕیارنامەی ژمارە 254ی هەمواركردەوە و ماوەی دانوستانی گرێبەستەکەی بۆ 4 مانگی دیکە درێژکردەوە.[25]

هاوکات بەغدا نۆژەنکردنەوەی هێڵی بۆری کەرکوک-فیشخابووری خێراتر کردووە، کە بەشی سەرەکیی ئەم ڕێڕەوی هەناردەکردنە لە ناوخۆی عێراقدایە. ئەم بەشە لە هێڵەکە، کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵی دایە، لە کەرکوکەوە بە ناو پارێزگاکانی سەلاحەدین و نەینەوادا تێدەپەڕێت و بە تەواوی خۆی لادەدات لە تۆڕی هەناردەکردنی هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەم هێڵە لە ساڵی 2014'ەوە لەکارکەوتووە، لە دوای چەندین ساڵ ململانێ و تێکدانی بەرفراوان و دزینی نەوت و تێکچوونی ژێرخانی ئابووری. بۆ ئەوەی بە تەواوی کار بکاتەوە، پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی تەواو هەیە.[26]

**بۆ ئەوەی هەناردەکردنی باکوور بە تەواوی ڕاگیرێت، بەغدا بە دوای ڕێککەوتنی کورتمەودا و چارەسەری ژێرخانی درێژخایەندا دەگەڕێت.**

لە ئێستادا توانای هەناردەکردنی دەستبەجێی بۆرییەکە تەنیا بەهۆی کێشەکانی ژێرخان و دانوستانەکان لەگەڵ تورکیا سنووردار نەکراوە، بەڵکو پەیوەندیداریشە بە شێوازی ئێستای بەرهەمهێنان لەلایەن عێراقەوە. بەرهەمی ئێستای کەرکوک و هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پاڵاوگە ناوخۆییەکان تەرخان کراوە، بۆیە تەنیا بڕێکی سنووردار بۆ هەناردەکردن بەردەستە. لە ئەنجامدا، بەغدا و ئەنقەرە لەسەر ڕێکخستنێکی ستراتیژیی فراوانتر کار دەکەن، لەوانە ئەگەری دروستکردنی هێڵێکی بۆری نوێ کە بەسرە بە کەرکوکەوە ببەستێتەوە. ئەم پرۆژەیە دەتوانێت ڕێگە بدات نەوتی خاوی باشوور بگاتە ڕێڕەوی هەناردەکردنی تورکیا و لە درێژخایەندا بەها و توانای بازرگانیی هێڵی بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات.

بەرهەمی ئێستای کەرکوک و هەرێمی کوردستان تارادەیەکی زۆر بۆ خواستی پاڵاوگەکانی ناوخۆ تەرخانکراوە و تەنیا بڕێکی کەم بۆ هەناردەکردن دەمێنێتەوە. لە ئەنجامدا بەغدا و ئەنقەرەش هەوڵ بۆ ڕێکخستنێکی ستراتیژی فراوانتر دەدەن، لەوانە ئەگەری دروستکردنی بۆرییەکە کە بەسرە بە کەرکوک ببەستێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەوتی خاوی باشوور بتوانێت بگاتە ڕێڕەوی هەناردەکردنی تورکیا و توانای بازرگانی درێژخایەنی بۆری نەوتی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بکات.

لە هەوڵێکی گرنگدا بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی هەناردەکردن پاش بەسەرچوونی وادەی پەیماننامەکە لە 7/27، کار جێبەجێکەری دەوڵەتی بۆریی تورکی (بۆتاش)، سۆمۆی عێراق و کۆمپانیای نەوتی باکوور لە 1/ 8 ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆکرد. لە ڕێککەوتنەکەدا، ڕێککەوتن لەسەر بڕی 750 هەزار بەرمیل نەوت کراوە لە ڕۆژێکدا. بەڵام لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەدا، بەرهەمهێنان و گواستنەوەکان لە سنووری 170 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا مانەوە؛ هەر بۆیە 750 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا دەبێت وەک بڕی ناو ڕێککەوتنەکە سەیربکرێت نەک وەک بڕی ڕاستی بەرهەمهێنان و گواستنەوە.[27]

# جێگرەوەکانی بۆری ڕۆژئاوا: هەڵسەنگاندنەوە و گرژییە جیۆپۆلەتیکیەکان

لە هەوڵێکدا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی ستراتیژی و درێژخایەن، پلاندانەرانی عێراقی جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی بۆریی وشکانییان خێراتر کردووە بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو لە باشووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەوە. ئەم پرۆژانە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی تەکنیکی تایبەت و بەربەستی جیۆپۆلەتیکی دەبنەوە، بەڵام بۆ هەر جۆرە هەمەچەشنکردنێکی ڕێگاکانی هەناردەکردن زۆر گرنگن.

## 1. بۆری بەسرە-حەدیسە: بڕبڕە ستراتیژییەکە

بۆرییە 5-4.6 ترلیۆن دۆلارییەکەی بەسرە-حەدیسە باشترین پرۆژەی گواستنەوەی عێراقە لە ئێستادا ئەگەر جێبەجێ بکرێت. ئەم سیستەمە تیرەکەی 56 ئینچە و 700-685 کم درێژە و دەتوانێت تا 2.25 بۆ 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بگوازێتەوە لە بەسرەوە بەرەو وێستگەی K-3 حەدیسەکە دەکەوێتە پارێزگەی ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق[28].

گرنگی ستراتیژیی هێڵەکە لە هەمەچەشنی بەکارهێنانەکەیدایە. دوای تەواوبوونی پرۆژەکە، دەتوانێت نەوت بۆ پاڵاوگەکانی ناوەڕاست و باکووری عێراق دابین بکات و پەیوەندی بە ڕێڕەوەکانی هەناردەکردن بەرەو جەیهان لە ڕێگەی باکوورەوە بکات و هاوکات وەک هێڵی سەرەکی بۆ پرۆژەکانی بۆریی وشکانی بەرەو ئوردن و سووریا بەکاربهێندرێت.

پرۆژەکە بە فەرمی لە 2026/5/1 چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە[29]. حکومەت بۆ ساڵی 2026 تەرخانکردنی سەرەتایی بە بڕی 1.5 ملیار دۆلار پەسەند کرد، کە لە ڕێگەی میکانیزمی «نەوت لە بەرامبەر ژێرخان»دا و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی دوولایەنەی عێراق-چین پاڵپشتی دارایی دەکرێت[30]. پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی بەسرە و کۆمپانیای پرۆژەکانی نەوت(SCOP)سەربە وەزارەتی نەوت جێبەجێ دەکرێت، بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنەکانی کڕینی کەرەستە و ئامێر کە لە مانگی 1ی 2025 لەگەڵ کۆمپانیای ئاسن و ستیڵ ی دەوڵەتی عێراق واژۆ کراون[31]. سەرەڕای ئەم دەستپێکە خێرایە، بەڵام تا کۆتایی مانگی 7ی 2026 هیچ پێشکەوتنێکی بەرجەستە لە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەکە تۆمار نەکراوە.

لە 2026/7/4، ئەنجوومەنی وەزیران ڕێککەوتنی سەرەتایی بۆ هەڵسەنگاندنی چەند ڕێڕەوێکی ستراتیژیی هەناردەکردنی نەوت پەسەند کرد، لەوانە ڕێڕەوی بەسرە-حەدیسە-کەرکوک-جەیهان و بەسرە-حەدیسە-بانیاس. هەروەها دەسەڵاتی بە کۆمپانیای نەوتی بەسرە بەخشی لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیای نێودەوڵەتی کار بکات بۆ هەڵسەنگاندنی توانای تەکنیکی و دارایی پرۆژەکە و هاوکات کار بکات لەگەڵ کۆمپانیای ئەندازیاری ئەمریکی KBR وەک ڕاوێژکار بۆ پرۆژەی بۆری بەسرە-حەدیسە. لە کاتێکدا ئەم ڕێککەوتنانە هیچ پابەندییەکی داراییان نییە، بەڵام نیشانەی ئاگایی و هاوکات پابەندییەکی چالاکی بەغدایە بۆ هەمەچەشنکردنی ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق.[32]

## 2. ڕێڕەوی بەسرە-عەقەبە (ئوردن)

بیرۆکەی ئەم ڕێڕەوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1983، لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق، پێشنیار کرا بۆ دوورخستنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە خاڵە تەنگەبەرە دەریاییەکانی کەنداوی فارس. پرۆژەکە لەلایەن حکومەتی ڕێگەن و کۆمپانیای بێکتێل پاڵپشتی کرا، هەروەها بانکی هەناردە و هاوردەکردنی ئەمریکا (US Ex-Im Bank) نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار گەرەنتی دارایی پێشکەش کرد. بەڵام دانوستانەکان بەهۆی نیگەرانییەکانی عێراق لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر تێرمیناڵی بۆرییەکە لە بەندەری عەقەبەی ئوردن ڕاگیران.[33]

سەرەڕای هەوڵە دیپلۆماسییە نهێنییەکان ، کە تێیدا بروس ڕاپاپۆرت، پسپۆڕی دارایی سویسری، و شیمۆن پێریسی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بەشدارییان کرد و پێریس بەڵێنێکی نووسراوی هێرشنەکردنی پێشکەش کرد لە بەرامبەر دابینکردنی پارەی نهێنی بۆ پارتی کرێکاران. بەڵام عێراق لە کۆتایی ساڵی 1985 پێشنیارەکەی بێکتێلی ڕەتکردەوە بەبیانوی بەرزیی تێچوونە خەملێنراوەکان.[34]

پرۆژەکە لە مانگی 4ی 2013 دووبارە زیندوو کرایەوە وەک ڕێڕەوێکی هەناردەکردنی نەوت بە درێژایی زیاتر لە 1,680کیلۆمەتر، بەڵام لە ساڵی 2014 کاتێک ڕێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) کۆنترۆڵی پارێزگای ئەنباری کرد، کارەکان وەستان[35]. بەپێی خەمڵاندنە نوێکانی ساڵی 2025، دووبارە جێبەجێکردنی پرۆژەی بەسرە-عەقە بە نزیکەی 10.55 ملیار دۆلاری تێدەچێت[36]. بەڵام ئەحمەد موسا جیاد، پسپۆڕی وزە، هۆشداری دەدات کە هۆکاری زۆرێک لە کێشەکانی پرۆژەکە خەمڵاندنە ناجێگیرەکان و نەبوونی شەفافیەتە.[37]

لە ئێستادا، هێڵی بۆرییەکە لە قۆناغی پێش دروستکردندا ماوەتەوە و ڕووبەڕووی دژایەتیی سیاسیی ناوخۆیی توند دەبێتەوە. ڕەخنەگران دەڵێن ئەم هێڵە نەوتی خاوی عێراق زۆر نزیک دەکاتەوە لە ئیسرائیل. جگە لەوەش، لەبەر ئەوەی دەریای سوور هێشتا لەژێر هەڕەشەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکەکانی حوسییەکاندایە، بۆیە ئەم ڕێڕەوە تەنها تەنگەبەرێک دەگۆڕێت بۆ دانەیەکی دیکە.

### 3. ڕێڕەوی کەرکوک-بانیاس (سووریا)

ئەم هێڵی بۆرییە لە ساڵی 1952 لەلایەن کۆمپانیای بێکتێل بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق دروستکرا کە توانای گواستنەوەی 300 هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا هەبوو. مێژووی ئەم بۆرییە کە بەرەو سووریا دەڕوات، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ناکۆکییە سیاسییەکان تێهەڵکێش بووە.[38]

دوای بە نیشتیمانیکردنی نەوتی عێراق لە مانگی 6ی 1972، سووریا دەستی بەسەر ئەو بەشەی بۆرییەکەدا گرت کە لە ناو خاکی خۆیدا بوو، پاشان داوای دوو هێندەکردنی کرێی گواستنەوەی کرد. ئەمەش هۆکاربوو کە بەغدا لە ساڵی 1975 "بۆریی ستراتیژی" دروست بکات بۆ گواستنەوەی نەوتی خاوی کەرکوک بەرەو باشوور و کەنداوی فارس. عێراق لە ساڵی 1976 پەمپکردنی نەوتی لە ڕێگەی سووریاوە ڕاگرت.[39] هەرچەندە هەناردەکردن لە ساڵی 1979 بۆ ماوەیەکی کورت دەستی پێکردەوە، بەڵام ڕژێمی سووریا لە مانگی 4ی 1982، بە هەماهەنگی لەگەڵ تاران لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق، بۆرییەکەی ڕاگرت. بۆرییەکە لە ساڵی 2000 بۆ ماوەیەکی کورت دووبارە کرایەوە بۆ دەربازبوون لە سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لە ساڵی 2003 بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا زیانی زۆری پێگەیشت و لەو کاتەوە تا ئێستا لەکارخراوە.[40]

دانوستانە دووقۆڵییەکان بۆ دووبارە چالاککردنەوەی ئەم بۆرییە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد چڕتر بۆیەوە. لیژنە تەکنیکییە هاوبەشەکان توێژینەوەی ئەندازیاری ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا گونجاوترە بۆرییەکەی ئێستا نۆژەن بکرێتەوە یان سیستەمێکی دووانەی هاوتەریب بە توانای 1.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بنیات بنرێت بە تێچووی مەزەندەکراوی زیاتر لە 4.5 ملیار دۆلار لەگەڵ ماوەی نزیکەی 36 مانگ بۆ جێبەجێکردن.[41]

ئاڕاستەی ستراتیژی پرۆژەکە، لە مانگی 1’ی 2026’دا، گۆڕانی بەسەردا هات، کاتێک هێزەکانی حکومەتی دیمەشق کۆنترۆڵی چەند کێڵگەیەکی نەوتی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان کردووە. ئەم یەکخستنە سەروەت و سامانە گرنگەکانی هێنایەوە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت، ئەمەش ژینگەیەکی سەقامگیرتری بۆ مۆڵەتدان و گرێبەستکردن خوڵقاند.[42]

### 4. هێڵی بۆریی نەوتی عێراق لە سعودیە (IPSA)

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دروستکرا و درێژییەکەی 1,568 کیلۆمەتر بوو. ئەم هێڵە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە گەرووی هورمز لە کاتی شەڕی ئێران-عێراق داڕێژرابوو و توانای گواستنەوەی تا 1.6ملیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەبوو لە نێوان کێڵگە نەوتییەکانی باشووری عێراق بەرەو بەندەری یەنبوع لەسەر دەریای سوور. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێڕەوە ستراتیژییە وابەستەیی عێراقی بە گەرووی هورمز و مەترسییەکانی گەمارۆی دەریایی لەلایەن ئێرانەوە کەم کردەوە، بەڵام ڕیاز دوای جەنگی کەنداو (1990 - 1991) بە شێوەیەکی هەمیشەیی دایخست.[43]

سعودیە لە مانگی 6’ی 2001’دا بە فەرمی دەستی بەسەر ئەم هێڵەدا گرت و حکومەتی عێراقی ئاگادارکردەوە کە ئەم بۆڕیە لەگەڵ وێستگەکانی پەمپکردن و تێرمیناڵە دەریاییەکان، وەک قەرەبووی قەرزە نەدراوەکانی عێراق دەستی بەسەرداگیراوە. لە ئەنجامدا، دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنی گواستنەوەی دوولایەنە لەژێر بارودۆخەکانی ئێستادا وەک ئەگەرێکی زۆر لاواز دەمێنێتەوە.[44]

لەبری ئەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق پرۆژەی هێڵی بۆریی بەسرە-حەدیسەی بەرەو تورکیا لە پێشینەی کارەکانی داناوە، بەهۆی سێ فاکتەری سەرەکییەوە، ئەوانیش یەکەم: ئەگەری داواکاری سعودیە بۆ بەکارهێنانی هێڵەکە بۆ گواستنەوەی نەوتی خاوی ناوخۆیی، دووەم: تێچووی سەرمایەی زۆر بۆ جێگرتنەوەی بەشە لەکارکەوتووەکان، سێیەم: نیگەرانییە ئەمنییە بەردەوامەکانی ڕیاز سەبارەت بە سەقامگیری سیاسی عێراق.[45]

**مێژووی بۆریی کەرکوک - بانیاس بە چەندین دەیە لە ناکۆکی سیاسیی دەوردراوە، نەک بە بەربەستە تەکنیکییەکان**

# سیناریۆ ستراتیژییەکان بۆ جوگرافیای وزەی عێراق

ئاسایش و سەقامگیری داهاتووی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەوەوە پەیوەستە کە حکومەتەکەی زەیدی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگە ژێرخانیی و حوکمڕانییەکانی بەردەمیدا دەکات. توانای حکومەت و هەڵبژاردە سیاسییەکانی بە پێی ئەم سیناریۆیانەی خوارەوە دەگۆڕێت:

سیناریۆی **A**

### بەردەوام پشتبەستن بە بەسرە:

ئەگەر گەرووی هورمز دووبارە بکرێتەوە و دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، عێراق دەتوانێت نزیکەی 94%’ی هەناردەکردنی نەوتی خاوی خۆی لە ڕێگەی تێرمیناڵەکانی باشوورەوە دەستپێبکاتەوە، کە ڕاستەوخۆ فشارە داراییەکانی کەم دەکاتەوە. بەڵام بەردەوامبوونی پشتبەستن بە تەنیا یەک ڕێڕەوی هەناردەکردن، وڵاتەکە ڕووبەڕووی ناسەقامگیری و دابڕانێکی جیۆپۆلەتیکی بەرچاو دەکاتەوە لە داهاتوودا.

سیناریۆی **B**

### زیادبوونی پشتبەستن بە ڕێگای تورکیا:

ئەگەر پرۆژەکانی بۆریی ڕۆژئاوا جێبەجێ نەکرێن، عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بۆریی نەوتی عێراق–تورکیا، لە ڕێگەی جەیهانەوە، دەبەستێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی خۆی. ئەمەش پێویستی بە چارەسەرکردنی ناکۆکییە درێژخایەنەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت سەبارەت بە هەناردەکردن و میکانیزمەکانی پارەدان هەیە، لە هەمان کاتدا وابەستەیی بونیادیی عێراق بە تورکیا، وەک وڵاتێکی سەرەکیی گواستنەوە بۆ هەناردەکردن زیاد دەکات.

سیناریۆی **C**

### هەمەچەشنکردنی هەناردە بەرەو دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست:

بە تەواوکردنی بۆری بەسرە–حەدیسە–عەقبە و ئەگەری درێژکردنەوەی بۆ میسر و دەریای ناوەڕاست، عێراق دەتوانێت ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی لە دەرەوەی گەرووی هورمز و ڕێڕەوی جەیهان هەمەچەشن بکات، کە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاسایشی هەناردەکردن سەقامگیردەکات. بەڵام تێچووی سەرمایەی بەرز، مەترسیە ئەمنییەکانی دەریای سوور و دژایەتیی سیاسیی ناوخۆیی دەبنە هۆی کەمکردنەوەی توانای بازرگانی و متمانەی کارکردنی ئەم ڕێڕەوە.

سیناریۆی **D**

### ستراتیژیی هەناردەکردنی فرە-ڕێڕەوی:

عێراق دەتوانێت تۆڕێکی هەمەچەشنی هەناردەکردن پەرە پێبدات بە تەواوکردنی بۆری بەسرە–حەدیسە و نۆژەنکردنەوەی بۆری عێراق–تورکیا و دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان بۆرییەکانی تورکیا و سووریا و سعودیە. ئەمەش ڕێگە بە عێراق دەدات کە هەناردەکردنی نەوتی خاو لە نێوان چەندین ڕێڕەودا بگۆڕێت بە پێی گۆڕانی دۆخی جیۆپۆلەتیکی یان گۆڕانکارییە بازرگانییەکان، کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئاسایشی وزە و سەربەخۆیی ستراتیژی عێراق.[46]

ئەزموونی ساڵی 2026 نیشانی دا کە هەمەچەشنکردن چیتر تەنیا ئامانجێکی ژێرخانی نییە، بەڵکو بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ئاسایشی ئابووریی نیشتمانی عێراق. بەڵام سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە پشتبەستووە بە چاکسازییەکانی ئاسایشی ناوخۆ و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێبرکێ جیۆپۆلەتیکییەی کە هەیە لەسەر تورکیا وەک ناوەندێکی سەرەکی گواستنەوەی وزە لە ناوچەکەدا.

# پێشنیارە سیاسییەکان بۆ حکومەتەکەی زەیدی

بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی نیشتمانی و بەردەوامیی ئابووری، پێویستە حکومەتی عێراق ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لە پێشینەی سیاسەتی خۆیدا دابنێت:

1

**خێراکردنی کارەکان لەسەر هێڵی سەرەکی بۆری بەسرە-حەدیسە**

چاودێریی خێرایی و بەردەوامیی کارە بیناسازییەکانی پرۆژەی بەسرە-حەدیسە، لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی دەستەی باڵای چاودێری و پاڵپشتیە داراییەکانی  چین "نەوت بۆ ژێرخان" دووربن لە دواخستنە بیرۆکراتییەکان.

2

**چارەسەرکردنی قەیرانی وزە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان**

داڕشتنی یاسایەکی هەمەلایەنە و درێژخایەنی فیدراڵی بۆ سەرچاوە نەوتی و غازییەکان، کە بە ڕوونی دابەشکردنی داهات یەکلا بکاتەوە و هەردوو لا پابەند بکات بە گرێبەستی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکانی گەڕان و دەرهێنانی نەوت بە مەبەستی دروستکردنەوەی متمانە بۆیان و ڕۆڵی سۆمۆ بە ڕوونی دیاریبکرێت لە بەبازاڕیکردنی نەوتی باکوور.

3

**داڕشتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو بۆ دانوستانەکانی پەیماننامەی تورکیا**

بەکارهێنانی ماوەی درێژکراوەی چوار مانگی پەیماننامەکە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ و درێژخایەن دەربارەی بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا. پێویستە عێراق هەڵوێستێکی یەکگرتوو لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و قەرزە نەدراوەکانی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە هەوڵەکانی تورکیا بکات بۆ سەپاندنی کرێیەکی بەرزی نەخوازراو بۆ بۆریەکە.

4

**هەڵوەشاندنەوەی ئابووری قاچاخچێتی و بەهێزکردنی ئاسایش**

بەردەوامبوون لە هەنگاوەکانی داماڵینی چەکی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و هێشتنەوەی چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا لە ژێر چەتری وەزارەتە ئەمنی و سەربازییەکانی دەولەتی فیدراڵی عێراقدا. هەروەها پێویستە عێراق ڕێگریی گواستنەوەی نایاسایی نەوت و ڕێگاکانی قاچاخ و تێکەڵکردنی نەوت لە بەندەرەکانی باشوور بکات و سەرچاوە داراییە نایاساییەکان کەم بکاتەوە کە پشتگیری گروپە چەکدارە  سەربەخۆکان دەکەن.

5

**کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تەنگەبەرە دەریاییەکان لە ڕێگەی ڕێڕەوی دەریای سوور-دەریای ناوەڕاست**

هەڵسەنگاندنی توانای تەکنیکی و دارایی لەگەڵ ئوردن و میسر بۆ درێژکردنەوەی پرۆژەی بۆریی بەسرە-عەقەبە بەرەو دەریای ناوەڕاست و دامەزراندنی ڕێڕەوێکی گواستنەوەی وشکانی لە چوارچێوەی عەممان-بەغدا-قاهیرە، کە بتوانێت وابەستەیی بە گەرووی هورمز و مەترسییەکانی دەریای سوور کەم بکاتەوە.

قەیرانی گەرووی هورمز لە ساڵی 2026، لەگەڵ ناسەقامگیرییەکانی دواتر، نیشانیدا کە پشتبەستنی عێراق بە یەک ڕێڕەوی هەناردەکردنی دەریایی هێشتا لاوازییەکی ستراتیژیی و گەورەیە. ئەگەر عێراق نەتوانێت ڕێگاکانی هەناردەکردن هەمەچەشن بکات، بەڕێوەبردنی کەرتی وزەی فیدراڵی بەهێز بکات وەبەرهێنانی گەورەی تیادابکات، ناکۆکییە ناوچەییەکانی داهاتوو بەردەوام دەبنە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەقامگیریی ئابووریی وڵاتەکە.

# سەرچاوەکان


1. Shokri, Umud. ‘Iraq’s Northern Exports Return, but Supply Risks Persist’. Middle East Forum, 19 March 2026. https://www.meforum.org/mef-observer/iraqs-northern-exports-return-but-supply-risks-persist.
2. The National Context. ‘Baghdad Turns to the Printing Press as Oil Revenue Holds Near $1 Billion’. Economic Intelligence. The National Context, 8 June 2026. https://thenationalcontext.com/baghdad-turns-to-the-printing-press-as-oil-revenue-holds-near-1-billion/.
3. MEXC, ‘Iran War 2026: Why Oil Prices Are Surging Again — And What Smart Investors Are Doing About It’.
4. IEA. ‘Strait of Hormuz - About’. IEA, February 2026. https://www.iea.org/about/oil-security-and-emergency-response/strait-of-hormuz.
5. Moore, Malcolm, and Tom Wilson. ‘Oil Market Has Lost a Billion Barrels Due to Iran War, Vitol Boss Warns’. Financial Times, 21 April 2026.
6. Merza, Taba’at Naftiyya Li-Harb al-Khalij 2026: Durus Wa-’Ibar” [Oil Implications of the 2026 Gulf War: Lessons and Insights], 7.
7. Hidayat, Muflih. ‘Iraq’s Oil Export Route Crisis: Collapse, Pipelines & Alternatives 2026’. Discovery Alert, 26 May 2026. https://discoveryalert.com.au/iraq-oil-export-routes-hormuz-pipeline-collapse-2026/.
8. Jiyad, ‘Basra - Aqaba Crude Oil Pipeline: Economic, Legal, Geopolitical, Geostrategic and National Security Perspectives’, 8.
9. The National Context, ‘Baghdad Turns to the Printing Press as Oil Revenue Holds Near $1 Billion’
10. Ibid.
11. Ibid.
12. Ibid.
13. Shafaq News. ‘Iraq Ranks Lowest in Gulf Oil Storage Capacity’. Shafaq News, 9 March 2026. https://shafaq.com/en/Economy/Iraq-ranks-lowest-in-Gulf-oil-storage-capacity.
14. Sheng, James J. ‘Shut-in Effect on Oil Recovery under Different Reservoir and Operation Conditions’. Petroleum Science and Technology 42, no. 8 (2024): 939–57. https://doi.org/10.1080/10916466.2022.2143809.
15. Alsubaih et al., ‘A Comprehensive Review of Well Integrity Challenges and Digital Twin Applications Across Conventional, Unconventional, and Storage Wells’.
16. Iraq Oil Report. ‘Iraq’s Northern Exports at Risk with Imminent Expiration of Turkey Treaty’. Iraq Oil Report, 2 June 2026. https://www.iraqoilreport.com/news/iraqs-northern-exports-at-risk-with-imminent-expiration-of-turkey-treaty-47824/.
17. Azeez, Shwan Jamal. ‘Oil Governance and Institutional Development in de Facto States: A Comparative Study of the Kurdistan Regional Government and Rojava’. The Extractive Industries and Society 25 (November 2025). https://doi.org/10.1016/j.exis.2025.101818.
18. Iraq Oil Report, ‘Iraq’s Northern Exports at Risk with Imminent Expiration of Turkey Treaty’.
19. Ibid.
20. Victoria J. Taylor and Yerevan Saeed. ‘Is the Baghdad-Erbil Oil Deal a Blueprint for Settlement—or a Stopgap?’ Atlantic Council, 30 September 2025. https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/is-the-baghdad-erbil-oil-deal-a-blueprint-for-settlement-or-a-stopgap/.
21. Saeed |, ‘Iraq’s Oil Export Crisis Needs a Durable Baghdad-Erbil Deal’; Shokri, ‘Iraq’s Northern Exports Return, but Supply Risks Persist’.
22. Iraq Oil Report, ‘Iraq’s Northern Exports at Risk with Imminent Expiration of Turkey Treaty’.
23. Ibid.
24. Ibid.
25. John Lee, ‘Iraq-Turkey Pipeline Contract to Be Negotiated | Iraq Business News’ John Lee. ‘Iraq-Turkey Pipeline Contract to Be Negotiated | Iraq Business News’. Iraq Business News, 27 May 2026. https://www.iraq-businessnews.com/2026/05/27/iraq-turkey-pipeline-contract-to-be-negotiated/.
26. Toomey, Bridget. ‘Iraq Is Envisioning New Oil Pipelines — But They Are Likely a Pipe Dream’. FDD, 5 May 2026. https://www.fdd.org/analysis/2026/05/05/iraq-is-envisioning-new-oil-pipelines-but-they-are-likely-a-pipe-dream/.
27. StringersHub. “Iraq: Iraq, Türkiye Sign Agreement to Transport Crude Oil Exports via Ceyhan Port.” Video, 00:51. August 2, 2026. Reuters Connect. https://www.reutersconnect.com/item/iraq-iraq-turkiye-sign-agreement-to-transport-crude-oil-exports-via-ceyhan-port/dGFnOnJldXRlcnMuY-29tLDIw-MjY6bmV3c21sX09XU0hCQzExNzI0MDU.MOFA.
28. Salem, Amr. ‘Iraq Seeks to Revive Oil Pipeline via Saudi Arabia to the Red Sea’. Iraqi News, 15 April 2026. https://www.iraqinews.com/iraq/iraq-seeks-to-revive-oil-pipeline-via-saudi-arabia-to-the-red-sea/.
29. Iraq Starts Work on Basra-Haditha Oil Pipeline, State News Agency Says’. Energy. Reuters, 1 May 2026. https://www.reuters.com/business/energy/iraq-starts-work-basra-haditha-oil-pipeline-state-news-agency-says-2026-05-01/.
30. Todd Riggs. ‘Iraq Basra-Haditha Pipeline Push’. Oil & Gas Middle East, 28 April 2026. https://www.oilandgasmiddleeast.com/news/iraq-basra-haditha-pipeline-push.
31. Iraq to Start Receiving Bids for Basra-Haditha Oil Pipeline Project’. Iraqi News, 8 April 2026. https://www.iraqinews.com/iraq/iraq-to-start-receiving-bids-for-basra-haditha-oil-pipeline-project/.
32. Reuters. ‘Iraq Approves Preliminary Agreements to Study Strategic Oil Export Pipeline Projects’. Energy. Reuters, 5 July 2026. https://www.reuters.com/business/energy/iraq-approves-preliminary-agreements-study-strategic-oil-export-pipeline-2026-07-05/.
33. Ahmed Mousa Jiyad. ‘Debating the Iraq-Jordan Oil Pipeline’. Iraq Business News, 12 July 2022. https://www.iraq-businessnews.com/2022/07/12/debating-the-iraq-jordan-oil-pipeline/.
34. Lefebvre, ‘The Diplomacy of Imperialism’; Ahmed Mousa Jiyad, ‘Debating the Iraq-Jordan Oil Pipeline’; Saeed, ‘A New Opportunity for the Basra-Aqaba Pipeline?’
35. Iraq to Build Twin Oil and Gas Pipeline to Jordan Port City’. Rudaw, 6 February 2018. https://rudaw.net/english/middleeast/iraq/060220181.
36. Merza, Ali. Taba’at Naftiyya Li-Harb al-Khalij 2026: Durus Wa-’Ibar” [Oil Implications of the 2026 Gulf War: Lessons and Insights]. Iraqi Economists Network, 2026.
37. Jiyad, Ahmed Mousa. ‘Basra - Aqaba Crude Oil Pipeline: Economic, Legal, Geopolitical, Geostrategic and National Security Perspectives’. 19 September 2022, 18
38. Karam Shaar, ‘Iraq-Syria Oil Pipeline’.
39. Pipeliner. ‘The Kirkuk – Banias Pipeline’. Pipeliner, 28 March 2011. https://www.pipeliner.com.au/internationalnews/the-kirkuk-banias-pipeline/.
40. Ibid.
41. Karam Shaar, ‘Iraq-Syria Oil Pipeline’.
42. Ibid.
43. Salem, ‘Iraq Seeks to Revive Oil Pipeline via Saudi Arabia to the Red Sea’.
44. Abdulrahman Salah. ‘3 مصادر: لا مفاوضات عراقية–سعودية لإعادة إحياء خط أنابيب النفط | Three Sources: No Iraq–Saudi Arabia Negotiations on Reviving the Oil Pipeline’. Attaqa, 16 April 2026. https://attaqa.net/2026/04/16/3-%d9%85%d8%b5%d8%a7%d8%af%d8%b1-%d8%a7%d9%84%d8%b9%d8%b1%d8%a7%d9%82-%d9%84%d9%85-%d9%8a%d9%81%d8%a7%d9%88%d8%b6-%d8%a7%d9%84%d8%b3%d8%b9%d9%88%d8%af%d9%8a%d8%a9-%d9%84%d8%a5%d8%b9%d8%a7%d8%af%d8%a9/.
45. Ibid.
46. The Jerusalem Post. ‘Iraq, Turkey Discuss Protocol to Keep Oil Exports Flowing, Iraqi Foreign Ministry Says’. The Jerusalem Post, 3 July 2026. https://www.msn.com/en-us/news/world/iraq-turkey-discuss-protocol-to-keep-oil-exports-flowing-iraqi-foreign-ministry-says/ar-AA278qLI.

# کات-کرینەوە: چۆن بەغدا قەیرانە نەوتی و داراییەکەی عێراقی بەڕێوە بردووە؟



**محمد حسێن**
توێژەر لە ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری ئاسۆی وزەی عێراق (IEO)

داخستنی گەرووی هورمز دوای دەستپێکردنی شەڕی ئێران-ئیسرائیل-ئەمریکا، یەکێک لە دیارترین لاوازییە ئابوورییەکانی عێراقی ئاشکرا کرد: ئەویش وابەستەیی بەردەوام و زۆری کەرتی دارایی گشتییە بە هەناردەکردنی نەوت. لە چەند ڕۆژێکی سەرەتای قەیرانەکەدا، بڕی هەناردەکردنی نەوتی خاو بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی و بووە هۆی لەدەستدانی ملیارەها دۆلار لە داهاتی حکومەتی فیدراڵی عێراق. ئەمە بە گەورەترین شۆکی دارایی دوای ساڵی 2003 لە عێراق دادەنرێت.

یەکێک لە نیگەرانییە گەورەکان ئەوە بوو کە ئایا بەغدا دەتوانێت بەردەوام بێت لە دابینکردنی دارایی پێویست بۆ دەوڵەت؟ لە کاتێکدا داهاتی نەوت نزیکەی 90% ی داهاتە فیدراڵییەکانە و بنەمای سەرەکیی خەرجییە گشتییەکان دابین دەکات لە مووچە و خانەنشینییەوە تا ئاسایش، پاڵپشتییەکان بۆ کەرتی کارەبا و کارپێکردنی ڕۆژانەی دامەزراوەکانی حکومەت. بۆیە وەستانی هەناردەکردن بۆ ماوەیەکی درێژ دۆخی دارایی عێراق و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەشی خستۆتە مەترسییەوە. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن حکومەتی فیدراڵی عێراق دەستبەجێ تووشی داڕمانی دارایی نەبووەو تا ئێستا توانیویەتی ڕووبەڕووی ئەم شۆکە بێوێنەیەی نەوت و دارایی ببێتەوە. هەروەها میکانیزمە فریاگوزارییەکانی بەردەوامیدان بە دارایی حکومەت شیدەکاتەوە، بووژانەوەی هێواشی دارایی وڵات هەڵدەسەنگێنێت، و ئەو مەرجانە دیاری دەکات کە بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیریی دارایی درێژخایەن پێویستن لە عێراقدا.



ئەندامانی حکومەتی فیدراڵی عێراق لە کۆبوونەوەیەکەی کابینەی حکومەتەکەدا لە کاتی قەیرانی گەرووی هورمز. سەرچاوەی وێنە: نوسیگەی سەرۆک وەزیران عەلی زەیدی

# هێشتا دوورین لە بووژاندنەوەی دوای قەیرانەکە

گرژییەکانی کەنداو چەندجارێک سەریان هەڵداو هێوربوونەوە، دەرئەنجام، هاتووچۆی کەشتییە بازرگانییەکانی گەرووی هورمز لە دۆخێکی نائاسایی و گرژی بەردەوامدا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی 6 دا دەستی پێکردەوە، کە هەندێک لە فشارە داراییەکانی قەیرانەکەی کەم کردەوە، بەڵام لە مانگی 7 دا جارێکی دیکە کەم بۆیەوە، هێشتا مەترسیە ئاسایشییەکان بەردەوامن لە سنووردارکردنی هاتووچۆی بارهەڵگرە نەوتییەکان و کەمکردنەوەی متمانەی کڕیاران.

حکومەتی فیدراڵی عێراق بەردەوامە لە دابینکردنی مووچە، خانەنشینی و ئەرکە سەرەکییەکانی دیکەی دەوڵەت بە پشتبەستن بە چەند چارەسەرێکی خێرای وەک قەرزی ناوخۆیی، دووبارە ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان و گەڕاندنەوەی بەشێکی داهاتی هەناردەکردنی نەوت[1]. بەڵام نابێت ئەم هەنگاوە خێرا و چارەسەرە بەپەلانە وەک گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی لێکبدرێتەوە. چونکە عێراق تەنیا بەشێکی کەمی داهاتە نەوتییەکانی دەستدەکەوێتەوە بەراورد بە پێش قەیرانەکە. هێشتا پێگەی دارایی وڵات زۆر لەو ئاستە نزمترە کە بتوانێت بە ئاسوودەیی بودجەکەی دابین بکات.

هەربۆیە بووژانەوەی تەواو پێویستی بەوە هەیە کە داهاتی نەوت بەلایەنی کەمەوە بگەڕێتەوە بۆ ئاستەکانی پێش قەیرانی گەرووی هورمز لە مانگی 2 ی 2026. سەرەڕای ئاسایبوونەوەی دۆخەکە لەم دواییەدا بەڵام هێشتا عێراق زۆری ماوە تا بگات بەو ئامانجە.

بە مانایەکی تر، بووژانەوەی تەواوی دارایی پێویستی بە چەند مەرجێکی قورستر هەیە، ئەویش گەڕاندنەوەی هەناردەکردنی نەوتی خاوە بۆ نزیکەی 3.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئینجا بەدەستهێنانی نرخی نەوتی نێودەوڵەتی لە سەرووی 84 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک[2]. هەربۆیە تەنیا لە ژێر ئەم مەرجانەدا، وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی خەملاندوویەتی، بەغدا دەتوانێت بە ئاسوودەیی پابەندییە داراییە بەردەوامەکانی خۆی لە مووچە و خانەنشینی و خەرجییە کارگێڕییەکانی تری دابین بکات، بەبێ ئەوەی پشت بە قەرزی ناوخۆیی ببەستێت یان پەنا بۆ ڕێوشوێنە داراییە نائاساییەکان ببات. بەڵام ئەم بووژانەوە داراییە زەحمەتە تا کۆتایی 2026 بەدیبێت.

# شۆکە داراییەکە: کاتێک کە داهاتە نەوتییەکانی عێراق داڕووخا

داخستنی گەرووی هورمز قەیرانی ئەمنی ناوچەکەی گۆڕی بۆ شۆکێکی دارایی بێ وێنە بۆ عێراق. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکە بۆ ئاستێک داڕووخا کە پێشینەی نەبووە لەدوای سەردەمی سزاکانی نێودەوڵەتیی ساڵانی 1990ەکان، ئەو کاتانەی بەغدا لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی داهاتی گشتی بێبەش کرابوو[3]. لەبەر ئەوەی داهاتە نەوتییەکان بەردەوام نزیکەی 90% ی داهاتی حکومەتی فیدراڵی پێکدەهێنێت، هەر بەرمیلێک نەوت کە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی هەناردەکردن لەدەست چووە، ڕاستەوخۆ بۆتە هۆی کەمبوونەوەی توانای دارایی حکومەتەکە. هێڵکاری 1 وێنەیەکی ڕوونی ئەم قەیرانە نیشان دەدات لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2026دا، کە چۆن کاریکردۆتە سەر هەناردەکردنی نەوت، داهاتە نەوتییەکان و دارایی گشتیی عێراق. عێراق لە مانگی 2ی 2026دا زیاتر لە 107 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەناردە دەکرد، کە هاوتای نزیکەی 3.5 ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا، لە ڕێگەی تێرمیناڵەکانی باشووری کەنداو و بۆری نەوتی عێراق-تورکیا. ئەم هەناردەکردنە نزیکەی 6.8 ملیار دۆلار داهاتی مانگانەی نەوتی بۆ عێراق دابین کرد. بەڵام، لە ماوەی دوو مانگدا هەناردەکردنی نەوت بۆ زیاتر لە 90% دابەزی. تا مانگی 5 عێراق کەمتر لە 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەناردە کرد، کە دەکاتە نزیکەی 287 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا داهاتی مانگانەی نەوتیش بۆ نزیکەی 900 ملیۆن دۆلار دابەزی، کە تەنیا نزیکەی یەک لەسەر هەشتی هەمان ئەو داهاتانە بوو لە پێش قەیرانەکە.

هۆکاری سەرەکی ئەم دابەزینە پەککەوتنی سیستەمی هەناردەکردنی نەوت بوو لە باشووری عێراق. تێرمیناڵەکانی نەوتی بەسرە لە کەنداو، کە نزیکەی 93% ی هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراقیان بەڕێوە دەبرد، بەهۆی پچڕانی هاتووچۆی بازرگانیی کەشتی لە گەرووی هورمز لەکارکەوتن. هەناردەکردنی باشوور لە زیاتر لە 101 ملیۆن بەرمیل لە مانگی 1 ی 2026 بۆ کەمتر لە 3 ملیۆن بەرمیل لە مانگی 5 دابەزی، کە یەکێک بوو لە سەختترین دابەزینە تۆمارکراوەکان لە مێژووی نوێی پیشەسازی نەوتی عێراقدا. لە بەرامبەردا، ڕێڕەوی هەناردەکردنی باکوور لە ڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا خۆڕاگرییەکی زیاتری نیشاندا. هەرچەندە لە ئاستێکی زۆر کەمتر لە توانای تەکنیکیی خۆی کاریدەکرد، چونکە، بەهۆی نیگەرانییە ئاسایشییەکانەوە، بەشێکی زۆری بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا لەکارکەوتبوو. هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی جەیهان لە ماوەی قەیرانەکەدا لەنێوان نزیکەی 4 ملیۆن تا 7 ملیۆن بەرمیل بوو لە مانگێکدا. ئەمە وایکرد ئەم ڕێڕەوە ببێتە تاکە دەروازەی هەناردەکردن بۆ عێراق کە تا ڕادەیەک جێگیر بوو لە قورسترین کاتەکانی قەیرانەکەدا. بێگومان سنووردارییەکانی ئەم ڕێڕەوەش واتای ئەوەیە کە تەنیا دەتوانێت بەشێکی کەم لە زیانەکانی هەناردەکردنی باشوور قەرەبوو بکاتەوە. لە مانگی 6دا، یەکەم نیشانەکانی بووژانەوە دەرکەوتن. لەگەڵ ئەوەی دۆخی ئاسایش لە کەنداو وردەوردە بەرەو هێوربوونەوە دەچوو متمانەی بازرگانییش بە هێواشی گەڕایەوە، هاتووچۆی بارهەڵگرە نەوتییەکان لە گەرووی هورمز دووبارە دەستیان پێکردەوە.

هێڵکاری 1: هەناردەکردنی نەوت و داهاتی نەوتی عێراق لە ماوەی قەیرانی گەرووی هورمز (مانگیی 6 - 1  2026)




سەرچاوە: داتاکان لەلایەن نووسەرەوە بە کەڵک وەرگرتن لە داتاکانی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) بۆ ماوەی لە مانگی یەک تا حوزەیرانی ٢٠٢٦ کۆکراونەتەوە و خەملێندراون.

هەناردەکردنی باشور لەو مانگەدا بۆ نزیکەی 17 ملیۆن بەرمیل بەرزبووەوە، و ئەمە داهاتی مانگانەی نەوتی عێراقی گەیاندە نزیکەی 2.7 ملیار دۆلار. هەرچەندە ئەمە بەراورد بە مانگەکانی 4 و 5 گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بوو بوو، بەڵام هێشتا داهاتی نەوت زۆر لەو ئاستە کەمترە کە بتوانێت بەبێ فشار پابەندییە داراییەکانی عێراق جێبەجێ بکات.

هەروەها ئەم ئامارانە جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان بووژانەوەی داهات و بووژانەوەی دارایی نیشان دەدەن. بووژانەوەی داهات واتای ئەوەیە کە هەناردەکردنی نەوت لە ئاستە نائاساییە زۆر نزمەکانی لوتکەی قەیرانەکەوە دەستی بە بەرزبوونەوە کردووە. بەڵام بووژانەوەی دارایی پێویستی بە هەلومەرجێکی زۆر قورستر هەیە.

حکومەتی فیدراڵی عێراق یاسای بودجەی ساڵی 2026 ی پەسەند نەکرد. لەبری ئەوە، دارایی گشتی بەپێی یاسای «یەک لەسەر دوانزە» لە بودجەی ساڵی پێشوو خەرجییەکانی ئەمساڵ دابین دەکات. بەم پێیە، حکومەت دەتوانێت لە هەر مانگێکدا تا بڕی یەک لەسەر دوانزەی کۆی گشتی بڕی خەرجییەکانی ساڵی 2025 خەرج بکات، بەڵام ئەمەش پەیوەستە بە بوونی داهاتی بەردەست.

بەپێی چوارچێوەی بودجەی ساڵی 2025، حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ دابینکردنی خەرجییە بەردەوامەکانی و بۆ بەڕێوەبردنی خۆی، مانگانە پێویستی بە نزیکەی 11.769 تریلیۆن دیناری عێراقی[4](نزیکەی 8.98 ملیار دۆلار[5]) هەیە. بە بەراورد بە داهاتی نەوتی خەملێنراوی عێراق لە مانگی 6 تەنیا نزیکەی 1.4 ملیار دۆلاری ئەمریکی بوو، کە کەمترە لە یەک لەسەر شەشی ئەو بڕەی پێویستە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی پێویستە.[6]

ئەم کەلێنە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بەغدا توانی خۆی لە دارمانێکی دارایی ڕاستەوخۆ بپارێزێت لە کاتێکدا هێشتویەتی فشارە داراییە بنەڕەتییەکانی لەسەر کەڵەکە بن. بووژانەوەی هەناردەکردنی نەوت تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بوو بۆ کەمکردنەوەی زەبری شۆکە داراییەکە، بەڵام هێشتا هاوسەنگی دارایی عێراقی نەگەڕاندۆتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.

# ستراتیجی داراییی بەغدا: کڕینی کات، نەک چارەسەرکردنی قەیران

وەڵامی حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ شۆکە داراییی و نەوتییەکەی ستراتیجێکی داراییی گونجاو، بەڵام مەترسیدار، نیشان دەدات. بەغدا لەبری ئەنجامدانی چاکسازیی بونیادی، پاراستنی ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەتی هەڵبژاردووە، بەو گریمانەیەی کە پەککەوتنی ئێستای هەناردەکردنی نەوت بە زوویی کۆتایی دێت. سیاسەتەکانی چوار مانگی ڕابردوو ئەوە نیشان دەدەن کە حکومەت هەوڵی بەدەستهێنانی خۆڕاگریی دارایی دەدات، نەک جێبەجێکردنی چاکسازیی دارایی.

ئەم ستراتیجە لەسەر سێ گریمانەی ناڕاستەوخۆ وەستاوە:

گریمانەی یەکەم ئەوەیە کە قەیرانەکە کاتییە و حکومەت بە بەردەوامی پشت بە قەرزی ناوخۆیی، بۆندەکانی گەنجینە و ئامرازە داراییە کورتخایەنەکانی دیکە دەبەستێت. داڕێژەرانی ئەم سیاسەتە پێشبینی دەکەن هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی گەرووی هورمز بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی پێش ئەوەی یەدەگە داراییەکانی عێراق هەمووی بەکاربهێندرێن.

گریمانەی دووەم لەسەر ئەو بنەمایە کە پێویستە سەقامگیریی سیاسی لە پێش بەردەوامیی داراییەوە بێت. لە بنەڕەتدا، کاتێک حکومەتەکان ڕووبەڕووی کورتهێنانی دارایی دەبنەوە، خەرجییەکانیان کەم دەکەنەوە تا هاوسەنگی نێوان داهات و خەرجییەکان بگەڕێننەوە. لە عێراقدا، ئەم بژاردەیە لە ڕووی سیاسییەوە سنووردارە. چونکە مووچەی کەرتی گشتی، خانەنشینی و تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی لە ساڵی 2025 دا بە تێکڕا نزیکەی 7.2 تریلیۆن دیناری عێراقی (5.5 ملیار دۆلار) بووە لە مانگێکدا[7]. ئەم خەرجییانە گرنگترین تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی وڵاتەکە پێکدەهێنن و پشتیوانی بنەماکانی شەرعیەتی سیاسیی چینە دەسەڵاتدارەکەش دەکەن. بۆیە کەمکردنەوەی ئەم خەرجییانە بە ئەگەری زۆرەوە دەبێتە هۆی نائارامیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرفراوان.

گریمانەی سێیەم ئەوەیە کە کات خۆی ئامرازێکی سیاسییە. هەموو ڕێکارە سەرەکییەکان کە لە سەرەتای قەیرانەکەوە گیراونەتەبەر، هەمان ئامانجی هاوبەشیان هەیە کە ئەویش کڕینی کات و دواخستنی ساتی تەقینەوەی بنبەستی قەیرانەکەیە. فرۆشتنی بۆندەکانی گەنجینە بۆ ئەوەی داهاتی لەدەستچووی نەوت بە قەرزی ناوخۆیی جێگۆڕکێ بکات، کات-کڕینە. دواخستنی پڕۆژەکانی ژێرخان و کەمکردنەوەی فشاری خەرجییە پێویستەکان، دووبارە بۆ کات کڕینە. خۆدزینەوە لە بژاردنی قەرز و شایستە داراییەکانی بەڵێندەران کە پڕۆژەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن، گشتی بۆ کات کڕینە. بەڵام هیچ کام لەم ڕێوشوێنانە داهاتی نوێ دروست ناکەن و وابەستەیی عێراق بە نەوت کەم ناکەنەوە.

**بەغدا بە گریمانەی کارکردن کە پەککەوتنی ئێستای هەناردەکردنی نەوت بەم زوانە کۆتایی پێدێت، پارێزگاری لە ئەرکە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی هەڵبژاردووە.**

بێگومان ئەم ڕێبازەش تێچووی خۆی هەیە. بەپێی دوایین ئاماری فەرمی، یەدەگەکانی دراوی بیانی بانکی ناوەندی عێراق بۆ نزیکەی 90 ملیار دۆلار [8] دابەزیوە، کە یەکسانە بە نزیکەی 118 تریلیۆن دیناری عێراقی بە نرخی فەرمیی ئاڵوگۆڕی دراو. لەگەڵ ئەوەی ئەم بڕە یەدەکە هێشتا لە ئاستێکی باشدایە ، بەڵام بەردەوام لێخەرجکردنی و کەمبوونەوەی بە تێپەڕبوونی کات توانای بانکی ناوەندی عێراق سنووردار دەکات لە پاراستنی نرخی ئاڵوگۆڕ و دابینکردنی داراییی هاوردەکان و پشتگیریی سەقامگیریی داراییی وڵاتەکە.[9]

ئەم ڕێبازی چارەسەرییانە نوێ نین. حکومەتی فیدراڵی عێراق لە کاتی کورتهێنانە داراییەکانی ساڵی 2014 و دارمانی داراییی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی 2020 دا بە هەمان شێوە وەڵامی قەیرانەکانی داوەتەوە. بە ڕێگاکانی قەرزکردن، دواخستنی وەبەرهێنان و چاوەڕوانی باشتر بوونی بارودۆخی بازاڕی نەوت ئەو ڕۆژگارە سەختانەی تێپەڕاند.

بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە تەواو جیاوازە. قەیرانەکانی پێشوو بەهۆی دابەزینی نرخەکانی نەوتەوە بوون لە کاتێکدا هەناردەکردن بەبێ پچڕان بەردەوام بوو. بەڵام قەیرانی ئێستا لە تێکچوونی خودی ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەم ستراتیجە ڕەنگە هێشتا ئەوەی نەسەلماندبێت کە ئایا تا چەند سەرکەوتوو دەبێت ئەگەرچی سەرکەوتن لێرەدا تەنها ئەو کاتانە دەبێت کە گریمانە بنەڕەتییەکانی دروست بن. ئەگەر هاتووچۆی کەشتی لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی و هەناردەکردنی نەوت لە نیوەی دووەمی ئەمساڵدا بیووژێتەوە، حکومەت دەتوانێت بە هێواشی کەلێنی دارایی خۆی کەم بکاتەوە و خۆی لە ڕێکخستنە داراییە توندەکان بپارێزێت.

لە کاتێکدا ستراتیجی پاراستنی سەقامگیریی سیاسیی و ئابووریی هەتا ئەو کاتەی داهاتی نەوتی ئاسایی دەبێتەوە لەوانەیە باشترین بژاردەبێت لە بارودۆخی ئێستادا، بەڵام لە هەمان کاتدا لاوازییە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئابووری عێراق دەردەخات.[10]

# دەرئەنجامەکان

حکومەتی فیدراڵی عێراق تا ئێستا سەرکەوتوو بووە لە ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی قەیرانێکی حوکمڕانی بەهۆی قەیرانە داراییەکەوە. سەرەڕای دابەزینێکی بێ وێنەی داهاتی نەوت، لە ڕێگەی قەرزی ناوخۆیی، پێداچوونەوە و کەمکردنەوەی خەرجی و دواخستنی پارەدان و دەستپێکردنەوەی وردە وردەی هەناردەی نەوت، توانیوێتی ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت جێبەجێ بکات. ئەم ڕێوشوێنانە کاتی بەنرخیان بۆ حکومەت کڕیوە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بەردەوامیی و سەربەخۆیی دارایی دابین بکەن.

بووژانەوەی دارایی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە گەڕانەوەی هەناردەکردنی ئاسایی نەوت لە ڕێگەی بەندەرەکانی باشووری بەسرە و دواتر ئاسایی بوونەوەی هاتووچۆی کەشتی لە گەرووی هورمز. ئەم قەیرانە جارێکی دیکە لاوازییە بونیادییە داراییەکانی عێراقی ئاشکرا کرد، کە بریتین لە پشتبەستنی زۆری دەوڵەت بە یەک سەرچاوەی داهاتی سەرەکی و یەک ڕێڕەوی هەناردەکردن. ئەگەر ئەم وابەستەییە بونیادییە چارەسەر نەکرێت، ئەگەری زۆرە ئاڵۆزییە جیۆپۆڵەتیکییەکانی داهاتوو هەمان شۆکی دارایی دروست بکەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەم قەیرانەی ئێستا تا چەند بە شێوەیەکی کاریگەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

# سەرچاوەکان


1. The New Region. "Central Bank of Iraq Denies Printing Money to Combat Financial Crisis." 7 June 2026. https://thenewregion.com/posts/5572/cbi-denies-printing-money-to-combat-financial-crisis
2. IMF Country Report No. 25/183. "2025 ARTICLE IV CONSULTATION—PRESS RELEASE; STAFF REPORT; AND INFORMATIONAL ANNEX." July 2025. https://www.imf.org/en/publications/cr/issues/2025/07/11/iraq-2025-article-iv-consultation-press-release-staff-report-and-informational-annex-568569
3. Editorial Team, Iraq Energy Outlook. "Iraq's WartimeOil Revenue Crisis." 14-19. May 2026. Print.
4. Ministry of Finance of the Republic of Iraq. State Accounts through December 2025 for the Federal Budget (حساب الدولة لغاية شهر كانون الأول 2025 للموازنة الاتحادية). Baghdad: Ministry of Finance, 2026. https://www.mof.gov.iq/Budget-implementation-Archive.aspx
5. IQD–USD conversions are based on the official exchange rate of 1,310 IQD per 1 USD, which is used for budget preparation and execution. The parallel market exchange rate differs and has generally fluctuated above 1,510 IQD per 1 USD.
6. In 2025, the Iraqi Federal Government actually spent 141.23 trillion IQD (approximately 107.8 billion USD), equivalent to an average of 11.77 trillion IQD (9.0 billion USD) per month. During the same year, the government collected 124.19 trillion IQD (approximately 94.8 billion USD) in total revenues, averaging 10.35 trillion IQD (7.9 billion USD) per month. The figures indicate that, even before the Strait of Hormuz crisis in 2026, Iraq's public finances were characterized by a sizeable gap between expenditures and revenues, highlighting the government's heavy reliance on sustained oil exports and its limited fiscal flexibility in the face of external shocks.
7. Ministry of Finance of the Republic of Iraq. State Accounts through December 2025 for the Federal Budget (حساب الدولة لغاية شهر كانون الأول 2025 للموازنة الاتحادية). Baghdad: Ministry of Finance, 2026. https://www.mof.gov.iq/Budget-implementation-Archive.aspx
8. Amer Salem. "Central Bank of Iraq's foreign reserves drop in Q2 2026." June 18, 2026. https://www.iraqinews.com/iraq/central-bank-of-iraqs-foreign-reserves-drop-in-q2-2026/
9. There are several methods for assessing reserve adequacy. The IMF primarily uses prospective import coverage; for Iraq, reserves of approximately 50–55 billion USD would cover about five months of imports, implying a significantly weaker external buffer and reduced policy space for the Central Bank.
10. Hadley Gamble. "US companies will be 'top priority' in Iraq, new PM says." June 25, 2026. https://www.thenationalnews.com/news/mena/2026/06/25/us-companies-will-be-top-priority-in-iraq-new-pm-says/

# پەیوەندیی وزەی چین و عێراق: وەرچەرخانی ستراتیژیی عێراق بەرەو ڕۆژهەڵات



سەردار عەزیز
ڕاوێژکاری باڵی دامەزراوەی فریدریش ئێربەرتە (Stiftung Ebert Friedrich)لە عێراق و لە ماوەی ڕابردوودا وەک ڕاوێژکاری باڵی پەرلەمانی کوردستان کاری کردووە و توێژینەوەکانی سەرنج دەخەنە سەر پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و چین

لە ڕووی مێژووییەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێشینەی سیاسەتی دەرەوەی چیندا شوێنێکی گرنگی نەبوو، بەڵام ئەم دۆخە بەردەوام لە گۆڕاندایە. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، پێگە و کاریگەریی چین لەم ناوچەیەدا بە شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بووە و لەوانەیە ئەم ڕەوتە لە داهاتووشدا بەردەوام بێت.

عێراق شوێنێکی گرنگ و چارەنووسسازی لە ستراتیژیی چیندا هەیە، چونکە جگە لەوەی توانایەکی ئابووریی بەرچاو و هەلی فراوانی بۆ گەشە و پەرەپێدان هەیە، هاوکات کاریگەرییەکی بەرچاویشی هەیە لەسەر سیاسەت و مامەڵەی وڵاتانی دراوسێی خۆی. لە هەمووی گرنگتر، عێراق بە هۆی ئابووری و ژینگە سیاسییە نیمچە-کراوەکەیەوە ئاستێکی بەرچاو ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێدایە، بەڵام هێشتا زۆر تایبەتمەندی هەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەی جیای دەکاتەوە. ئەم تایبەتمەندییانە هەل بۆ چین دەڕەخسێنێت تا پێگەی خۆی لە کایەی سیاسیی عێراقدا پەرەپێبدات، لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و هەروەها دامەزراندنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان.[1] لە بواری ئابووریشدا، چین توانیویەتی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان و هاوبەشە ئابوورییەکانی لە عێراق دروست بکات، بە شێوەیەک کە ئەم پەیوەندییانەی لە ئاستی کۆمپانیا بە کۆمپانیا لە سەرانسەری وڵاتدا پەرەپێداوە.




وێناکردنێک لە پەیوەندییە ئابووری و وزەییەکانی نێوان عێراق و چین، کە لەلایەن تیمی تەکنیکی پرۆژەی ئاوتلۆنی وزەی عێراقەوە بەرهەم هێنراوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دروستکردنی وێنە بە یارمەتی ئۆپن ئای.

> لە 13 بلۆکی نەوتی، کۆمپانیا چینییەکان گرێبەستی 10 دانەیان بردەوە لە خولی پێنج و شەشی گرێبەستە نەوتییەکان لە مانگی 5 ی 2024

## گریمانە

ئەم ڕاپۆرتە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی سیاسەتی وزەی چین لە عێراق نەک تەنیا لە ڕێگەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت یان ئامارە بازرگانییەکان، بەڵکو لە ڕێگای ئاوڕدانەوەش لە مێژووی سیاسەتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خواستی بۆ وزە و هاوکات هەوڵی پاراستنی ئاسایشی وزەی نیشتمانی. بەڵام ئەم تێڕوانینە بە تەنیا بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی هاوچەرخی چین لە عێراق بەس نییە. چونکە ستراتیژیی چین لە ئێستادا زۆر فراوانترە و وەبەرهێنان، بازرگانی، پەرەپێدانی ژێرخان، مامەڵەی دیپلۆماسی، هاوبەشیی دامەزراوەیی و تۆڕەکانی دەستەبژێر لەخۆدەگرێت. ئەم چالاکییانە پێکەوە پێگەی درێژخایەنی سیاسی و ئابووری و ستراتیژیی چین لە عێراق بەهێزتر دەکەن.

# پەیوەندی چین وعێراق: مێژوویەکی کورت

بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژیی هاوچەرخی چین لە عێراق، پێویستە لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەرەسەندنی ئەم پەیوەندییە بکرێت. پێگەی ئێستای چین لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 لەناکاو سەری هەڵنەدا، بەڵکو لە ڕێگەی چەند قۆناغێکی جیاوازەوە پەرەی سەندووە و هەریەکەیان پانتایی بەشداریکردنی چینیان فراوانتر کردووە.

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان چین و عێراق لە کۆتاییەکانی دەیەی 1950’وە، کاتێک عێراق لە سیستەمی پاشایەتی بۆ کۆماری گۆڕا، دەستیان پێکرد. بەڵام، چین تا ماوەیەکی درێژ بە شێوەیەکی بەرچاو لە بواری ئابووریدا ئامادەبوونێکی کاریگەری نەبوو. یەکەم هەنگاوی گرنگی چین لە عێراق لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراق لە دەیەی 1980’کاندا دەستپێکرد، کاتێک لە ڕووی سەربازی و جیۆپۆلەتیکییەوە پەیوەندییەکانی فراوانتر کرد. دواتر، لە ماوەی سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکاندا، بەشداریی خۆی لە کەرتی وزەی عێراق دەست پێکرد.

چین لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو جەنگەدا دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو: یەکەم: فرۆشتنی چەک بە دەوڵەتان، دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی یەکێتیی سۆڤیەت. لەو کاتەدا، وادیار بوو کرێملین بە هێواشی لە بەغدا دوور دەکەوێتەوە و زیاتر لە تاران نزیک دەبێتەوە. دێنگ شیاوپینگ، سەرکردەی ئەوکاتی چین، بە بیرکردنەوەیەکی پراگماتیک ئامادە بوو بە شێوەیەکی نهێنی چەک بە بەغدا بدات، بۆ ئەوەی عێراق لە ژێر کاریگەریی یەکێتیی سۆڤیەت دەربهێنێت.[2]

کۆمپانیای پیشەسازی باکووری چین - نۆرینکۆ (NORINCO)، کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەک و دامەزراوە سەرەکییەکانی فرۆشتنی چەک، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سوپای ڕزگاریی گەل (PLA) هەبوو و ڕۆڵێکی سەرەکی لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەدا گێڕا. هەروەها ئەم پەیوەندییە بۆ پەکین سەرچاوەیەکی گرنگی دەستکەوتنی دراوی بیانی (hard currency) بوو.[3] بە فرۆشتنی چەک بە عێراق، چین توانی کاریگەریی یەکێتیی سۆڤیەت سنووردار بکات، دەرگای بازاڕێکی نوێ بۆ خۆی بکاتەوە، لە هەمان کاتدا هاوسەنگی لەنێوان دوو وڵاتی دوژمن، واتە عێراق و ئێران، بپارێزێت.[4]

**بە فرۆشتنی چەک بە عێراق، چین توانی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت سنووردار بکات و بازاڕێکی نوێ بکاتەوە و هاوسەنگی نێوان عێراق و ئێران ڕابگرێت**

ئەم پەیوەندییە سەربازییە سەرەتاییانە گرنگ بوون، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بناغەی پەیوەندیی دوولایەنەیان دانا، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییەشیان پیشاندا کە بەشداریی چین زۆرجار ئاوێتەیەکە لە بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و ستراتیژییەکان، کە یەکتر بەهێز دەکەن نەک ئەوەی بە جیاواز کار بکەن. ئەم ڕێبازە یەکگرتووە، بە تێپەڕبوونی کات لە کەرتی وزەشدا بە ڕوونی و زیاتر دەردەکەوێت.

لە ناوەڕاستی دەیەی 1990’کاندا، چین بە شێوەیەکی چالاک دەستی بە بەشداریی لە کەرتی نەوتی عێراقدا کرد. لەو کاتەدا، بەغدا بەهۆی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە شێوەیەکی زۆر سنووردار کرابوو. لە چوارچێوەی بەرنامەی «نەوت بەرامبەر خۆراک» (Oil-for-Food Programme)، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1996 ڕێگەیان بە عێراق دا لە ماوەی 180 ڕۆژدا نەوت بفرۆشێت بە بەهای تا 2 ملیار دۆلار.[5]

لە مانگی 6ی 1997، کۆمپانیای نۆرینکۆ بە سوودوەرگرتن لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سەددام حوسێن، توانی گرێبەستێکی 22 ساڵەی بەرهەمهێنانی هاوبەش (Production Sharing Contract) لەگەڵ عێراق واژۆ بکات. ئەم گرێبەستە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین (CNPC)یشی لەخۆگرت بە مەبەستی گەشەپێدانی نیوەی کێڵگەی نەوتی ئەلئەحدەب دوای هەڵگرتنی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بەغدا.[6] دواتر CNPC و نۆرینکۆ بە هاوبەشی کۆمپانیای ئەلواحە ‘Al-Waha’یان دامەزراند بۆ گەشەپێدانی ئەم کێڵگە نەوتییە.[7]

ئەم هەنگاوەی چین بەرەو کەرتی نەوتی عێراق، هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی لە سیاسەتی ئابووریی چین، کە بە پێی ئەوە پەکین دەستی بە فراوانکردن و قووڵکردنەوەی وەبەرهێنانەکانی لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی کرد. ئەم سیاسەتە بە ناوی «ستراتیژیی چوونە دەرەوە» (Going Out Strategy 走出去战略)ناسراوە، کە لەلایەن حکومەتی چینەوە وەک بەشێک لە ستراتیژیی گەشەی ئابووری و لە کۆنفرانسی پلانی پێنج ساڵەی نۆیەمی چین لە ساڵی 1995 پێشکەش و جێبەجێ کرا.

هەربۆیە، چوونە ناو کەرتی نەوتی عێراق لەلایەن چینەوە تەنیا بڕیارێکی بازرگانی نەبوو کە کۆمپانیاکان بە تەنیا خۆیان دایاننابێت، بەڵکو بەشێک بوو لە ستراتیژیی گشتیی نیشتمانیی چین. لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژییەدا، وەبەرهێنانە دەرەکییەکانی لە بواری وزە وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی خۆی لە دەرەوەی وڵات بەکاریهێنا.

لە نێوان مامەڵەکانی فرۆشتنی چەک لە دەیەی 1980 و گرێبەستە نەوتییەکانی دەیەی 1990، عێراق بڕێکی زۆر قەرزی چینی لەسەر کەڵەکەبوو. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، حکومەتی ئەمریکا داوای لە کۆمەڵەی وڵاتانی قەرزدەر لە یانەی پاریس کرد تا لە 80% ی قەرزەکانیان لەسەر عێراق خۆش بن. چینیش ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەڵسەنگاندنەوە و لێخۆشبوونی قەرزەکانی لە لای عێراق.

لە کاتێکدا کە یانەی پاریس میکانیزم و مەرجە هاوبەشەکانی خۆی بۆ بەخشینی عێراق لە قەرزەکان جێبەجێ دەکرد، پەکین پرۆسەکەی لەگەڵ عێراق بە شێوەیەکی دوولایەنە و بە وریاییەوە بەڕێوەبرد. ئەمەش بۆ چین ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە ڕێککەوتنەکانی بە پێی بارودۆخی دیاریکراوی عێراق ڕێکبخات و لە هەلومەرجە سیاسییەکانی وڵاتەکەش سوود وەربگرێت.

هەروەها چین هەوڵی دا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەستەبژێری سیاسی نوێی عێراق، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هاتبوونە سەر دەسەڵات، پەرەپێبدات. پەکین لە ساڵی 2007 بانگهێشتی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی کرد بۆ سەردانیکردنی چین. پێش ئەم سەردانە، تاڵەبانی داوای کرد چین عێراق ببەخشێت لە 8 ملیار دۆلاری قەرزەکانی.[8]

بە گوتەی جۆن لی ئەندەرسۆن، تاڵەبانی بە مەیلی لایەنگری چین و سەرسامی قووڵی بە چەمکی شەڕی گەلی ماو ناسرابوو، کە لە چیاکان دژی ڕژێمە ستەمکارەکان دەجەنگن[9]. ئەم ڕێبازەی چین، کە هەم لە هاندان و هەم لە دابینکردنی هەندێک داواکاریی سەرکردە نوێکانی عێراق سوود وەردەگرێت، یارمەتیی دا پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دووبارە بژێندرێنەوە.

دواتر، بەغدا کۆمپانیا چینییەکانی بانگهێشت کرد بۆ بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی تەندەرەکانیان بۆ گرێبەستەکانی گەڕان بەدوای نەوتدا، هەروەها ڕێککەوتنی گەشەپێدانی کێڵگەی نەوتی ئەلئەحدەب، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا واژۆکرابوو، دووبارە چالاک کرایەوە. لە هەمان کاتدا، عێراق بەردەوام داوای لێخۆشبوونی قەرزەکانی لە چین دەکرد و لە کۆتاییدا، پەکین لە زۆرینەی ئەو قەرزانەی خۆشبوو.[10]

بۆیە لێخۆشبوون لە قەرزەکان تەنیا ئامانجێکی دارایی نەبوو بەڵکو هاوکار بوو بۆ بنیاتنانەوەی متمانەی سیاسی لە نێوان بەغدا وپەکین. ئەمەش هەلومەرجێکی دروستکرد کە ئاسانکاری کرد بۆ گەڕانەوەی چین بۆ کەرتی وزەی عێراق، دەرفەتەکانی بۆ هاوکارییکردنی ئابووری فراوانتر کرد. ئەم داینامیکیەتە لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی کردووە.

لە مانگی 5ی 2024، عێراق دەستیکرد بە خولی مۆڵەتدانی «پێنجەم-زیادکراو» و «شەشەم» بۆ گرێبەستەکانی نەوت وغاز. ئەم خولە، زیاتر لە هەر ڕووداوێکی دیکە، باشتر وێنەی پەیوەندیی هاوچەرخی چین و عێراق نیشان دەدات. لە ماوەی سێ ڕۆژی بەڕێوەچوونی ئەم خولەدا، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بانگهێشت کران بۆ پێشکەشکردنی داخوازی بۆ 29 پرۆژەی نەوت و غاز. کۆمپانیا نەوتییە چینییەکان توانیان لە زۆربەی ڕکابەرەکانیان ببەنەوە، لەوانەش کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان. لە کۆتاییدا، لە کۆی 13 بلۆک 10 بلۆک بە کۆمپانیا چینییەکان درا، کە ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادەبوون و پێگەی ئەوانی لە کەرتی نەوتی عێراقدا فراوانتر کرد.[11]

## پێداویستییە گەورەکەی عێراق بۆ چین لە بواری پرۆژە ژێرخانییەکاندا، وایکردووە چین پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق لە گشت واڵتانی تری ناوچەکە پتەوتر بێت

براوەکان تەنیا کۆمپانیا گەورەکانی دەوڵەت نەبوون وەک Sinopec و CNOOC، بەڵکو کۆمپانیا تایبەت و بچووکەکانیش بوون، وەک Geo-Jade Petroleum و Zhenhua Oil[12].

لەگەڵ ئەوەی بەشداریی چین لە کەرتی وزەی عێراقدا زیاتر لەسەر بنەمای دەرفەتخوازی و ناسینەوەی لاوازییە سیاسییەکان بوو[13]، بەڵام گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ناوخۆیی چین کە لە ستراتیژیی چوونە دەرەوە (Going Out Strategy) دا داڕێژرابوون، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی خواستی چین بۆ نەوت، هۆکار بوون بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات بەشداری و پەیوەندییەکانی چین لە عێراقدا پتەوتربن.

# بەهێزکردنی پەیوەندییەکان

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ئاڕاستەیەوە، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و چین ساڵ لە دوای ساڵ گەشەیەکی بەردەوامی دەکرد. چین لە ماوەی کەمتر لە دەیە و نیوێکدا لە یاریکەرێکی سنووردار لە کەرتی نەوتی عێراقەوە گەیشتووەتە ئاستی یەکێک لە سەرەکیترین ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لەم کەرتەدا. ئەمە هەندێک جار ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی دروست کردووە کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات تەنیا لەسەر بەرژەوەندییەکانی وزە بنیات نراون؛ بەڵام ئەم دیدگایە سنووردارە و تەنیا بەشێک لە ڕاستییەکە دەخاتەڕوو. چونکە هاوکات عێراق بازاڕێکی گرنگی بەکاربەرە بۆ بەرهەم و کاڵا چینییەکان. بۆ تێگەیشتن لە فراوانبوونی ئەم پەیوەندییانە، دوو ڕوانگەی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی ئەم گەشەیە هەن. یەکێک لە ڕوانگە گرنگەکان ئەوەیە چین وەک وڵاتێک ببینرێت کە لە قۆناغی گواستنەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدایە، پرۆسەیەک کە لە کۆتایی 1970 دەستی پێکردووە و هێشتا بەردەوامە. لە پێناو بەردەوامبوونی ئەم گواستنەوەیەدا، چین پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکان، بازاڕی نوێ و دەروازەی هەناردەکردنی کاڵاکانی هەیە. یەکێک لە گرنگترین دەربڕینەکانی ئەم ستراتیژییە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگایە (Belt and Road Initiative)یاخود ڕێگەی ئاوریشمی نوێ، کە ئامانجی بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان، بۆ فراوانکردنی بازاڕەکان و زیادکردنی هەناردە و دابینکردنی سەرچاوە گرنگەکان بۆ ئابووری چین.[14]

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، چین ئەم ستراتیژییانە لە ڕێگەی کۆمپانیا دەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ دەکات، ئەوەش سنووری نێوان دەوڵەت و سوپا و کەرتی تایبەت و دامەزراوە ئابوورییەکان ئاڵۆزتر دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ژمارەیەک لە توێژەران و زانایان چین بە نموونەیەکی نیۆمێرکانتیلیستی (Neo-mercantilist) دەناسێنن، واتە وڵاتێک کە هێزی دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ پشتگیریی بازرگانی، فراوانکردنی هەژموونی ئابووری و دابینکردنی سەرچاوە ستراتیژییەکان بەکاردەهێنێت. ڕوانگەی دووەم ئەوەیە کە بۆ ئەوەی چین پێداویستی وزە لە ماوەی درێژخایەندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات، پێویستە چالاکییەکانی لە عێراق لە سنووری کەرتی نەوت تێپەڕێنێت. بۆیە، جگە لە وەبەرهێنان لە نەوت، لە بازرگانی، پەرەپێدانی ژێرخان، دیپلۆماسی و بنیاتنانی دامەزراوەکانیش چالاک دەبێت. ئەم چالاکیانە بە یەکەوە پەیوەستن و ئامانجەکەیان بریتییە لە دابینکردنی ئاسایشی وزە، دەستگەیشتن بە بازاڕەکان و بەهێزکردنی کاریگەریی سیاسی و ئابووریی چین لە عێراقدا. ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ بنەماکانی تیۆری نیۆ-مێرکانتیلیزم یەکدەگرێتەوە، کە تێیدا دەوڵەت ئامرازەکانی وەک وزە، بازرگانی، دیپلۆماسی و لە هەندێک باردا، هێزی سەربازی، بە شێوەیەکی یەکگرتوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی بەکاردەهێنێت. لەم چوارچێوەیەدا، دامەزراوە و کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، تەنانەت ئەو کۆمپانیایانەش کە بە شێوەیەکی فەرمی سەربەخۆ دەردەکەون، زۆرجار لەگەڵ ئامانجە گشتییە ستراتیژییەکانی دەوڵەت هاوتەریب دەبن و لە سنووری ئەو سیاسەتانەدا چالاکی ئەنجام دەدەن.

ئەمە پەیوەندییەکی یەک لایەنە نییە. بۆ عێراق، نەوت تەنیا کاڵایەکی بازرگانی نییە، بەڵکو بابەتێکی ستراتیژیی و نیشتمانیشە. لە ڕاستیدا، دەستووری عێراق لە ماددەی 111’دا دەڵێت: “نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا“[15]. گرنگی ئابووریی ئەم سەرچاوەیە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، چونکە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دەوڵەت و بنەمای ئابووریی وڵاتەکەیە.

هەروەها، نەوت ڕۆڵێکی سیاسی گرنگیشی هەیە چونکە عێراق نموونەی دەوڵەتێکی کرێخۆرە (Rentier State)؛ ئەو جۆرە دەوڵەتەی کە زۆربەی داهاتی لە ڕانت و سەرچاوە سروشتییەکان، بە تایبەتی نەوت، وەردەگرێت نەک لە باج یان بەرهەمهێنانی ناوخۆ. ئەم جۆرە سیستەمە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوازی حوکمڕانی، دامەزراوە سیاسییەکان و پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا هەیە.

مێژووی تایبەتی عێراق و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە هۆکاری دروستبوونی کلتوورێک لە گومان و نائاسودەیی بەرامبەر کۆمپانیا نێودەوڵەتییە ڕۆژئاواییەکانی نەوت بوون. ئەم بارودۆخە بۆ چین، کە خاوەنی ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی و مێژوویەکی دژە-کۆلۆنیالیزمە، بەرژەوەندییەکی گرنگی دروست کرد. ئەم ناسنامەیە، بە تایبەتی لەنێوان ئەو دەستەبژێرە سیاسییانەی شیعەی عێراق کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکران، پەسەند بوو؛ ئەوانیش هەوڵیان دەدا هەژموونی کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحە ئەمریکییەکان کەم بکەنەوە.[16] بۆیە سەیر نییە کە لە سەرەتاوە ڕوویان لە کۆمپانیا نائەورووپی و نارۆژئاواییەکانی وەک کۆمپانیا چینییەکان کرد. هاوکات لەگەڵ مامەڵە و ڕێکەوتنە ئاسایی و ڕاستەوخۆکانی نەوت، حکومەتی عێراقیش پشتی بە چین بەستووە بۆ وەرگرتنی قەرز، بە مەبەستی دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان. حکومەت تێگەیشتووە کە بە تەنیا ناتوانێت وڵاتەکە بونیاد بنێتەوە، چونکە 61.7% ی بودجەکەی بۆ خەرجییە کارگێڕییەکانی وەک مووچە، خانەنشینی، بیمەی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتییەکان[17] تەرخان دەکرێت. لە ئەنجامدا، عێراق ڕووی لە پەکین کردووە بۆ وەرگرتنی قەرز بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژە گەورەکانی تایبەت بە ژێرخانی وڵات.

لەگەڵ ئەوەشدا، چین هێشتا بەردەوامە لە ناسین و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەستەبژێرە سیاسییانەی کە بە دۆستی نزیکی خۆی دەزانێت. بەپێی وتەی مەزهەر محەمەد ساڵح، کە وەک ڕاوێژکار لە چەندین کابینەی جیاوازی حکومەتی عێراق خزمەتی کردووە، عادل عەبدولمەهدی ئەو کەسە بووە کە لە دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی سەرەکی لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان چین و عێراق گێڕاوە.

وەک جەلال تاڵەبانی، ئەویش بە کەسێکی دڵبەستەی چین ناسراوە. لە ماوەی کارکردنی لە وەزارەتی نەوت و دواتر وەک سەرۆک وەزیران، بەرنامەی «نەوت لە بەرامبەر ژێرخان»ی پەرەپێدا.[18] کاتێک چین بوو بە هاوبەشێکی قبوڵکراو لە کەرتی وزەدا، هاوکارییەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو کەرتەکانی دارایی و پەرەپێدانی ژێرخانیش فراوان بوون. ئەمە گۆڕانێکی جۆریی لە پەیوەندییەکەدا دروست کرد چونکە نەوت چیتر تەنیا بابەتی هاوکاری نەبوو، بەڵکو بوو بەو میکانیزمە داراییەی کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندییە ئابوورییە فراوانترەکان ئەنجام دەدران.

بڕیارەکەی عێراق لە ساڵی 2015 بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی پشتێنە و ڕێگا نموونەیەکی دیاری ئەم گۆڕانکارییەیە. عادل عەبدولمەهدی وتی: لەگەڵ هاوڕێ چینییەکانمان، هەوڵمان دا ئەم دەرفەتە مێژووییە بۆ گەشەپێدان لە عێراق بقۆزینەوە. پێشنیارمان کرد نەوت بۆ گەشەپێدانی عێراق بەکاربهێنرێت چونکە پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوەی گشتگیری ژێرخان و دامەزراوەکانی دیکەی هەیە.[19] ئەم هەنگاوە ڕێگەی بە چین دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بە شێوەیەکی بەهێزتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر بکات؛ بە شێوەیەک کە بۆ هەردوولا سوودمەند بوو.

# چۆن چین عێراق بەڕێوەدەبات

ئەگەر وزە خاڵی سەرەکی هاتنە ژوورەوەی چین بێت بۆ عێراق، پرسیاری دواتر ئەوەیە کە چۆن چین ئەو بەرژەوەندییانە لە درێژخایەندا دەپارێزێت؟ وەڵامەکە لە ستراتیژییەکی فرەلایەنەدایە کە دیپلۆماسی، بەشداریکردنی دامەزراوەیی، بوونی بازرگانی و هێزی نەرم ئاوێتە دەکات.

چین باڵیۆزخانەیەکی لە بەغدا و دوو کونسوڵخانەی دیکەی دامەزراندووە، کونسوڵخانەیەک لە هە ولێر لە ساڵی 2014.[20] بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چین لە ڕێگەی بنیاتنانی پە یوەندی لە گە ڵ دەستەبژێری ناوخۆدا. کونسوڵخانەی دووەم لە بەسرە[21] لە ساڵی 2023 دەستی بەکارەکانی کرد و بە پلەی یەکەم تیشکی خستۆتە سەر کەرتەکانی نەوت و غاز. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەستەبژێرەکان و سەرنج دان لە کەرتە ئابوورییە گرنگەکان دوو ئاڕاستەی جیاواز نین بەڵکوو لەگەڵ یەکتردا هاوتەریبن. لە ڕاستیدا، هەموو نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی چین لە عێراق هاوکات هەردوو ئەرکەکە جێبەجێ دەکەن: پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و دروستکردنی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها، چین لە ڕێگەی بەرنامە فراوانەکانی بانگهێشت و گەشت و ڕاهێنانەوە تۆڕی پەیوەندییەکانی خۆی لە عێراق فراوان دەکات. ئەم بەرنامانە فەرمانبەرانی حکومەتی عێراق لە ئاستی ناوەندی و هەرێمی، هەروەها کرێکار و پسپۆڕانی کەرتی نەوت دەگرنەوە. چین نزیکەی دوو دەیەیە بەردەوام ئەم شێوازی هاوکاریکردنەی بەکارهێناوە. لە ڕێگەی ئەم بەرنامانەوە، هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی خۆی بە دەستەبژێر و فەرمانبەرانی عێراقی فراوان بکات و ئاشناییان بە چین و شێوازی کارکردنی دامەزراوەکانی زیاد بکات. بەڵام ئەم بەرنامانە زۆرجار لە چوارچێوەی بەرنامە و ڕاگەیاندنی فەرمیی چیندا بەڕێوە دەچن، کە سنووری دەستگەیشتنی میوانانی عێراقی بە دیدگا و زانیارییە جیاوازەکان کەم دەکات. لە ئەنجامدا، تێگەیشتنی زۆرێک لە بەشداربووان لە چین زۆرجار لە چوارچێوەی وێنەیەکی هەڵبژێردراو و کۆنترۆڵکراودا دروست دەبێت، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دابنێت.

تایبەتمەندییەکی گرنگی شێوازی کارکردنی چین ئەوەیە کە چالاکییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئامانجە گشتی و ستراتیژییەکانی دەوڵەتدا هاوتەریب دەکات. لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا، کۆمپانیا نەوتییەکان، کۆمپانیا ئەندازیارییەکان، بەڵێندەرانی بیناسازی، دابینکەرانی کەلوپەل و ئامێر، دامەزراوە داراییەکان و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان زۆرجار بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ کار دەکەن. هەرچەندە هەریەکەیان ئامانج و بەرژەوەندیی بازرگانیی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام چالاکییەکانیان لە ئاستێکی گشتیدا یەکتری تەواو دەکەن بە بەهێزکردنی ئامانجە ستراتیژییەکانی چین لە عێراق.

بۆ نموونە، وەبەرهێنانە گەورەکانی چین لە بەشی بەرهەمهێنانی کەرتی نەوت (بەشی گەڕان و دەرهێنان) خواست بۆ خزمەتگوزارییە ئەندازیارییەکانی کۆمپانیا چینییەکان دروست دەکات. ئەم خزمەتگوزارییانەش زۆرجار لەگەڵ پەرەپێدانی ژێرخان، هاوکاری لە بواری کەرتی گەیاندن و پەیوەندییەکان، ڕاهێنانی تەکنیکی و فراوانبوونی بازرگانیی ئەلیکترۆنیدا تێکەڵ دەبن. بەم شێوەیە، چین تەنیا لە یەک بواردا وەبەرهێنان ناکات بەڵکو تۆڕێکی پەیوەست لە چالاکییە ئابوورییەکان دروست دەکات کە هەریەکەو پشتگیری ئەوی تر دەکەن.

لە ئەنجامدا، پەیوەندیی ئابووریی عێراق بە چین تەنیا لە هەناردەکردنی نەوتی خاو قەتیس و سنووردار نامێنێت، بەڵکو بوارەکانی ژێرخان و تەکنەلۆژیا و کارەبا و بازاڕی بەرهەمە بەکارهێنەرەکان و گەشەپێدانی پیشەسازییش دەگرێتەوە. ئەم پەیوەندییە فراوان و پێکەوە گرێدراوانە، پێگەی ئابووری و ستراتیژیی چین لە عێراق لە ماوەی درێژخایەندا بەهێزتر دەکەن.

ئەم ستراتیژییە فراوانترە و لە جۆراوجۆریی ئەو کۆمپانیا چینیانەوە دەردەکەوێت کە لە عێراق کار دەکەن. دامەزراوە حکومییە گەورەکان، کۆمپانیا تایبەتەکان، کۆمپانیاکانی ئەندازیاری، و دابینکەرانی خزمەتگوزاری، بە یەکەوە سیستەمێکی بازرگانی فراوان دروست دەکەن.

خشتەی (1): کۆمپانیا چینییە چالاکەکان لە کەرتی نەوتی عێراق بەپێی زنجیرەی بەرهەمهێنان (2026)

| کۆمپانیا | خاوەندارێتی | بواری کارکردن | چالاکییە سەرەکییەکان لە عێراق |
|---|---|---|---|
| چاینا نەشناڵ پیترۆلیۆم کۆرپۆرەیشن (CNPC) | خاوەندارێتی دەوڵەت | گەڕان و دەرهێنان | کۆمپانیای سەرەکی. چالاکییەکانی لە عێراق بە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی لقەکەی PetroChina و ژمارەیەک لە کۆمپانیا خزمەتگوزارییە سەر بە CNPC ئەنجام دەدات. |
| پیترۆچاینا (PetroChina) | خاوەندارێتی دەوڵەت (لقی CNPC) | گەڕان و دەرهێنان | بەڕێوەبەری مەیدانی 1 وێست قورنە (لە مانگی ۱ی 2024دا لە ئێکسۆن مۆبایل وەرگیرا)؛ هاوبەش لە بەڕێوەبردنی مەیدانی ڕومەیلە لە ڕێگەی کۆمپانیای وزە بەسرە (BECL)، هاوبەشییەکی 50/50 لەگەڵ BP؛ هەروەها گرێبەستکاری لە مەیدانی حەلفایە. |
| چاینا نەشناڵ ئۆفشۆر ئۆیل کۆرپۆرەیشن (CNOOC) | خاوەندارێتی دەوڵەت | گەڕان و دەرهێنان | گرێبەستکاری سەرەکی و خاوەنی 63.75% لە بەشدارییەکان لە کێڵگەکانی نەوتی میسان (لە ساڵی 2010'ەوە بەپێی گرێبەستی خزمەتگوزاری تەکنیکی)؛ براوەی بلۆکی 7 (دیوانیە) بوو لە دوایین خولی مۆڵەتدان. |
| سینۆپێک (کۆمپانیای نەوت و کیمیای چین) | خاوەندارێتی دەوڵەت | گەڕان و دەرهێنان / پاڵاوتن و فرۆشتن | گەڕان، گەشەپێدان، هاوکاری پاڵاوگە و پیشەسازی پیترۆکیمیاوی؛ براوەی بلۆکی سۆمەر (موسەننا) بوو لە دوایین خولی مۆڵەتدان |
| زینهوا ئۆیل (Zhenhua Oil) | خاوەندارێتی دەوڵەت | گەڕان و دەرهێنان | گەڕان و دەرهێنان؛ مەیدانی ئەبو خیمەی پێبەخشرا لە خولی پێنجەم-زیادکراوی مۆڵەتدان |
| گیۆ-جەید پیترۆلیۆم (Geo-Jade Petroleum) | تایبەت | گەڕان و دەرهێنان | گەڕان و دەرهێنان |
| یونایتد ئێنێرجی گروپ (UEG) | تایبەت | گەڕان و دەرهێنان | بەڕێوەبەری مەیدانەکانی سیبە و بلۆکی 9 (فەیحاء)؛ هەروەها خاوەنی بلۆکەکانی سیندباد و فاو،هەموویان لە پارێزگای بەسرە، باشووری عێراق |
| ژۆنگمان پیترۆلیۆم و گازی سروشتی (ZPEC) | تایبەت | گەڕان و دەرهێنان | گەڕان، بیرهەڵکۆڵین و گەشەپێدانی مەیدان |
| هایلۆنگ هۆڵدینگ گروپ | تایبەت | گەڕان و دەرهێنان / خزمەتگوزاری | بیرهەڵکۆڵین، بۆرییە تایبەتەکانی نەوت و گاز (OCTG)، گەشەپێدانی مەیدان |
| ئانتۆن ئۆیلفیلد سێرڤسز گروپ | تایبەت | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | خزمەتگوزاری تەواوی مەیدانی نەوت، پشتگیری بەرهەمهێنان، مەیدانی زوفەیەی پێبەخشرا لە خولی پێنجەم-زیادکراوی مۆڵەتدان. |
| جیرێه گروپ (Jereh Group) | تایبەت | گواستنەوە و هەڵگرتن/ پاڵاوتن و فرۆشتن/ خزمەتگوزاری | پاڵاوتنی گاز، پرۆژەی EPC، ئاسانکارییەکانی هەڵگرتن، پشتگیری پاڵاوگە. |
| بۆهەی درلینگ ئینجینیرینگ کۆمپانی (BOD) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | گرێبەستکارانی بیرهەڵکۆڵین |
| گرێت وۆڵ درلینگ کۆمپانی (GWDC) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | بیرهەڵکۆڵین و خزمەتگوزاری بیرەکان |
| بی جی پی ئینک. (BGP Inc.) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | کۆکردنەوەی زانیاری لەرزەیی و لێکۆڵینەوەی جیۆفیزیایی |
| چاینا پیترۆلیۆم ئینجینیرینگ ئەند کۆنستراکشن کۆرپۆرەیشن (CPECC) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | گواستنەوە و هەڵگرتن/ پاڵاوتن و فرۆشتن | بۆری گواستنەوە، سیستەمی کۆکردنەوە، ئاسانکارییەکانی هەڵگرتن، پرۆژەی EPCی پاڵاوگە |
| چاینا پیترۆلیۆم پایپلاین ئینجینیرینگ کۆ. (CPP) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | گواستنەوە و هەڵگرتن | ئەندازیاری و بیناسازی بۆری گواستنەوە |
| چاینا پیترۆلیۆم پایپلاین بیورۆ (CPPB) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | گواستنەوە و هەڵگرتن | بیناسازی هێڵەکانی بۆری گواستنەوەی نەوت و غاز |
| چاینا هوانکیو کۆنتراکتینگ ئەند ئینجینیرینگ کۆرپۆرەیشن (HQCEC) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | پاڵاوتن و فرۆشتن/ گواستنەوە و هەڵگرتن | پاڵاوگەکان، کارگەکانی پاڵاوتنی گاز، پرۆژەکانی EPC |
| داکینگ ئۆیلفیلد ئینجینیرینگ کۆمپانی | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | خزمەتگوزاری تەکنیکی و ئەندازیاری |
| کێروی پیترۆلیۆم (Kerui Petroleum) | تایبەت | گواستنەوە و هەڵگرتن/ پاڵاوتن و فرۆشتن/ خزمەتگوزاری | ئاسانکارییەکانی سەر زەوی بیری نەوت و غاز، ئامێرەکانی بۆری گواستنەوە، پرۆژەی EPC |
| هۆنگهوا گروپ (Honghua Group) | تایبەت | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | دروستکردنی ئامێر و ئامرازەکانی بیرهەڵکۆڵین |
| چاینا ئۆیلفیلد سێرڤسز لیمیتد (COSL) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNOOC) | خزمەتگوزاری مەیدانی نەوت | خزمەتگوزاری تەکنیکی مەیدانی نەوت (چالاکی سنووردار لە عێراق) |
| پیترۆچاینا ئینتەرناشناڵ عێراق FZE | خاوەندارێتی دەوڵەت | بازرگانی | فرۆشتن و بازرگانی نەوتی خاو، کڕین و لۆجیستیک |
| یونیپێک (سینۆپێک ئینتەرناشناڵ پیترۆلیۆم ئێکسپلۆرەیشن ئەند پرۆدەکشن کۆرپۆرەیشن) | خاوەندارێتی دەوڵەت | بازرگانی | فرۆشتن و بازرگانی نەوتی خاو |
| چاینائۆیل (ChinaOil) | خاوەندارێتی دەوڵەت (CNPC) | بازرگانی | بازرگانی نێودەوڵەتی نەوتی خاو و لۆجیستیک |

سەرچاوە: کۆکراوەتەوە لەلایەن توێژەری یاریدەدەری ناوەندی ضیاء جعفر، بە سوود وەرگرتن لە بڵاوکراوە گشتییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراقی، ڕاپۆرتی کۆمپانیاکانی نەوت، هەروەها ڕاپۆرتە هەواڵییەکان.

# ئاسایشی وزەی چین بەرامبەر نائارامی عێراق (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)

فراوانبوونی کاریگەریی چین پرسیارێکی ستراتیژیی گرنگ دەوروژێنێت: لە کۆتاییدا کام لایەن زیاتر پشت بە ئەوی دیکە دەبەستێت؟ بۆ ماوەیەکی درێژ بۆچوونی باو ئەوە بوو کە چین بە شێوەیەکی زۆر پشت بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی عێراق، دەبەستێت. هەروەها، نائارامییە بەردەوامەکانی ناوچەکە بە لاوازیی ستراتیژیی چین (پاژنەی ئەخیل) دادەنرا، چونکە پەکین توانایەکی سنوورداری هەبوو بۆ دانانی کاریگەری لە سەر پێشهاتەکانی ناوچەکە.[22]
بەڵام، پێشهاتەکانی دەیەکانی ڕابردوو، بە تایبەتی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران، ئەوەیان پیشاندا کە ئەم تێڕوانینە بە تەواوی دروست نییە. لە بەرامبەردا، ئێستا زیاتر ئەوە دەردەکەوێت کە عێراق و دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی وزە لە ناوچەکەدا زیاتر پشت بە چین دەبەستن، چونکە بووەتە گرنگترین بازاڕ و هاوبەشی بازرگانی ئەوان.
لە ڕاستیدا، عێراق زیاتر پشت بە چین دەبەستێت نەک بە پێچەوانەوە. جگە لەوەی چین گەورەترین بازاڕی هەناردەکردنی نەوتی عێراقە، هەروەها سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی کاڵای هەرزانیشە بۆ هاووڵاتیانی عێراق. سەرباری ئەوە، کۆمپانیا چینییەکان لە بوارەکانی گرێبەست، کارەبا و وزەی نوێبووەوەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن. لە ئەنجامدا، ئەو پرسیارەی بە جدی دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئایا عێراق زیاد لە پێویست پشتی بە چین نەبەستووە؟ هەروەها، ئایا پێویستی بە گۆڕانکارییە بونیادییەکان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت؟
هەندێک لە لایەنەکانی عێراق، بە تایبەتی

**پەرەسەندنەکانی دەیەی ڕابردوو پێسنیاری ئەوە دەکەن کە پەیوەندییەکە بەردەوام بەرەو یەک لایەنی دەڕوات و عێراق زیاتر پێویستی بە چین دەبێت**

دەستەبژێری دەسەڵاتدار و گروپە سیاسییە شیعەکان، دەیانەوێت چین وەک هێزێکی هاوسەنگەر لە بەرامبەر هێز و کاریگەری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵ ببینێت. بەڵام چین ئەم ئامانجە ستراتیژییە هاوبەشەی نییە. لە ڕوانگەی چینەوە حوکمڕانی خراپ بەڕێوەبردنی نادروستی ئابووری لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە، ڕکابەری و ناکۆکییە بێهۆکارەکانی نێوانیان، هەروەها دەستێوەردانە جیۆپۆلەتیکییە بەردەوامەکان، هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری و نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.
ئەم پێشهاتانە ئاماژەیەکی گرنگ بە ڕێڕەوی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان چین و عێراق دەدەن. ئەگەر ڕەوتەکانی ئێستا بەردەوام بن، پێگەی چین بە شێوەیەکی قووڵتر لە ئابووریی سیاسیی عێراقدا جێگیر دەبێت. چین ئێستا گەورەترین ئەکتەری نێودەوڵەتییە لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نەوت و غاز، واتە لە بواری گەڕان و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و غاز.[23]
هەروەها، چین بەراورد بە هاوڕکابەرەکانی، لە زۆر لە بوارە گرنگەکانی دیکەش وەک گواستنەوە و پەیوەندیکردن، ژێرخان و بازاڕی کاڵاکانی ڕۆژانە، لە پێگەیەکی بەهێزتردایە. ئەمە، جگە لە هێزی نەرمی چین، ئاستێکی دیکەی دەرفەت و توانای کاریگەری بۆ دابین دەکات. لە کۆی گشتیدا، ئەم ڕەهەندانە چین لە پێگەیەکی بەهێزتردا دادەنێن، نەک تەنیا لە بەرامبەر دەستەبژێرەکانی عێراق، بەڵکو لە بەرامبەر کۆمەڵگەی فراوانی عێراقیش.

# ئەنجام

ئەو بەڵگانەی لە سەرانسەری ئەم ڕاپۆرتە پێشکەش کراون، پیشانی دەدەن کە هەڵکشانی ڕۆڵی چین لە عێراق ناتوانرێت تەنیا بە زیادبوونی هاوردەکردنی نەوت یان سەرکەوتن لە وەرگرتنی گرێبەستە گەورەکان ڕوون بکرێتەوە. بەڵکو عێراق نموونەیەکە لەوەی کە چۆن چین ئاسایشی وزە وەک بنەمایەک بۆ بنیاتنانی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و دامەزراوەیی و دیپلۆماسییەکان بەکاردەهێنێت، وە چۆن ئەم پەیوەندییانەش بە تێپەڕبوونی کات یەکتر بەهێزتر دەکەن.
وەزیری نوێی نەوت، باسم محمد خدیر، لە وتارێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە «هەر پارێزگایەک دەبێت ببێتە پارێزگایەکی نەوتی». ئەم وتەیە نیشانەی ئەوەیە کە عێراق هێشتا ستراتیژییەکی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوت و زیادکردنی پشتبەستن بە داهاتی نەوت پەیڕەو دەکات. ئەم ئاڕاستەیە وابەستەیی عێراق بە بازاڕی جیهانی وزە زیاتر دەکات و وڵات لە بەرامبەر نائارامی و ناسەقامگیرییە جیۆپۆلەتیکییەکاندا لە پێگەیەکی هەستیارتر و مەترسیدارتردا دەهێڵێتەوە.
بۆیە فراوانبوونی پەیوەندییەکانی عێراق و چین لە دەرەوەی کەرتی وزە هەم ڕەنگدانەوەی ستراتیژیی درێژخایەنی چینە و هەم ئەنجامی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسی عێراقە لە ناوچەکەدا، سیستەمێک کە ڕێگە بە پەکین دەدات لە چەندین ئاستەوە بچێتە ناو دامەزراوە و پێکهاتەکانی دەوڵەت و کاریگەری لەسەر دەستەبژێرە سیاسییەکان و کۆمەڵگا بە گشتی دابنێت. هەرچەندە وزە هێشتا بناغەی سەرەکیی ئەم پەیوەندییەیە، بەڵام تەنیا ڕەهەندی دیاریکەری ئەم هاوبەشییە نییە.

# سەرچاوەکان

1. Jon B. Alterman and John Garver, The Vital Triangle: China, the United tates, and the Middle East (Washington, DC: Center for Strategic and International Studies, 2008). https://www.csis.org/analysis/vital-triangle-0
2. Razoux, Pierre. The Iran-Iraq War. Harvard University Press. 2015. 86.
3. NORINCO Group. Brief of NORINCO Group. (no date) http://en.norincogroup.com.cn/col/col432/index.html
4. Razoux, Pierre. The Iran-Iraq War. Harvard University Press. 2015. 87.
5. Office of the Iraq Programme Oil-for-Food. 2023.
6. Downs, Erica Strecke. China's quest for energy security. Rand. 2026. https://www.rand.org/pubs/monograph_reports/MR1244.html
7. Al-Waha Petroleum. Our history. 2024. https://www.petroalwaha.com/portal/portlets/informationissues/manage/content/show.php?id=110
8. Acker, Kevin, Deborah Brautigam, and Yufan Huang. Debt Relief with Chinese Characteristics. 2020. Working Paper No. 2020/39. China Africa Research Initiative, School of Advanced International Studies, Johns Hopkins University, http://www.sais-cari.org/publications.
9. Qin Jize. 2007. China to substantially forgive Iraq's debt. (China Daily)https://www.chinadaily.com.cn/china/2007-06/22/content_899832.htm
10. Jon Lee Anderson. 2007. Mr. Big. Where is Jalal Talabani taking Iraq? The New Yorker. https://www.newyorker.com/magazine/2007/02/05/mr-big
11. Wikileaks. China-Iraq Oil Contract Highlights Pressure in CNPC. 2008. https://wikileaks.org/plusd/cables/08BEIJING3575_a.html
12. Yesar Al-Maleki. Iraq Bidding: Chinese Firms Dominate. Middle East Energy Survey. 2024. https://www.mees.com/2024/5/17/oil-gas/iraq-bidding-chinese-firms-dominate/c82ba250-1452-11ef-a899-9dc8d011780e
13. Iraq Oil Report. Iraq awards 7 new projects in first day of 5-plus/6th licensing round. 2024. https://www.iraqoilreport.com/news/iraq-awards-7-new-projects-in-first-day-of-5-plus-6th-licensing-round-46518/
14. Downs, Erica Strecker. China's quest for energy security.. Rand. 2000. https://www.rand.org/pubs/monograph_reports/MR1244.html#:~:text=China%20thus%20is%20having%20to,the%20motivations%20behind%20those%20measures
15. Charles E. Ziegler, Rajan. Menon Neomercantilism and Great-Power Energy Competition in Central Asia and the Caspian. Strategic Studies Quarterly, 2014. Vol. 8, No. 2 (SUMMER). https://www.jstor.org/stable/26270802?seq=1
16. Iraqi Constitution. 2005. Article 111. Available on https://iq.parliament.iq/en/wp-content/uploads/sites/3/2024/04/Constitution-of-the-Republic-of-Iraq.pdf
17. Iraq Oil Report. New details emerge in Iraqi oil deal with China. 2008. https://www.iraqoilreport.com/news/new-details-emerge-in-iraqi-oil-deal-with-china-283/
18. Ahmed Tabaqchali. Iraq's 2024 budget is not what it appears when it first meets the eye. 2024. Atlantic Council. https://www.atlanticcouncil.org/wp-content/uploads/2024/11/Iraqs-2024-Budget-Not-What-It-Appears.pdf
19. Mazhar Muhammad Saleh. Discusses the reality of the agreement with China and Iraq's joining. 2023. WTV. the Belt_and_Road initiative. https://www.youtube.com/watch?v=qeUsSnch-3s WTV. (2023). د.مظهر محمد صالح: يتحدث عن حقيقة الاتفاق مع الصين والتحاق العراق بمبادرة
20. Adil Abdul-Mahdi. China's modernization is enlightening for Iraq. China Daily. 2022. https://www.chinadaily.com.cn/a/202211/22/WS-637c0741a31049175432b0e3.html
21. Anadolu Agency. China opens consulate in northern Iraq. 2014. https://www.aa.com.tr/en/politics/china-opens-consulate-in-northern-iraq/88226
22. CGNT Official Opining of the Chinese General Consulate Basra. 2023. افتتاح القنصلية العامة لجمهورية الصين الشعبية في البصرة رسميا. https://arabic.cgtn.com/news/2023-10-17/1714231650309967874/index.html
23. Ministry of Foreign Affairs, PRC. Chinese Consul General in Erbil Liu Jun Attends Launch Ceremony and Networking Event of the Great Wall Association. 2025. https://www.fmprc.gov.cn/eng/xw/zwbd/202512/t20251211_11770814.html
24. Oxford Analytica. China will dominate Iraq's energy sector. 2023. https://www.emerald.com/expert-briefings/article-abstract/doi/10.1108/OX-AN-DB281733/479181/China-will-dominate-Iraq-s-energy-sectorIRAQ-China?redirectedFrom=fulltext
25. Iraqi Ministry of Oil. Oil and Gas are the People's Resources. 2026. النفط والغاز قوت الشعب ح2https://www.youtube.com/watch?v=TBYUtP_XDq0
26. Bloomberg News. China's Declining Appetite for Oil Laid Bare by Iran War. 2026. https://www.bloomberg.com/news/articles/2026-05-28/china-s-declining-appetite-for-oil-laid-bare-by-iran-war

## وزە بە زمانی ژمارە

# تێچووی پاڵپشتییەکانی حکومەت بۆ وزە و بەرهەمە نەوتییەکان لە عێراق

دەستەی نووسەرانی IEO

سیستەمی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخی وزە و بەرهەمە نەوتییەکان لە عێراق بە یەکێک لە گەورەترین و بەردەوامترین سیستەمەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت. چەندین ساڵە، بەتایبەتی لە دوای گۆڕینی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی 2003، داڕێژەرانی سیاسەت، ئابووریناسان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام مشتومڕیان کردووە دەربارەی بڕی تێچوو و ئاستی دادپەروەری سیستەمەکە و کاریگەرییە خوازراوەکانی. سەرەڕای هەوڵەکان، مشتومڕەکان بە دەگمەن چاکسازییەکی ئەوتۆیان بەرهەم هێناوە.

هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکی بەرچاو لە سامانی گشتی بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و کارەبا بە نرخی پاڵپشتی کراو تەرخان دەکەن. لۆژیکێکی ئاشنا لە پشت ئەم بابەتەوەیە: ڕاگرتنی نرخی وزە لە ئاستێکی گونجاودا دەبێتە هۆی پاراستنی داهاتی خێزانەکان و سوودێکی بەرجەستە دەگەیەنێت بە هاوڵاتیان. ئەمانە هەمووی هۆکاری گونجاون بۆ هەبوونی ئەم سیستەمە، بەڵام بەم شێوازەی ئێستای کە هەیە، نە کارامەیە و نە دادپەروەرانەیش.

پارمەتییەکانی عێراق لە بواری وزەدا زۆر نا دادپەروەرانەیە، چونکە بەبێ گوێدانە ئاستی داهاتی خەڵک، کەرتی ئابووری، یان پێویستیی کۆمەڵایەتی، جێبەجێ دەکرێن. بۆ نموونە، خێزانێکی دەوڵەمەند کە بڕێکی زۆر سووتەمەنی و کارەبا بەکاردەبات، پارمەتییەکی زۆر زیاتر وەردەگرێت بەراورد بەو خێزانە کەمداهاتانەی کە کارەبا و سووتەمەنی بە بڕێکی کەم، یان ماماوەند، بەکارهێناوە. ئەم سیستەمە کەمتر سەرنجی لەسەر پێویستییەکانی خەڵکە، ڕوون و ئاشکرا نییە چۆن کاردەکات، هاوکات میکانیزمێکی باشی نییە بۆ ئەوەی پاڵپشتییەکان بگەیەنێتە ئەو کەسانەی کە زیاتر پێویستیان پێیەتی.

ڕەنگە هەندێک بپرسن: بۆچی ئێستا ئەم پرسە دەوروژێنرێت لە کاتێکدا ئابووری عێراق لەژێر فشارێکی توندی ململانێ هەرێمایەتییەکاندایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەر لەم دۆخە پڕ ئاڵنگارییەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕاستە کێشەکانی سیستەمەکە نوێ نین، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی ئاشناین بە کێشەکان و دەمێکە هەن، واتای ئەوە نییە کە گرنگییەکەی لەدەستداوە. کاتێک داهاتە نەوتییەکانی عێراق لە ماوەی یەک مانگدا زیاتر لە 80% دابەزی، پێویستە حکومەت ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببێتەوە کە بژاردە داراییەکانی کەمتر و سنووردارتر دەبن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەیە حکومەت پارەیەکی زۆر بۆ پارمەتییە گشتییەکان خەرج دەکات بە بێ ئەوەی بگەن بە ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێی هەیە.[1]

سیستەمی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخ بە دەربڕینێکی ووردتر بەشێکە لە هەمان لاوازی پێکهاتەیی کە لە کاتی قەیران و ململانێکاندا زیاتر دەردەکەوێت: ئەمە پابەندییەکی درێژخایەنی دارایی دروست کردووە و فشارە داراییەکان توندتر دەکەن لەو کاتانەی کە دەوڵەت بە هیچ جۆرێک توانای بەرگەگرتنی نییە. بۆ ڕاگرتنی دۆخی ئێستا، حکومەت ناچارە قەرز بکات بۆ دابینکردنی کارەبا و گاز و بەنزین تا بە نرخێکی پاڵپشتیکراو و کەمتر لە نرخەکانی بازاڕ بیفرۆشێتەوە. هەربۆیە ئەگەر چاکسازی لە سیستەمەکەدا نەکرێت، ئەوا بەشێکی سامانە نیشتمانییەکان بەردەوام بەهەدەر دەدرێن و زەمینەیەکی لەباریش بۆ بەفیڕۆدان و گەندەڵی زیاتر دەڕەخسێنرێت. مەرجی چاکسازیش بۆ ئەو ئامانجە ئەوەیە کە سوودمەندانی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخ ئەو کەسانەبن کە پێویستیان پێیەتی. یان دەبێت پاڵپشتییەکە بۆ پشتگیری ئەو کەرتانە تەرخان بکرێت کە هەلی کاری زیاتر دروست دەکەن نەک تەنیا بۆ زیادکردنی بەکارهێنانی وزە.

ئەم ژمارە و هێڵکارییانەی خوارەوە گەورەیی قەبارەی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخی وزە لە عێراق نیشان دەدەن: بڕی تێچوو لە بودجەی حکومەت، تێچووەکانی لەسەر ئابووری گشتی، هەروەها بەراوردکردنی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا.

ئەم شیکارییە پشت-بەستووە بە داتاکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەربارەی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخی بەرهەمە نەوتییەکان،[2] کە زیاتر لە 160 وڵات دەگرێتەوە و زانیاری لەسەر نرخی وزە، بەکارهێنان ، باج و تێچووی ژینگەیی کۆ دەکاتەوە.

هێڵکاری 1:  پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی سووتەمەنی لە عێراق، 2015 - 2025 (% لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی) [3]




سەرچاوە: داتاکان لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، پاڵپشتییەکانی حکومەت بۆ بەرهەمە نەوتیەکان، لە ArcGIS Online ، لە 8/6/2026 وەرگیراوە، داتاکانی ساڵی 2024 و 2025 خەمڵێنراون لەسەر بنەمای شەش مانگی یەکەمی ساڵ .

بڕی خەرجییە ڕاستەوخۆکان بۆ پاڵپشتی نرخ لە کەرتی وزە لە عێراق پشکێکی گەورە بووە لە بودجە. لە دەیەی ڕابردوودا، ئەم ڕێژەیە بەگوێرەی گۆڕانی نرخی نەوت زیاد و کەمی کردووە بەڵام زۆرجار بڕەکەی زۆر بووە و بە دەگمەن دابەزیوە بۆ ئاستێک کە بتوانرێت وەک ئاسایی لە قەڵەمبدرێت. ئەمەش، بۆ حکومەتێک کە بەردەوام بەدەست کێشەکانی دابینکردنی مووچە و پەرەپێدانی ژێرخانی وڵات و خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە دەناڵێنێت، نیشانەی کەمتەرخەمییەکی گەورەیە لە دیاریکردنی پێشینەیی کارەکانیدا.
لە نێوان ساڵانی 2017 و 2022، پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی حکومەت بۆ بەرهەمە نەوتییەکان نزیکەی سێ هێندە زیادی کردووە ، لە نزیکەی 1.5%کۆبەرهەمی ناوخۆییەوە بۆ زیاتر لە 5.5% بەرزبووەتەوە، کە ئەمەش بەرزترین ئاستە لەو ماوەیەدا تۆمارکرابێت. دوای ئەوەی داهاتی نەوت لە ساڵی 2022 دا گەیشتە لوتکە، ڕێژەکە دابەزی و دواتر لە نێوان ساڵانی 2024 بۆ 2025 لە نزیکەی 2.9%’دا جێگیر بوو. بەردەوامبوونی پاڵپشتییەکان بە ڕێژەیەک لە سەرووی ئاستی پێش ساڵی 2018، تەنانەت لە کاتێکیشدا کە داهات تا ڕادایەک بەرز بوو ، نیشانەی ئەوەیە کۆی گشتی پاڵپشتی و خەرجییەکانی وزە تا ڕادەیەک قاڵبێکی وەرگرتووە . بە واتایەکی دیکە، تەنانەت لە کاتی زۆری داهاتیشدا چاکسازی ئەنجام نەدراوە.

**ئەوەی کە نرخە پاڵپشتیکراوەکانی حکومەت هەر وەک ئاستەکانی پێش ساڵی 2018 مانەوە، تەنانەت لەو کاتەنەشدا کە داهات لە گەشەسەندندا بووە، چەقبەستووی پێکهاتەیی سیستەمەکە نیشاندەدات، نەک گۆڕانێکی خوولی سروشتی**

هێڵکاری 2:  پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی حکومەت بۆ کەرتی سووتەمەنی، 2015 - 2025 بەدۆلاری ئەمریکی، (بەهای جێگیری 2021) [4]




سەرچاوە: داتای پاڵپشتییەکانی حکومەتی عێراق بۆسووتەمەنی بەردینی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەرگیراون؛ هەژمارکردن و هێڵکاری لەلایەن تیمی ئاسۆی وزەی عێراق (IEO) ، ئامادەکراوە. ئاماری ساڵی 2024 و 2025 خەمڵێنراون لەسەر بنەمای شەش مانگی یەکەمی ساڵ

کاتێک بڕی پاڵپشتییەکانی نرخ بە دۆلار بڵاودەکرێتەوە، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خەرجی پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی عێراق نەخشێکی خولی کلاسیکی دووبارە دەکەنەوە: بەو واتایەی کاتێک داهاتی نەوت زیاد دەکات خەرجی پاڵپشتییەکانیش زیاد دەبن، بەتایبەتی لە ساڵانی 2018-2019 و دیسانەوە لە 2022- 2024. کاتێک دۆخی دارایی باش دەبێت، لەبری ئەوەی ئەم زیادەیە پاشەکەوت بکرێت یان بەکاربهێنرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی و درێژخایەن، حکومەت بڕی پاڵپشتییەکان زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی داهات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر چەسپاندنی سیستەمەکە. ئەم سیستەمەش تا زیاتر بەردەوام بێت، لە ڕووی سیاسییەوە هەڵوەشاندنەوەی قورستر دەبێت.

پاڵپشتی ڕاستەوخۆی حکومەت بۆ وزە لە عێراق لە ساڵی 2022 گەیشتە نزیک 14.5 ملیار دۆلاری ئەمریکی، دواتر تا ساڵی 2025 بۆ نزیکەی 8 ملیار دۆلار دابەزی، کە هێشتا نزیکەی سێ هێندەی ئاستی ساڵی 2016 بە کە 1.8 ملیار دۆلار بوو. پاڵپشتی حکومەت بۆ بەرهەمە نەوتییەکان بە بەردەوامی گەورەترین پشکی پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی حکومەت پێکدەهێنن، لە کاتێکدا پاڵپشتییەکانی کارەبا بە پلەی دووەم دێن. ئەم خەرجییە نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئاستی پێش ساڵی 2018 سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت لە ماوەی 2023-2025، ئەمەش قورسی چاکسازی لە کەرتێکی هەستیاری وەک وزەدا دەردەخات.

**لە جیاتی سوودوەرگرتن لە بەرزبوونەوەی داهات بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، عێراق بڕی نرخە پاڵپشتیکراوەکانی بۆ وزە و بەرهەمە نەوتییەکان زیادکردووە، ئەمەش وایکردووە پشتبەستنی درێژخایەنی بە دارایی دەوڵەت**

هێڵکاری 3. کۆی گشتی پاڵپشتییەکان بۆ وزەو سوتەمەنیە نەوتیەکان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، نیشان دەدات، 2015-2025 ، (بڕەکە بە دۆلاری ئەمریکی، بەهای جێگیری2021).




سەرچاوە: داتای پاڵپشتی حکومەتی عێراق بۆ سووتەمەنی بەردینی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەرگیراوە؛ هەژمارکردن و هێڵکاری لەلایەن تیمی ئاسۆی وزەی عێراق (IEO) ، ئامادەکراوە. داتاکانیساڵی 2024 و 2025 خەمڵێنراون لەسەر بنەمای شەش مانگی یەکەمی ساڵ .

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین بە تەنیا ئامارەکانی بوودجە، تێچووی ڕاستەقینەی سیستەمی پاڵپشتی حکومەت بۆ کەرتی وزەی عێراق نیشان نادەن. کۆی گشتی پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکان، واتە تێچووی زیانە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە بودجەکەدا، یان لە خەرجییە داراییە ڕاستەوخۆکان دیارنین. هەربۆیە ئەمانە ژمارەیەکی ئاشکرا دەکات کە زۆر زیاترە لەوەی لە هەژماری فەرمی حکومەتدا بڵاو دەکرێتەوە. وەک لە هێڵکاری 3’دا دەردەکەوێت. تێچووی ناڕاستەوخۆی پاڵپشتی نرخی سووتەمەنی دوو بۆ سێ هێندەی تێچووە ڕاستەوخۆکانە بە درێژایی ساڵانی 2015 بۆ 2025. تەنانەت لە ساڵی 2016’دا، کە پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکان لە کەمترین ئاستدابوون، پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکان هێشتا زیاتر لە 11 ملیار دۆلاری ئەمریکی بوو. لە ساڵی 2025، ئەم بڕە بەرزبۆیەوە بۆ نزیکەی 30 ملیار دۆلار، ئەمە جگە لە پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکان کە نزیکەی 8 ملیار دۆلار بوو. بۆ داڕێژەرانی سیاسەت ئەم بابەتە تەنیا تیۆری ئابووری و دارایی نییە. بەڵکو تێچووی ڕاستەقینەو کاریگەری نەرێنیان لەسەر ژیانی دانیشتووانی عێراق هەیە لە شێوەی پیسبوونی هەوا، تەندروستی گشتی وەک زیادبوونی نەخۆشی، تێکچوونی ژێرخانی ئابووری، و پشتگوێخستنی وەبەرهێنان لە سەرچاوە خاوێنە جێگرەوەکاندا. لەم دۆخەدا، نرخی کەمی وزە باجێکی زۆر گەورەتری هەیە، کە لە شوێنێکی دیکەوە دەبێت بیبژێرین.

**تێچووی ڕاستەقینەی نرخە پاڵپشتیکراوەکانی حکومەت زۆر لە بودجەی دەوڵەت زیاترە و تێچووە شاراوە ژینگەیی وکۆمەڵایەتییەکانیش ئەم بڕە زیاتر دەکەن**

هێڵکاری 4. پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکانی سووتەمەنی بەردینی بەپێی جۆرەکان، 2015-2025 بە دۆلاری ئەمریکی دانراوە، (بەهای جێگیری 2021)




سەرچاوە: داتای پاڵپشتی حکومەتی عێراق بۆ سووتەمەنی بەردینی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەرگیراوە؛ هەژمارکردن و هێڵکاری لەلایەن تیمی ئاسۆی وزەی عێراق (IEO) ، ئامادەکراوە. داتاکانی ساڵی 2024 و 2025 خەمڵێنراون لەسەر بنەمای شەش مانگی یەکەمی ساڵ

تێچووی هەموو پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکانی وزە وەک یەک نین. هیچ کام لە پێکهاتە سەرەکییەکانی وەک پیسبوونی هەوا، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، تێکچوون و قەرەباڵغی ڕێگاوبانەکان، ڕووداوی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی باج لەسەر بەرهەمە سووتەمەنییەکان بە یەکسانی لەسەر نرخی وزە ڕەنگدانەوەیان نییە، بەڵام هەموویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر خێزان و بازرگانییەکان و دامەزراوە گشتییەکان هەیە. ئەم بابەتە بۆ داڕشتنی سیاسەت زۆر گرنگە، چونکە هەر جۆرێک لەو کێشانە پێویستی بە چارەسەری جیاواز هەیە بۆ کەمکردنەوەی پیسبوون، باجی سووتەمەنی، وەبەرهێنان لە هاتووچۆ و تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ کەرتی تەندروستی گشتی. لە کۆتاییدا، ئەم کێشانە نیشانی دەدەن کە هەرزانبوونی نرخی وزە کاریگەرییەکەی تەنیا لەسەر وەزارەتی دارایی نییە، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەدا دەبینرێت.

هێڵکاری 4 نیشانی دەدات کە کاریگەرییە دەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە نەوت و تێچووی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، گەورەترین بەشی پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکانی عێراق پێکدەهێنن، هەر یەکێکیان تا ساڵی 2025 نزیکەی 10 تا 23 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا پێکدێنن، لەگەڵ ئەوەشدا پیسبوونی هەوای ناوخۆیی سێیەمین جۆری ئەو تێچووانەیە و لە هەموویشیان زیاتر لە گەشەسەندندایە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی زیادبوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و بەرهەمهێنانی کارەبایە لە عێراق، لە کاتێکدا کاریگەرییەکانی خراپی ڕێگاوبان و قەرەباڵغی، تارادەیەک کەمترە. باڵادەستی دوو جۆری یەکەم بەو مانایەیە کە کێشەی پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکانی عێراق لە بنەڕەتدا کەلێنێکە لە نرخی کاربۆندا: عێراق هیچ باجێک وەرناگرێت بۆ ئەو زیانانەی کەشوهەوا کە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی سووتەمەنیدا دروستدەبن. ئەمە نیشانی دەدات کە کێشەی سەرەکی عێراق لە نرخدانانی وزەدا ئەوەیە کە هیچ باج یان نرخێک بۆ زیانی کەشوهەوا دانەنراوە. بە واتایەکی تر، سووتەمەنی و وزە بە شێوەیەک بەکاردەهێنرێت وەک ئەوەی هیچ زیانێکی ژینگەیی دروست نەکات، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر زیانمەندە. ئاماری پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆکان خەمڵاندنێکە لەسەر بنەمای مۆدێلی ئاماری پاڵپشتییەکانی بەرهەمە نەوتییەکان لە ڕاپۆرتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەرگیراون، نەک داتای[5] دارایی ڕاستەوخۆی چاودێریکراوی حکومەت. ئەوان تێچووی کۆمەڵایەتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتین بۆ کاربۆن، زیانەکانی پیسبوونی ناوخۆیی و گریمانەکانی تێچووی قەرەباڵغی لەخۆدەگرن کە هەموویان شایستەی مشتومڕ و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەن. بۆ عێراق، پێکهاتەکانی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمی باج زیاتر زاڵن و بەیەکەوە تێچوویەکی زۆر گەورە دروست دەکەن بە بەراورد بە کۆبەرهەمی ناوخۆیی.

هێڵکاری 5. پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی سووتەمەنی بەردینی وەک بەشێک لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی، عێراق و وڵاتەکانی ناوچەکە




سەرچاوە: داتای پاڵپشتی حکومەتی عێراق بۆ سووتەمەنی بەردینی لە سندوق دراوی نێودەوڵەتی وەرگیراوە؛ هەژمارکردن و هێڵکاری لەلایەن تیمی ئاسۆی وزەی عێراق (IEO) ، ئامادەکراوە. داتاکانی ساڵی 2024 و 2025 خەمڵێنراون لەسەر بنەمای شەش مانگی یەکەمی ساڵ .

کاتێک پاڵپشتییە ڕاستەوخۆکانی عێراق بۆ کەرتی وزە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دیکەی هەناردەکاری نەوت بەراورد دەکرێت، دەبینرێت عێراق لە ناوەڕاستی ڕیزبەندییەکەدایە. پاڵپشتییەکانی عێراق زیاترە لە عومان، بەڵام کەمترە لە ئێران و جەزائیر و سعودیە. لە ساڵی 2025، پاڵپشتییەکان لە عێراق نزیک 2.9%ی کۆبەرهەمی ناوخۆیی بووە، کە ئەمەش کەمترە لە تێکرای ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا کە نزیکە لە 4% ، هەروەها کەمترە لە تێکرای ئاستی ئەو وڵاتانەی کە نەوت دەفرۆشن کە نزیکە لە3.1%، و زۆر کەمترە لە جەزائیر کە یەکێکە لە بەرزترین ڕێژەکان بە بڕی 9.5%. ئەم ڕیزبەندییەی عێراق ڕەنگە دڵخۆشکەربێت، بەڵام پێوەرێکی لاوازە. نزیک بوون لە تێکرایی لە هەرێمێکدا کە بە زۆری پاڵپشتییەکانی ناسراوە، ئاماژەیەکی باش نییە. خوێندنەوەیەکی بەرهەمدارتر دەکرێت لە ڕێگەی توانای چاکسازییەوە بێت: چەندین وڵاتی دراوسێ بەرنامەی گۆڕانکارییان لە سیستەمی پاڵپشتییەکانیان ئەنجامداوە کە بە پلەی جیاواز سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. ئەو ئەزموونانە ڕێپیشاندەر دەبن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی سەرکەوتن و هاوکات چ بارودۆخێکی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی چاکسازی ئەنجام بدرێت و بەردەوامبێت.

**بەراوردە ڕاستەقینەکە ئەوە نییە کە لە ئێستادا ئاستی عێراق چۆنە، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا عێراق دەتوانێت ئەو چاکسازییانە ئەنجام بدات کە لەلایەن دەوڵەتەکانی دراوسێوە تاقیکراونەتەوە؟**

# سەرچاوەکان

1. IEO Editorial team. “Iraq’s Wartime Oil Revenue Crisis.” Print. Page 14-18.
2. International Monetary Fund, Fossil Fuel Subsidies, ArcGIS Online, accessed June 8, 2026, URL. https://climatedata.imf.org/datasets/d48cfd2124954fb0900cef95f2db2724_0/about
3. Ibid
4. Ibid
5. Parry, Ian, Simon Black, and Nate Vernon. Still Not Getting Energy Prices Right: A Global and Country Update of Fossil Fuel Subsidies. IMF Working Paper WP/21/236. Washington, DC: International Monetary Fund, 2021

## پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەهێزتر دەکات

دەستەی نووسەرانی IEO




سەرچاوەی وێنە: وەزارەتی نەوتی کۆماری عێراق (هەژماری فەرمی ئینستاگرام) وەزیری نەوتی عێراق، باسم محەمەد خودەیر، لە کاتی ئامادەبوونی بۆ واژۆکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن(MoI) لە نێوان وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای بی پی (BP) و کۆنۆکۆفیلیپس (ConocoPhillips)، لە گەشتی فەرمی سەرۆک وەزیران عەلی زەیدی بۆ واشنتن، دی.سی. لە مانگی 7ی 2026

## چی ڕوویدا؟

عێراق هەنگاوێکی دیکەی نا بۆ هەمەچەشنکردنی وەبەرهێنەرانی بیانی لە کەرتی وزەدا. لە کاتی سەردانی فەرمی سەرۆک وەزیران عەلی زەیدی بۆ واشنتۆن، کۆمپانیای کۆنۆکۆفیلیپس(ConocoPhillips) ڕازی بوو بە کڕینی 42%ی پشکەکانیی کۆمپانیای سنووورداری بیپی وزەی کەرکوک (BP Energy Company of Kirkuk Ltd). بەمەش لەگەڵ بیپی بەشدار دەبێت لە پەرەپێدانی چوار کێڵگەی چالاکی بەرهەمهێنەری نەوت لە پارێزگای کەرکوک؛ باباگوڕگوڕ و ئاڤانا لە کێڵگەی ناوەندی کەرکوک، لەگەڵ کێڵگەکانی بای حەسەن و زەمبور و خەباز. ئەم پرۆژەیە ئامانجی بەرهەمهێنانی زیاتر لە 3 ملیار بەرمیل نەوتی هاوتای هەیە، کە ئەمەش یەکێک لە گەورەترین پرۆژەکانی وەبەرهێنانە لە بواری گەڕان و دەرهێنانی نەوت و غاز کە لە ئەمساڵدا لە ئاستی جیهاندا ڕاگەیەندراوە. ئەم ڕێککەوتنە ڕووداوێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەردەوامیی زنجیرەیەک ڕێککەوتنە لە نێوان بەغدا و کۆمپانیا گەورە ئەمریکییەکان کە لە ساڵی پارەوە دەستی پێکردووە. بۆ نموونە شێڤرۆن (Chevron) ڕێککەوتنێکی چوارچێوەیی واژۆ کردووە بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە هەلی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و هێڵی بۆریی ستراتیژی، هەروەها جی‌ئی ڤێرنۆڤا (GE Vernova) مەودای کارەکانی لە کەرتی کارەبای عێراق فراوانتر دەکات، ئێچکەی‌ئێن ئینەرجیش (HKN Energy) بەردەوامە لە گەشەپێدانی وەبەرهێنانە نەوتییەکانی لە هەرێمی کوردستان و سەلاحەدین. هەرچەندە ئێکسۆنمۆبیل (ExxonMobil)چالاکی ڕاستەوخۆی خۆی کەم کردۆتەوە بەڵام لە ڕێگەی هاوکاریی تەکنیکی و گفتوگۆ بازرگانییەکانەوە هێشتا کارەکانی بەردەوامن. بە گشتی ئەم هەنگاوانە نیشانەی گەڕانەوەی هەنگاو بە هەنگاوی سەرمایەی ئەمریکییە بۆ پیشەسازیی وزەی عێراق، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ کۆمپانیا چینی و ڕووسییەکان دەستیانگرتبوو بەسەر بەشێکی زۆری وەبەرهێنانی بیانی لە کەرتی وزەی وڵاتەکەدا.

## بۆ ڕوویدا؟

حکومەتی زەیدی وەبەرهێنانی بیانی بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زیادکردنی بەرهەمهێنان ونوێکردنەوەی ژێرخانی وزە و بنەمای گەشەیەکی درێژخایەن دادەنێت. قەیرانەکەی ئەم دواییەی گەرووی هورمز ئەوەی نیشان عێراقییەکاندا کە چەند ترسناکە بە تەنها پشت بە چەند ڕێڕەوێکی کەمی هەناردەکردنی نەوت ببەسترێت. هاوکات گرنگی وەبەرهێنانی لە هەموو جومگەکانی کەرتی وزەی عێراق دەرخست، هەر لە بوارەکانی گەڕان و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت و بەرهەمهێنانی و بەکارهێنانی غاز و پەرەپێدانی ژێرخانی کارەبا. هەروەها بەغدا دەیەوێت ستراتیژییەکی هاوسەنگتری وەبەرهێنان جێبەجێ بکات . کۆمپانیا چینییەکان هێشتا هاوبەشێکی گرنگ و ستراتیژین لە کەرتی نەوتی عێراقدا، بەڵام حکومەت دەیەوێت ڕۆڵی کۆمپانیا ئەمریکی و ئەورووپییەکان زیاتر بکات بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە و تەکنەلۆژیا و شارەزایی بەڕێوەبردن و پشتگیریی جیۆپۆلیتیکی. ئەمە گۆڕینی تەواوی ئاڕاستەکە نییە لە یەک گروپی وەبەرهێنەر بۆ گروپێکی دیکە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی وەبەرهێنانی بەهێزتر و پڕ ڕکابەری بۆ ئەوەی توانای بەرگەگرتنی زیاتری هەبێت.

## بۆچی بۆ عێراق گرنگە؟

گرنگی ئەم ڕێککەوتنانە تەنیا لە ڕاکێشانی سەرمایەی نوێدا نییە، بەڵکو لە کاریگەرییە درێژخایەنەکانیاندایە لەسەر کەرتی وزەی عێراق. فراوانبوونی ژمارەی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان ڕکابەری لە بازاڕدا بەهێزتر دەکات، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و شارەزایی خێراتر دەکات و وابەستەیی عێراق بە یەک وڵات بۆ دابینکردنی سەرمایە، تەکنەلۆژیا و شارەزایی پیشەیی کەم دەکاتەوە. ئەگەر ئەم پڕۆژانە بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکرێن، دەتوانن بەرهەمی کێڵگە کۆنەکان بەرز بکەنەوە و بەکارهێنانی غاز فراوانتر بکەن و ژێرخانی وزە نوێ بکەنەوە و پێگەی عێراق وەک یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوت لە جیهاندا بەهێزتر بکەن. هەروەها ئەم هەنگاوانە نیشانەی زیادبوونی متمانەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وزەیە بە توانای سەرچاوەکانی عێراق، هەرچەندە ناوچەکە هێشتا لەناو نائارامیی سیاسیی و ئاسایشیدایە.

## چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین ؟

تاقیکردنەوە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم ڕاگەیاندن و ڕێکەوتنانە دەبنە وەبەرهێنانی ڕاستەقینە. ئەوەی پێویستە کە چاودێری بکرێت: ئایا کۆنۆکۆفیلیپس بە شێوەی فەرمی پرۆسەی بەدەستهێنانی پشکی خۆی لە کەرکوک تەواو دەکات، ئایا شێڤرۆن دەست دەکات بە کارکردن لەپرۆژەکانی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت، ئایا کۆمپانیا ئەمریکییەکانی دیکە یاداشتەکانی تێگەیشتن دەگۆڕن بۆ گرێبەستی فەرمی و پابەندبوو. لەمانەش گرنگتر، ئایا بەغدا دەتوانێت دڵنیایی یاسایی و ژینگەیەکی گونجاوتر بۆ وەبەرهێنان و سیاسەتێکی هاوسەنگی وزە دابین بکات کە هەردوو وەبەرهێنەرانی ڕۆژئاوا و ئاسیا هان بدات لە بازاڕی عێراقدا بمێننەوە؟ لە کۆتاییدا، خێرایی گواستنەوەی ئەم ڕێککەوتنانە لە قۆناغی ڕاگەیاندنەوە بۆ جێبەجێکردنی کرداری، ڕوونترین پێوانە دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا عێراق توانیویەتی متمانەی وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی دووبارە بەدەستبهێنێتەوە، یان نا.

## پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# هەڵمەتی دژ بە گەندەڵی گەیشتە کەرتی نەوتی عێراق

دەستەی نووسەرانی IEO




سەرچاوەی وێنە: کۆمیسیۆنی دەستپاکی فیدراڵی

## چی ڕوویدا؟

دەسەڵاتدارانی عێراق هەڵمەتێکی بەرفراوانی دژ بە گەندەڵییان دەستپێکردووە کە سیاسەتمەداران و بەرپرسانی باڵای حکومەت و ئەندامانی پەرلەمانی کردۆتە ئامانج. ئێستا لێکۆڵینەوەکە ڕاستەوخۆ گەیشتۆتە کەرتی نەوتی عێراق و بەپێی ڕاپۆرتەکان لانیکەم هەشت بەرپرسی باڵای وەزارەتی نەوت و کۆمپانیا نەوتییەکانی دەوڵەت دەستگیرکراون.
لە نێوان ئەو بەرپرسانەدا، عەلی مەعارج ئەلبەهادلی، بریکاری وەزیری نەوت بۆ کاروباری دابەشکردن و عەدنان جومەیلی، بریکاری پێشووی وەزیری نەوت بۆ کاروباری پاڵاوتن، لەدیارترینیانن.[1] هەروەها چەندین بەڕێوەبەری باڵای کۆمپانیا نەوتییەکانی دەوڵەت لە کەرکوک و بەغدا و بەسرە دەستگیرکراون. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکە تەنیا لە سەر ئاستی سەرکردایەتی وەزارەتدا نییە بەڵکو گەیشتۆتە ئاستی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی کەرتی نەوت. عەلی زەیدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، هاوڵاتیان هان دەدات زانیاری دەربارەی گەندەڵکاران بەلایەنی پەیوەندیدار ڕابگەیەنن و لە بەرامبەردا پاداشتی دارایی وەربگرن. هەروەها بە ئاشکرا ئاماژەی بە دەستبەسەرداگرتنی بڕە پارەیەکی زۆری کردووە لە کاتی هەڵمەتەکاندا.[2]
ئاماژەشی بەوەداوە کە ئامانجی حکومەت تەنیا لادانی بەرپرسان لە پۆستەکانیان نییە، بەڵکو گەڕاندنەوەی سەروەت و سامانی دزراوی گشتییە.[3]

## بۆ ڕوویدا؟

بە فەرمی ئەم هەڵمەتی دژ بە گەندەڵییە دوای فراوانبوونی لێکۆڵینەوەیەکی دادوەری دێت سەبارەت بە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی پۆست و دەسەڵاتی گشتی. بەپێی ڕاپۆرتەکان، خاڵی وەرچەرخان دوای دەستگیرکردنی عەدنان ئەلجومەیلی دەستی پێکرد، کاتێک ئیفادەکانی ئەو بوونە هۆی ئاشکرابوونی تۆڕێکی فراوانتر لە کەسانی پەیوەندیدار بە دۆسیەکانی گەندەڵی کە چەندین لایەنی سیاسیش دەگرێتەوە.
لە هەمان کاتدا، چاودێران ئەم هەڵمەتە بە هەوڵێکی هەستیار و ئامانجدار لەلایەن کابینەی حکومەتی نوێوە دەبینن بۆ بەدەستهێنانی متمانە و نیشاندانی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە و جیاکردنەوەی خۆی لە حکومەتەکانی پێشوو. عێراق هەوڵدەدات متمانەی حوکمڕانیەکەی و ژینگەی وەبەرهێنان باشتر بکات، بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بە جدی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی وەک گەندەڵی دەکات.

## بۆچی بۆ عێراق گرنگە؟

هەڵمەتەکە هەستیارترین کەرتی ستراتیژی وڵاتی کردە ئامانج. نەوت نزیکەی 90%ی داهاتی بودجەی فیدراڵی دابین دەکات، لەبەر ئەوە هەر لاوازییەک لە بەڕێوەبردنی ئەم کەرتەدا لە ڕووی داراییەوە کاریگەرییەکی گەورەتری دەبێت بەراورد بە زۆربەی کەرتەکانی دیکە.
ئەگەر لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی شەفاف ئەنجام بدرێت و بە یەکسانی بەسەر هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکاندا جێبەجێ بکرێت، ئەوا کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر کۆی گشتی حوکمڕانیەکە دەبێت و یارمەتیدەر دەبێت متمانەی-دامەزراوەیی لە کەرتێکدا بونیاد بنێت کە لە مێژە نیشانەی پرسیاری لەسەر دانراوەو بە وەرگرتنی قازانجی تایبەت لە سەرچاوە گشتی و نهێنییەکانی پەیوەندیدار بە گرێبەست ناسراوە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە لە هەڵمەتەکەدا چاوپۆشی لە هەندێک بکرێت بەهۆی هێزو دەسەڵات و لایەنگیری سیاسییەوە، ئەوا مەترسی ئەوەی هەیە جەمسەرگیریی سیاسی قووڵتر بکاتەوە، لە کاتێکدا هۆکارە ڕیشەییەکانی گەندەڵی بەبێ چارەسەر دەهێڵێتەوە.

## چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین ؟

دەستگیرکردن تەنیا بەشە ئاسانەکەی ئەم هەڵمەتەیە. تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم دەستگیرکردنانە دەبنە هۆی لێپێچینەوەی یاسایی، حوکمدانی تاوانباران و ئینجا وەرگرتنەوەی سامانی دزراوی وڵاتەکە بە شێوەیەکی مانادار.
پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا لێکۆڵینەوەکە تۆڕەکانی کرین و پەیمانپێدانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش دەگرێتەوە، یان تەنیا لە کاربەدەستانی دیاریکراوی وەزارەتدا دەوەستێت. گرنگی درێژخایەنی ئەم هەڵمەتی دژ بە گەندەڵییە بە ژمارەی ئەو بەرپرسانە ناپێورێت کە دەستگیر دەکرێن، بەڵکو بەوە دەردەکەوێت کە ئایا ئەم پرۆسەیە دەتوانێت سەروەری یاسا، توانای لێپرسینەوەی دامودەزگایی و چاکسازیی دامەزراوەیی بەهێز بکات، بە شێوەیەک کە لە داهاتوودا ڕێگربێت لە دزینی ملیارەها دیناری عێراقی.

## پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# بەرنامەی نوێی کابینەی عێراق ئاماژە بە ئاراستەیەکی نوێی چاکسازیی لە کەرتی وزەدا دەدات

دەستەی نووسەرانی IEO



لە 2026/5/14 ، سەرۆک وەزیران عەلی زەیدی بەرنامەی حکومەتی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد، کە دواتر لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا.
سەرچاوەی وێنە: نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق

## چی ڕوویدا؟

پەرلەمانی عێراق لە مانگی 5ی 2026 بەرنامەی کابینەی حکومەتی نوێی سەرۆک وەزیران عەلی زەیدی پەسەند کرد، کە پێشینە ستراتیژییەکانی حکومەت بۆ چوار ساڵی داهاتوو دیاری دەکات. [4] کەرتی وزە شوێنێکی گرنگی لە بەرنامەکەدا هەیە و بوارەکانی کارەبا و نەوت و غازی سروشتی و پاڵاوتن و پترۆکیمیایی و وزەی نوێبووەوە و بەشداریی کەرتی تایبەتیش لەخۆ دەگرێت. بەرنامەکە بە تایبەتی جەخت لەسەر چاکسازیی کەرتی کارەبا و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە غازی سروشتی و بەهێزکردنی ئاسایشی وزە و هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردن و پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی هەڵگرتن و بەبازاڕکردن و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت بۆ کەرتی وزەی عێراق دەکات. لە کاتێکدا بەڵگەنامەکە کارنامەیەکی بەرنامەدار و هەنگاوی گەورە لەخۆ دەگرێت، زۆربەی پێشینە سەرەکییەکانی لە بواری وزەدا نوێ نین. بە بەراوردکردنی ئەم بەرنامەیە لەگەڵ بەرنامەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی پێشوو، لێکچوونێکی بەرچاو لە ئاڕاستە سیاسییەکاندا دیارە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێشینەکانی ئەم حکومەتە لە بواری وزەدا تا ڕادەیەکی زۆر درێژەپێدەری هەمان ئاڕاستەی سیاسەتی حکومەتی پێشوون.

## ئەمە بۆ ڕوویدا؟

کێشە بنەڕەتییەکانی کەرتی وزەی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر هەر وەک خۆیان ماونەتەوە. وڵاتەکە هێشتا دەناڵێنێت بەدەست کۆمەڵێک گرفتی وەک کەمی کارەبا، پشتبەستن بە غازی هاوردەکراو، کەمی توانای پاڵاوتن، لاوازی پیشەسازییە پەترۆکیمیاییەکان و سنووورداری ڕێگاکانی هەناردەکردن و دواجار نەبوونی پاشایەکی نیشتمانی بۆ نەوت و غاز. ئەم سنووردارییە بونیادییانە کارە لە پێشینەییەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دیاری کردووە، بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کاریگەری بنەڕەتی لەسەر ئەو ئاڕاستەیە هەبێت. بۆیە زۆربەی ئەو پابەندییانەی لە بەرنامەی حکومەتی زەیدیدا هاتوون، یان درێژەپێدانی هەمان ئامانجی حکومەتەکانی پێشوون یان پەرەپێدان و باشترکردنی ئەو ئامانجانەن کە حکومەتەکانی پێشوو دیارییان کردووە. سەرەڕای ئەم ڕاستیانەش، بەرنامەی حکومەتە نوێیەکە چەند زیادکردنێکی گرنگی لە خۆگرتووە. بەشێوەیەکی بەرچاو جەخت لە کارایی ئابووری بەرنامەکانی دابینکردنی وزە دەکات وەک گەڕاندنەوەی تێچوونەکان، جێگیرکردنی تۆڕی کارەبای زیرەک، چاکسازی سیستەمی نرخدانان بۆ کارەبا و دواجاریش بەستنەوەی عێراق بە تۆڕی کارەبای وڵاتانی ناوچەکە. هەروەها پلانی دامەزراندنی ژێرخانی هاوردەکردن و هەناردەکردنی غازی هەیە لە بەندەری گەورەی فاو؛ ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئامانجێکی درێژخایەن بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ناوەندێکی هەرێمی وزە.[5]

## بۆچی ئەمە بۆ عێراق گرنگە؟

گرنگی بەرنامە نوێیەکە زیاتر لە ڕێباز و شێوازی بەڕێوەبردنی کەرتی وزەدایە، نەک تەنیا لە ئامانجە سەرەکییە ڕاگەیەنراوەکانی. نزیکەی 70% ی بەشی وزەی ئەم بەرنامەیە بەردەوامیی هەمان ئاڕاستە و ستراتیژییەکانی حکومەتەکانی پێشووە، بەڵام بەرنامەکەی زەیدی (تا ڕادەیەک) سەرنجی زیاتر دەخاتە سەر بەڕێوەبردنی ئابووریانە و حوکمڕانیی کەرتەکە . [6] هێنانەکایەی تۆڕە زیرەکەکان و باشترکردنی ڕێگەکانی کۆکردنەوەی داهات و نرخدانان لەسەر بنەمای تێچوونی ڕاستەقینە و چاکسازیی کەرتی کارەبا لەسەر بنەمای کارایی، نیشانەی ئەو تێگەیشتنەیە کە کێشەکانی وزەی عێراق تەنیا بەهۆی کەمی وەبەرهێنانەوە دروست نەبوون، بەڵکو دەرەنجامی لاوازیی دامەزراوەکان و بەڕێوەبردنی ناکارای سەرچاوەکانیشە. ئەگەر ئەم چاکسازییانە بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکرێن، دەتوانن بەردەوامی و سەربەخۆیی دارایی باشتر بکەن، زیانەکانی سیستەمی وزە کەم بکەنەوە، ئاسایشی وزە بەهێزتر بکەن و ژینگەیەکی گونجاوتر بۆ وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت دروست بکەن.

## چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین ؟

گرنگترین پرسیار ئەوە نییە کە ئایا بەرنامەکە کارە لەپێشینە دروستەکان دیاری  دەکات یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق توانای جێبەجێکردنی ئەم کارانەیان هەیە یان نا. عێراق لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا دەیان ستراتیژ و نەخشەڕێگا و پلانی چاکسازیی بە ووردی داڕشتووە، بەڵام زۆربەیان پشتگوێخراون، یان بە نیوەناچڵ جێبەجێ کراون.  پەسەندکردنی پاشایەکی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و غاز، هەنگاوەکان بەرەو زیادکردنی ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی غاز، چاکسازیی لە نرخی کارەبا و جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای تۆڕی زیرەک، لەو نیشانە سەرەتاییانەن کە پێمان دەڵێن ئایا حکومەت بەنیازە دەست بە چاکسازیی بونیادی ڕاستەقینە بکات یان نا. لە کۆتاییدا، ئەوەی بەرنامەی کابینەی 2026 دەکاتە خاڵی وەرچەرخان بۆ کەرتی وزەی عێراق، جێبەجێکردنیەتی، نەک تەنیا ئامانجە باڵاکانی لە سەر کاغەز. مێژووی کەرتی وزەی عێراق پڕە لە ستراتیژ و ڕاگەیاندنی پلانی گەورە، بەڵام بەدەگمەن توانراوە جێبەجێبکردن. بۆیە، ئەگەر ئەم جارەش ئامانجەکان نەکرێن بە کردار، ئەم بەرنامەیەش تەنها زیادکردنێکی دیکە دەبێت بۆ لیستی پلانە ستراتیژییە جێبەجێنەکراوەکان، نەک دەستپێکی قۆناغێکی نوێ.

## پەرەسەندنەکانی کەرتی وزە لە سیاقی خۆیدا

# لە دوای گەرووی هورمز: هەوڵی عێراق بۆ پاراستنی داهاتە نەوتییەکانی

دەستەی نووسەرانی IEO




سەرچاوەی وێنە: دەزگای هەواڵی عەرەبی سووری SANA

## چی ڕوویدا؟

عێراق ستراتیژی دوولایەنەی گرتەبەر بۆ کەمکردنەوەی وابەستەیی  خۆی بە یەک ڕێگای هەناردەکردنی نەوت کە ئەویش ڕێگەی بەندەرەکانی بەسرە و گەرووی هورمزە. هەربۆیە، بەغدا ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی نەوتی ڕازی کرد کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، دەست بە بەرهەمهێنان بکەنەوە، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هەناردەی نەوتی خاو لە کەرکوک و کوردستان لە ڕێگەی بۆری عێراق-تورکیا-جەیهانەوە. لە بەرەی ڕۆژئاواشەوە، عێراق ئامادەکاری دەکات بۆ هەناردەکردنی نزیکەی 50 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی بەندەری بانیاسی سووریا لەسەر دەریای ناوەڕاست.[7]

ئەم هەنگاوەی بەرەو سووریا وەک زیادکردنێکی درێژخایەن بۆ تۆڕی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەرئەکەوێت، نەک تەنیا وەڵامدانەوەیەکی کاتی بۆ قەیرانەکەی ڕێڕەوی هورمز. بەڵکو ئەمە دوای چوار مانگ لە ناردنی سەرکەوتووانەی نافتا و نەوتی ڕەش لە ڕێگەی بانیاسەوە دێت.[8] ئەمە هاوکاتە لەگەڵ گفتوگۆ سەرەتاییەکان لەگەڵ واشنتۆن بۆ نۆژەنکردنەوەی بۆری نەوتی مێژوویی نێوان عێراق–سوریا.

## ئەمە بۆ ڕوویدا؟

شەڕی ئەم دواییەی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا لاوازییەکی ستراتیژیی ئاشکرا کرد کە پلاندانەرانی وزەی عێراق لە مێژە ئاگاداری بوون، بەڵام بە دەگمەن هەنگاوی کرداریيان بۆ چارەسەرکردنی ناوە. زیاتر لە 90%ی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە ڕێگەی بەندەرەکانی باشووری بەسرە و گەرووی هورمزەوە تێدەپەڕێت. پلانە ستراتیژییەکانی پێشووی وزەی نیشتمانی عێراق ئاماژەیان بە گرنگیی هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردن دابوو، بەڵام هۆکارە سیاسی، دامەزراوەیی و گەندەڵییەکان چاکسازییە بنەڕەتییەکانیان دواخست. داخستنی گەرووی هورمز لە شەوێکدا هاوسەنگیی هاوکێشەکانی گۆڕی؛ ئەوەی پێشتر تەنیا ئامانجێکی درێژخایەن بوو، گۆڕا بو پێویستییەکی ناچاری و بە پەلە. ئەمەش هێزی سیاسیی زیاتری بە بەغدا بەخشی بۆ خێراکردنی هەردوو ڕێڕەوی هەناردەکردنی باکوور و ڕۆژئاوا لە هەمان کاتدا.

## بۆچی ئەمە بۆ عێراق گرنگە؟

ئەم دوو دەستپێشخەرییە پێکەوە یەکێک لە گرنگترین هەنگاوە کۆنکرێتییەکانن بۆ هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە دوای قەیرانەکەی گەرووی هورمز. ئەم هەنگاوە دەتوانێت وابەستەیی عێراق بە یەک ڕێگای هەناردەکردن کەم بکاتەوە و ئاستی ئاسایشی وزەی وڵات زیاد بکات. بەتایبەتی ڕێڕەوی باکوور گرنگییەکی ستراتیژی هەیە، هەرچەندە  بۆری نەوتی عێراق–تورکیا مێژوویەکی درێژی پچڕان و وەستانی هەبووە. دوایین وەستانی گەورەی ئەم هێڵە، کە لە مانگی 3ی 2023 دەستی پێکرد و تا مانگی 9ی 2025 درێژەی کێشا، بووە هۆی لەدەستدانی ملیارەها دۆلار لە داهاتی هەناردەکردن و وەستانی هەناردەی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە کێڵگەکانی کەرکوک. ڕێڕەوی سووریا، هەرچەندە لە سەرەتادا بە بڕێکی سنووردار دەست پێ دەکات، پێگەیەکی ستراتیژی بۆ عێراق دابین دەکات لەسەر دەریای ناوەڕاست. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ پابەندبوونی بەغدا بە سیاسەتی هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردنی نەوت. ئەم ڕێڕەوە دەتوانێت پشتبەستن بە ڕێڕەوی هورمز کەم بکاتەوە لە کاتی قەیرانە جیوپۆلیتیکییەکاندا دەبن. بۆ ئابوورییەک کە زیاتر لە 90% ی داهاتی بودجەی فیدراڵی لە هەناردەکردنی نەوتەوە دێت، هەر ڕێڕەوێکی نوێی هەناردەکردن تەنها بژاردەیەکی لۆجستی نییە، بەڵکو وەک پارێزگارییەکی دارایی و ستراتیژی وایە لە بەرامبەر پچڕانەکانی داهاتوو و دڵەڕاوکێی بازاڕە جیهانییەکان.

## چاوەڕوانی چ پەرەسەندنێک بکەین ؟

بۆری ستراتیژیی بەسرە–حەدیسە، کە بۆ گواستنەوەی تا2.5  ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی باشوور لە ڕۆژێکدا بۆ باکوور و ڕۆژئاوا دروست دەکرێت، هێشتا یەکێکە لە گرنگترین کۆسپەکان لەبەردەم ئامانجەکانی هەمەچەشنکردنی هەناردەکردنی نەوتی عێراق.[9] بەبێ ئەم بۆرییە، گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی وڵات – کە دەکەونە باشووری پارێزگای بەسرە و نزیکەی 83%ی بەرهەمی نیشتمانی پێکدەهێنن - ناتوانن بە ئاستێکی فراواندا بگەنە ڕێڕەوەکانی هەناردەکردن لە دەریای ناوەڕاست یان دەریای سوور.

بەرەوپێشچوونی کارەکانی دروستکردنی ئەم بۆرییە (کە پێشتر پلانی بۆ دانراوە) پێمان دەڵێت کە ئایا هەوڵەکانی ئێستای عێراق بۆ هەمەچەشنکردنی هەناردەکردن دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بونیادی دروست، یان هێشتا بەهۆی کەلێنی ژێرخانی نێوان ناوچە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و ڕێڕەوە نوێکانی هەناردەکردن هەر بە سنوورداری دەمێنێتەوە.

# سەرچاوەکان

1. ConocoPhillips, ConocoPhillips Reaches Agreement Supporting Redevelopment of Producing Oil Fields in Iraq, News Release, July 17, 2026, https://www.conocophillips.com/news-media/story/conocophillips-reaches-agreement-supporting-redevelopment-of-producing-oil-fields-in-iraq/.
2. Editorial Team. "Energy Developments in Context: Chevron's Potential Entry Signals Shifting Investment Dynamics in Iraq's Upstream Sector." Iraq Energy Outlook, May 1, 2026.
3. STAFF OF IRAQ OIL REPORT. "Maarij arrested in widening corruption crackdown." JUNE 30TH, 2026. https://www.iraqoilreport.com/news/maarij-arrested-in-widening-corruption-crackdown-47862/
4. Statement. Prime Minister Office. https://pmo.iq/?article=4431
5. "PM Ali Zaidy Leads A Meeting of Security and Auditing Institution"
6. Prime Minister Office of Iraq. "المنهاج الوزاري". https://pmo.iq/?page=6
7. Prime Minister Office of Iraq. "المنهاج الوزاري". https://pmo.iq/?page=6
8. Prime Minister Office of Iraq. "المنهاج الوزاري". https://pmo.iq/?page=6
9. Haydar Karaalp and Emir Yildirim."Iraq prepares to reopen Syrian land route for oil exports to bypass Gulf." July 6, 2026.
10. Editorial Team, Iraq Energy Outlook. Energy Developments in Context: Iraq Opens Syrian Export Route to Relieve Fuel Bottlenecks. p26. Print.
11. Iraq News Agency. " Oil Ministry Launches Basra-Haditha Pipeline Project with 2.5 Million BPD Capacity." May 1, 2026. https://ina.iq/en/local/48295-oil-ministry-launches-basrahaditha-pipeline-project-with-25-million-bpd-capacity.html

AMERICAN UNIVERSITY OF IRAQ, SULAIMANI
زانكۆی ئەمریكی لە عێراق، سلێمانی | الجامعة الأمريكية في العراق، السليمانية

American University of Iraq, Sulaimani
Dhia Jafar Center for Energy and Natural Resources


ئۆفیسی سەرەکی
ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان
زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی،
بینایA، قاتی ٣، ئۆفیسی ژمارە ٣٦
مۆبایل: ٠٥٣ ٥١١ ٢٠٠٨

بۆ پەیوەندی کردن
ئیمەیڵ: MOHAMMED.HUSSEIN@AUIS.EDU.KRD
مۆبایل: ٠٧٧٠ ١٣٠ ٣١٠٥



ناوەندی ضیاء جعفر بۆ وزە و سامانە سروشتییەکان، ٢٠٢٦
هەموو مافێکی پارێزراوە

ئەو بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بڵاوبوونەتەوە گوزارشت لە بیروڕای نووسەرەکانیان دەکات و مەرج نییە ڕەنگدانەوەیەک بێت بۆ ناوەندەکە یاخود زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی.